# بەرەنگاری

ژمارە 1 | مارسی 2017

سەرنووسەر: نەبەز خالید
دەستەی نووسەران: وەلید عومەر، زەردەشت نوری
barangary2017@gmail.com

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | لەجیاتی پێشەکی: بەرەو سوبێکتی بەرەنگار... | |
| ٦ | پارادایمی چینایەتی | زەردەشت نورەدین |
| ١٥ | سیستەم و بەرەنگاری | بەختیار حمەسعید |
| ٣٣ | دەربارەی سیستەم | وەلید عومەر |
| ٤١ | دیسپلین و بەرەنگاری | نەبەز خالید |
| ٤٨ | بەرەنگاری، رووداو و دۆخی کوردستان | سەلام مارف |
| ٥٧ | شکستی بایکۆت یا شکستی مۆدیلێک لە ناڕەزایەتی | حەسەن حسێن |

لەجیاتی پێشەکی

# بەرەو سوبێکتی بەرەنگار...

چیتر ئاشکرایە کە کوردستان «بەش»ێکە لە سیستەمی سەرمایەداری. ئەمە نهێنی نیە، نهێنییەکیش کەشف نەبووە. ئەوەش هەر نهێنی نیە کە سەرمایەی کرێخۆری (ڕەیعی)، چۆنچۆنی بەدەست بۆرژوازی کوردییەوە بەتاڵان دەبرێت. کێشەکە ئەمەیە: چۆن مرۆڤێکی بەرەنگار، سوبێکتێکی بەرەنگار دروستبکرێت؟ بەبێ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و چوونە ژێر بەرپرسیارییەکەی، هەر جۆرە کەشفێکی دیکە کۆمەڵانی خەڵک بەرەو داڕووخانی زیاتر دەبات.

بەرەنگاری بۆ؟ ڕەنگە ئەم پرسیارە لەم ناوچەیەدا، کە کوردستانیش بەشێکە لێی، تاڕادەیەک وەڕزکەر بێتەبەرچاو. چونکە پاش بەهاری عەرەبی بەگشتی، و ئەوەی لە سوریا دەگوزەرێت، ئایدیای شۆڕش و بەرەنگاری زیانی گەورەی بەرکەوتووە. ڕوونتر بڵێین، ئایدیای شۆڕش کەوتۆتە بەر بەدگومانیی زیاتر. ئەمەش هەر ئەو شتەیە کە ئیمپریالیزم و ئایدۆلۆژیا لیبراڵەکەی زۆریان بەدڵە. ڕەنگە پاش هێرشە ئایدۆلۆژییەکانی بۆرژوازی سەبارەت بە ئایدیای شۆڕش لەدوای ڕووخانی کۆمۆنیزمەوە، شەڕی سوریا زەربەیەکی تر بێت کە بەر ئایدیای شۆڕش کەوتووە و بۆتە بیانووی خەڵکیش تاکو یەکسەر بڵێن: شۆڕش؟ کام؟ سوریا یان لیبیا؟ بۆیە سەیر نیە لە ناوخۆی کۆمەڵگای کوردییدا، درووشمی دەوڵەتی کوردی، وەک درووشمێکی ناسیۆنالیستی، گەرچی بۆتە جێی گاڵتەجاڕی، کەچی هەر ئیشی خۆی دەکات. وەڵامەکە لە نەستی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵکدایە: ئەمە دەسەڵاتی خۆماڵیی کوردییە و گەر بیرووخێنین، چ گەرەنتییەک هەیە نەبینە سوریا؟ واتە ئەم شەڕانە، وێڕای خزمەت بەسیستەمی جیهانیی سەرمایەداری، خزمەتیشە بە ناسیۆنالیزمی لۆکاڵیی ناوچەکە. ئایا دەبێت ئەم دۆخە ڕێ لە بووژاندنەوەی ئایدیای بەرەنگاری بگرێت؟ بیرخستنەوەی ئەوەی لە چ سیستەمێکداین، بەشێکی وەڵامەکە و بگرە هەمووشی دەداتەوە:

دیارە هەموو ئەکت و چالاکی و داهێنانی مرۆڤی ناو سیستەم، بە مەبەستی قازانجکردن ئەنجامدەدرێت. سیستەمی سەرمایەداری، مرۆڤ یان سوبێکتی تایبەت بە خۆی

بەرهەمدێنێت کە لە هەموو کردەیەکیدا جەوهەر و کۆپەیوەندیی سیستەم دەنوێنیتەوە. سوبێکت یان مرۆڤی تایبەت بە سیستەم بریتییە لە مرۆڤی ئابوری. مرۆڤی ئابوری تاکرەهەندکردن و هاوشوناسکردنی مرۆڤە لەگەڵ سیستەمدا، بەجۆریک کە سیستەم هەموو ڕەهەندەکانی تری پەراوێزدەخات و ڕەهەندی ئابوری دەکات بە سەنتەر و چەق. لێرەوە بەوە دەگەین کە جەوهەری مرۆڤی سیستەم، ئابورییە و یاسا ئابورییەکانی بازار دەیجولێنێت و ئاراستەی دەکات و بەردەوامیی پێدەبەخشێت. شتێک بە ناوی مرۆڤ و کاری مرۆڤانە کە لەڕابردوودا ئەگەر بە کەمییش هەبووبێت ئەوا لە ئێستادا نەماوە. باڵادەستیی موتڵەقی لۆژیکی سەرمایە کۆپەیوەندییەکانی سیستەم دەنوێنێتەوە و سەرلەنوێ هەموو پەیوەندییەکانی مرۆڤ دادەرێژێتەوە. مرۆڤی ئابووری "دواهەمین مرۆڤ"ـی نیچەییە کە لوتکەی نیهیلیزم و هیچگەرایی دەنوینێتەوە و هاوکات هاتنەدیی خەون و ڕوئیای لیبراڵ-دیموکراسییە لەمەڕ مرۆڤ و جیهان. مرۆڤی ئابوری مرۆڤێکی پرتووکاو و هیلاکە کە توانای ڕیسک و خەتەرکردنی نەماوە و بووە بە پاشەڕۆی بازاڕکردن. مرۆڤی ئابوری مرۆڤێکی پاسیڤ و ملکەچە کە تەنیا دەتوانێت لەسەر هێڵە دیاریکراوەکانی سیستەم بجووڵێت. مرۆڤی ئابوری زیاتر ڕۆبۆتە تاوەکو مرۆڤ بێت. ڕۆبۆتێکی بەرنامەڕێژکراو بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە بۆ سەرمایەداران.

لەئێستای سیستەمی سەرمایەدارییدا، هیرارکییەت گەیشتووە بە لوتکە و هەموو جوڵە و چالاکی و ئەکتێکی مرۆڤ، پلەبەندی و ڕیزبەندیکراوە. بەدەربڕینێکی تر هیرارکییەت گەیشتووە بە ئاستێک کە سەرەڕای جیگیربوونی مرۆڤ لەناو چینەکاندا لەناو پلە هیرارکییەکاندا جێگیرکراوە. مرۆڤی ئابووری بەرەنجامی گەشەی هیرارکییە. جیهانی ئێستا بۆ مرۆڤ، جیهانێکی نامۆکراو و دۆزەخییە. جیهانێکە کە ژیانی مرۆڤ تێیدا تەواو دژوار و سەختبووە بەجۆریک کە ژیانی مرۆڤانە و سەربەرزانە بۆی مەحاڵ بووە. ڕۆحی ئەم جیهانە نامۆبووە، بووە بە ئەژدیهایەک، چۆتە گیانی هەموانەوە و ڕۆژانە و بە هێواشی لە ڕۆحی مرۆڤانەیان دەخوات و سیخناخیان دەکات بە ڕۆحی خۆی. دواجار ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئەژدیهاکانە نەک مرۆڤەکان. ئەژدیها بەندکراوەکانی ناو سیستەم کە مرۆڤی ئابوریین. گوتاری زاڵ لەمەڕ ئەم هیرارکییە پەستێنراوە ئەوەیە کە ئەم نەزمە بە دۆخێکی سرووشتی و عەدالەتێکی ئەیستەتیکی پاساوبدرێت. دەنگی زاڵ و ڕەنگی تۆخی ئێستا ئەوە ڕادەگەیەنن و ئەوە دەنوسنەوە کە سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکان، باشترین و دواهەمین نەزمە و هیچ ئەڵتەرناتیڤێک بۆ سیستەم بوونی نییە. بەهەزاران کەناڵ و لە هەزاران ڕێگەوە ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەگەرچی ئەم سیستەمە باشترینیش نەبێت بەڵام لەمە باشتر نییە بۆیە بەناچار دەبێت قبوڵی بکەین.

ئێمە وەک بەرەنگار، لێرەوە و لەسەردەمی بەربەریزمی سەرمایەدارییدا کە ناعەدالەتی و نایەکسانی وەک تاعونێک جەستەی زەویی بۆگەنکردووە و کۆی مرۆڤایەتیی نەخۆشخستووە، لە هەناوی زەرووڕەتێکی مێژووییەوە، جارێکی تر بەیداخی ڕزگاری مرۆڤایەتی بەرزدەکەینەوە و جاڕی ئەوە دەدەین کە؛ "بەڵێ ئەڵتەرناتیڤ و بەدیل بۆ ئەم سیستەمە چەوسێنەرە هەیە" و "بەڵێ دەشێت هەموومان پێکەوە بە یەکسانی و ئازادی بژین" و "بەڵێ لە ناو مێژووی بەرەنگارییەوە ڕووبەڕووی مێژووی چەوساندنەوە دەبینەوە و بەری پێدەگرین و مێژووی بەرەنگاری کە مێژووی ڕزگاری مرۆڤایەتییە سەرپێدەخەین". لەم پنتەوە وەک زەرورەت مرۆڤی بەرەنگار لەدایک دەبێت. مرۆڤێک کە هیچی نییە جگە لە ئایدیای بەرەنگاری، کە دەبێت بە ئەکتی بەرەنگاری. مرۆڤی بەرەنگار، ئەنتیتێز و نەفیکەرەوەی مرۆڤی ئابورییە. لەهەناوی وێرانکردن و هەڵوەشاندنەوەی مرۆڤی ئابوورییەوە مرۆڤی بەرەنگار دێتەبوون و لەڕێگەی بەرەنگارییەوە سیستەم هەڵدەوەشێتەوە. بەرەنگاری دواهەمین ئایدیای ڕزگاریی دواهەمین تەسلیمنەبووی ناو سیستەمە، کە لەناوەوە سیستەمەکە دەخوات و هەرەسی پێدێنێت. مرۆڤی ناو سیستەم مرۆڤێکی بەسیستەمکراوە، کە سیستەماتیک هەموو کارە ڕۆژانەیی و پیداویستییەکانی لەناو کۆپەیوەندیی سیستەمدا جیبەجێدەکات. بەرەنگاری، هاومانای «حەکایەتی گەورە»یە. حەکایەتێک کە دەبێت پێکەوە هەموومان بەشدار بین لە سەرپێخستنیدا. مرۆڤ ئەگەر حەکایەتی گەورەی نەبێت لە جۆرەکانی تری ئاژەڵ جیانابێتەوە. حەکایەتی گەورە دروستکەر و بنیاتنەری کۆمەڵ و کۆمیونیتیی مرۆڤانەیە.

ئەم بڵاوکراوەیە، هەوڵێکە بۆ قسەکردن لەسەر سیستەم. هاوکات دروستکردنەوەی باوەڕ لەبارەی بەرەنگارییەوە. ئەوەی بڕوای بە بەرەنگاری نەبێت، ناتوانێت هەرواش بڕوا بە عەدالەت بێنێت. بەرەنگاری پێشمەرجی عەدالەتە.

ئەم باسانە بەرەنجامی گفتوگۆی هاوبەش و عەقڵێکی هاوبەشی نێوان نوسەرەکانێتی. ئیشی سیاسییش لە نیگای یەکەمدا، واتە بیرکردنەوەی هاوبەش لەسەر خەونی هاوبەش.

# پارادایمی چینایەتی

**زەردەشت نورەدین**

ئەوە ڕوونە کە لە کۆمەڵگادا، بە تەنیشت توخمە چینایەتییەکانی بینای کۆمەڵگاوە، توخمی ناچینایەتی (بەو مانایەی کە ڕاستەوخۆ ناکۆکی و ململانێ ناچینایەتییەکەی ناگەڕێتەوە بۆ کۆپەیوەندیی چینایەتی)هەیە؛ وەک جێندەر، ئیتنیک، نەژاد و دیمۆگرافیا و ...هتد. ئەم توخمانە لەناو کۆپەیوەندیی چینایەتیدا هەڵگری ناکۆکیی بەشەکی و ئەنتاگۆنیستین و بەم بۆنەشەوە ململانێ و چەوساندنەوەی جێندەری، ئتنیکی و نەژادی و... هتد حەتمی دەبێت. ئەوە باسێکی ترە کە چۆن ئەو توخمە ناچینایەتییانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبنەوە بە توخمی چینایەتیی بینای کۆمەڵگا و لە نوسینی تردا دەگەڕێینەوە سەری. بۆ ئەوەی توشی پەڕگیریی پۆستمۆدێرنیستی نەبین کە گرنگی و یەکلاکەرەوەیی پەراوێز و سەنتەر شوێنگۆڕکێ پێدەکەن و لەپەراوێزدا کاردەکەن، ئەوا دەبێت هەرلەسەرەتاوە ئەوە بخەینەڕوو کە کام لەم کۆتوخمانە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە و پشکی شێریان بەردەکەوێت لە ململانێکانی ناو کۆمەڵگادا. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت جیاوازی لە نێوان جۆرەکانی ناکۆکییدا بکەین بە گەڕانەوە بۆ کتێبی «لەبارەی ناکۆکییەوە» کە بەرهەمی ماوتسی‌تۆنگە.

ناکۆکیی سەرەکی لە کۆمەڵگای چینایەتیدا لەنێوان توخمە چینایەتییەکاندا درووستدەبێت و ناکۆکییە لاوەکییەکان لەنێوان توخمە ناچینایەتییەکاندا درووستدەبێت. لایەنی سەرەکیی ناکۆکی لە کۆمەلگای چینایەتیدا بریتییە لە توخمە چینایەتییەکان. بەم پێیەش لەم نوسینەدا پێداگری لەسەر ناکۆکیی سەرەکی دەکەین کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە لە ململانێکانی کۆمەڵگادا.

پارادایم (paradigm) بریتییە لە فراوانترین چوارچێوەی مومکین، کە هەموو تیۆر و پراکتیکی کۆمەڵگا ڕەنگرێژدەکات و شێوەی پێدەبەخشێت بەجۆرێک کە هەموو ئەکت و ئایدیایەکی بەرجەستەبوو دەبێت لەگەڵ پارادایمەکەدا تەبا بێت؛ یان لانیکەم لەگەڵیدا ناکۆکیی بنەڕەتی درووستنەکات. بەدەربڕینێکی تر پارادایم سەرجەم جیهانبینی، ستایلی ژیان، بەها، کەلتور، سیستەم، شارستانییەت، ئایدۆلۆژیا، بیروباوەڕ و کۆپەیوەندیی کۆمەڵایەتی-ئابوری-سیاسی لەخۆدەگرێت و ئاراستەیان دەکات، و بەگوێرەی پۆتانشێڵە ناوەکییەکانی خۆی ڕێکیاندەخات. پارادایم دەشێت بە "ئایدیای موتڵەق"ـی هیگڵ

بچوێنرێت کە دوا کاتیگۆرییە و هاوکات هەموو کاتیگۆرییەکانی پێش خۆی لەخۆیدا هەڵگرتووە و هەروەها دیوێکی یونیڤێرساڵ و گەردوونی و دیوێکی پارتیکولار و جوزئیی هەیە. بەم پێیەش پارادایم کۆی پرۆسەکانی مرۆڤ، چ هزری بێت یان کرداری، لەخۆیدا هەڵگرتووە و هاوکات دووبارە هەمان کۆپەیوەندی ڕێکخەری ئەو پرۆسانە، بەرهەمدێنێتەوە بۆئەوەی پارادایمەکە بەردەوام بێت.

تا ئێستا مرۆڤ دوو جۆر پارادایمی بۆ ژیان بەرهەمهێناوە و هاوکات ئەو دوو پارادایمە مرۆڤی تایبەت بە خۆیان بەرهەمهێناوە کە ئەوانیش بریتین لە؛

١- پارادایمی چینایەتی

٢- پارادایمی بێچین

پارادایمی چینایەتی کە بەدرێژایی چاخەکان ئیشی کردووە و لەسەر بنەڕەتی خاوەندارێتیی تایبەت دروستبووە کە لەڕێگەی میراتگرییەوە تۆکمە و جێگیربووە. هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تایبەت، هەڵوەشاندنەوەی پارادایمی چینایەتییە. بەڵام هەڵوەشاندنەوە، ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی میکانیکی بەمانای بنیاتنانی پارادایمی ناچینایەتی نایەت. پارادایمی چینایەتی، چەندین فۆرماسیۆنی کۆمەڵگایی وەک؛ سیستەمی کۆیلایەتی، سیستەمی فیودالیزم (دەرەبەگایەتی) و سیستەمی سەرمایەداری بەرهەمهێناوە. ئەگەرچی هەرکام لەم سیستەمانە لەڕووی شێوەی بەرهەمهێنان و کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنانەوە جیاوازن لە یەکتری بەڵام هەموویان سەر بە پارادایمی چینایەتین. کۆی هەموو پەیوەندییەکانی ناو پارادایمی چینایەتی ناتەندرووست و پاتۆلۆژیکن و چەوساندنەوە بەرهەمدەهێنن.

پارادایمی چینایەتی، کۆمەڵگای چینایەتی بەرهەمدێنێت و کۆمەڵگای چینایەتیش لە چەند چینێک پێکدێت، کە ناکۆکیی بنەڕەتییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و دواجار چینەکان لە دووبەرەی سازشهەڵنەگر و ئەنتاگۆنیستیدا چڕدەبنەوە و ململانێی چینایەتی بەرهەمدێنن. ململانێی چینایەتی یان ململانێی چینە ناکۆکەکان، لە پانتایی کۆمەڵایەتییەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ پانتایی سایکۆلۆژیای تاکەکان و بەمشێوەیە ڕق، حەسودی، ململانێی ڤیناوی و ... هتد دەبێتە ڕەهەندێکی حەتمیی دەروونی مرۆڤ کە لەپانتایی کۆمەڵایەتیدا مانیفێست دەبێت و دواجار مرۆڤ لەم پرۆسەدا نامۆدەبێت.

«چینایەتی» فروانترە لە سیستەمی سەرمایەداری و بە هەڵوەشاندنەوەی یان بە تێپەڕاندنی سیستەمی سەرمایەداری مەرج نییە چینایەتی کۆتایی پێبێت، ئەگەرچی چینایەتی بەشێکی جیانەبووەیە لە بونیادەکەی. بەم پێیەش چینایەتی، بەدرێژایی

سیستەمە جیاوازە چینایەتییەکان کاری کردووە و دواجار پارادایمێکی سەرپێخستووە. لێرەوە درک بە زەرورەتی هەڵوەستەکردن و شیکردنەوەی زیاتری پارادایمی چینایەتی دەکەین کە ڕەگ و ڕیشەی هەمەلایەنەی لە سەرخان و ژێرخاندا لەمانا فراوانەکەیدا، داکوتیوە. بەتەنیا هەڵوەشاندنەوەی ئابوریی چینایەتی، پارادایمی چینایەتی هەڵناوەشێنێتەوە ئەگەرچی مەرجێکی حەتمییەتی.

لە سیستەمی سەرمایەدارییدا چینایەتی ناتوانێت بەبێ هیرارکی بەردەوام بێت لەبەرئەوەی سەرمایە جیهانییە و لەسەرانسەری جیهاندا بەگەڕکەوتووە. بەم پێیەش پەیوەندیی هیرارکی، حەتمی دەبێت. پەیوەندییە هیرارکییەکان درێژکراوەی پەیوەندییە چینایەتییەکانن لە پانتاییە ناڕاستەوخۆ چینایەتیەکاندا. لە شوێنێکدا کە پەیوەندیی چینایەتی ڕاستەوخۆ کارناکات ئەوا هیرارکیەت کاردەکات و پەیوەندییە چینایەتییەکان دەنوێنێتەوە. بۆیە لە ئێستادا گرنگە کە شان بە شانی چینایەتی ئاماژە بە پەیوەندییە هیرارکییەکان بدەین.

هیرارکی (hierarchy) بە واتای پلەبەندیکردن و جێگیرکردنی (بەش)ـەکانی (گشت)ێک دێت بەگوێرەی سەرووتر و خوارووتر یان بەرزتر و نزمتر، و دواجار هەموو بەشەکان پەیوەند دەبنەوە بە بەرزترین ئاستی گشتەکەوە (hierarch). پەیوەندیی هیرارکی هەرەمێک درووستدەکات کە تێیدا هەموو بەشەکان بەگوێرەی تانوپۆی تایبەتی هیرارکییەکە پێگەی دیاریکراو وەردەگرن. پەیوەندییە هیرارکییەکان ئەگەرچی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بوونی هەبووە بەڵام جەوهەری مێژوویی پەیوەندییە هیرارکییەکان بە گوێرەی فۆرماسیۆنە کۆمەڵگاییەکان گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە. بۆیە تەماشاکردنی هەموو پەیوەندییە هیرارکییەکانی مێژوو بەیەک چاو سەرەڕای ئەوەی ڕوانگەیەکی میتافیزیکییە، تا سەر ئێسقان سادەکردنەوە و تێنەگەشتنە لە قوڵایی بونیادە هیرارکییەکان. ئەمەش بەمانای ئەوەی نایەت کە بونیادە هیرارکییە جیاوازەکان بەموتڵەقی پەیوەندییان بەیەکەوە نییە.

بەدەربڕینێکی تایبەت، هیرارکی بریتییە لە دوا کاتیگۆریی ئۆنتۆلۆژیای چینایەتی سەردەمی باڵادەستبوون و زاڵبوونی هەمەلایەنەی لۆژیکی سەرمایە بەشێوەیەکی یونیڤێرساڵی و گەردوونی. بەدرێژایی پارادایمی چینایەتی، پەیوەندییە چینایەتییەکان، لەناو کۆپەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی فۆرماسیۆنە جیاوازەکاندا، لە خۆنەفیکردنی بەردەوامدا بوون بەجۆرێک لەسیستەمی سەرمایەدارییدا کە دواهەمین و زاڵترین سەردەمی پارادایمی چینایەتییە، هیرارکییەت (کە لەبنەڕەتەوە جیاوازە لەپەیوەندییە هیرارکییەکانی پێشوو) پەیوەندیی نیوان چینەکان دەنوێنێتەوە — ڕاستەوخۆ و بێمیدیۆم پەیوەندییە

هیرارکییەکان ناچنەوە سەر بنکە چینایەتییەکان — ئەمە بەمانای لەناوچوون یان کاڵبوونەوەی کارای چینەکان نایەت، بەڵکو بە واتای هەڵکشانی پەیوەندیی چینایەتی دێت بۆ ئاستێک کە ڕاستەوخۆ تایبەت نییە بە ناکۆکیی خودی چینەکانەوە. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە کۆپەیوەندیی چینایەتی ئەوەندە بەشێوەیەکی کاریگەر فروانبووە کە ململانێی توخمە ناچینایەتییەکانیش دواجار لە پانتایی چینایەتیدا یەکلادەبێتەوە.

لە سەرمایەداریی دوایین و نیولیبراڵیزمدا، بە هۆی تەواو زاڵبوونی لۆژیکی سەرمایەوە، پێگەی چینەکان لە ململانێی چینەکانی نێوان کۆمەڵگاکانەوە هەڵکشاوە بۆ پێگەی وڵاتەکان وەک چینێک و ململانێی نێوان وڵاتەکان وەک ململانێی چینایەتی، ئەمەش لەلایەن ئیمپریالیزمی نوێوە پشتڕاستدەبێتەوە. ئیمپریالیزم ڕەهەندی حەتمیی سەرمایەیە. عێراق (وەک بوونێکی ژانریک کە هیچی نییە جگە لە سامانی سروشتی) بە نمونە لەم پەیوەندییەدا لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی جیهانی وەک دەوڵەت، فرۆشتنی سامانە سرووشتییەکان سەرەکیترین لینکێتی بەبازاڕی جیهانییەوە کە دەشێت وەک هێزی کاری کرێکار تەماشابکرێت. هەموو ئەمانە جۆرێکی تر لە پەویەوندیی هیرارکی دروستدەکەن کە ڕاستەوخۆ و بێمیدیۆم ناگەڕێنەوە بۆ بنکە چینایەتییەکان.

لە شیکردنەوەی مارکسییانەدا، چین ئۆبێکتێکی دانراوی پێشوەخت نییە کە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا جێگیربێت و گۆڕانی بەسەردا نەیەت، و هەروەها ستراکتۆریکی میتافیزیکیی کۆمەڵگاکان نییە. ئەمەش ناکۆک نییە لەگەڵ ئەوەی لە هەموو کۆمەڵگاکانی ناو پارادایمی چینایەتیدا یونیڤێرساڵ بێت. چین لە بنەڕەتدا پەیوەندییە نەک ئۆبیکت. پەیوەندیی نێوان دوو یان زیاتر بەرەی درووستبوو لە ئەنجامی نایەکسان دابەشبوونی سەرچاوە و هێز و ئیمکانەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەلکی ناو کۆمەڵگایەکە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنان. بەم پێیەش دەشێت بە گۆڕانی چەندێتیی نایەکسانی بەرە نایەکسانەکان، گۆڕانی چۆنییەتی و کواڵێتی بەسەر هەلومەرجی چینەکاندا بێت. ئەم گۆڕانەش زەمینە بۆ باڵادەستبوونی جۆریکی تر لە کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنان بکاتەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بەرهەمهێنانی ڕاستەوخۆوە نەبێت. ئەو کۆپەیوەندییەی لە ئێستای جیهانی سەرمایەدارییدا زاڵە، بەجۆرێک ناکۆکیی سەرەکی لە پەیوەندییە بێمیدیۆم و ڕاستەوخۆکانی چینەکانەوە گواستۆتەوە بۆ پەیوەندییە بەڕواڵەت ناچینایەتییەکان یان ناڕاستەوخۆ-چینایەتییەکان. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەو هیرارکییەی کە لە ئێستادا لۆژیکی ناوەکیی سەرمایە دەنوێنێتەوە.

بەو پێیەی مرۆڤ بە کۆمەڵ بەروبوومی پێویستی، بەرهەمهێناوە و بەرهەمیدێنێت و لە کۆمەڵدا فێری ئەزموونی ژیان دەبێت و بەگوێرەی ئەویتر کە لە کۆمەڵدا دەردەکەوێت،

ئاگامەند دەبێت و دواجار بەکۆمەڵ دەژی ئەوا بوونی کۆمەڵایەتییە. بەدەربڕینێکی تر چۆنیەتی و کواڵێتیی ژیانی مرۆڤ، ژیانێکی کۆمەڵانەیە لەبەرئەوەی مرۆڤ لەبنەڕەتدا، بوونێکی کۆمەڵایەتی-مێژوویی هەیە. ئەگەر هایدگەر وتەنی، زمان ماڵی بوون بێت، ئەوا زمان بەجەوهەر کۆمەڵیيانە و دەستەجەمعییە. کەواتە بوونی مرۆڤ، وەک مارکس ئاماژەی پێدا بوونێکی کۆمەڵایەتییە و بەگوێرەی پەیوەندیی نێوان ژێرخان و سەرخان لە ڕێرەوی مێژووییدا، لە چوارچێوەی پارادایمی چینایەتیدا درووستبووە. بەم پێیەش ئۆنتۆلۆژیای مرۆڤ، دەبێتە ئۆنتۆلۆژیای چینایەتی و ئەمەش بوونی کۆمەڵایەتیی چینایەتی بۆ مرۆڤ بەرهەمدێنێت.

پەیوەندیی نێوان <u>پارادایمی چینایەتی</u> و <u>ئۆنتۆلۆژیای چینایەتیی بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ</u>، پەیوەندییەکی دیالەکتیکی و مێژووییە. پارادایمی چینایەتی وەک «گشت» و ئۆنتۆلۆژیای چینایەتیی بوونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ وەک «بەش»، بەشێوەیەکی دوولایەنە یەکتری بەرهەمدێننەوە. پەیوەندیی نێوان «گشت» و «بەش» پەیوەندییەکی دیالەکتیکییە نەک میکانیکی. واتە گشت بە تەنیا بریتی نییە لە کۆی سەرجەم «بەش»ـەکان، بەڵکو «بەش» لە گشتدا دواشوناس و دواشێوە وەردەگرێت و «گشت»ـیش لەڕێگەی «بەش»ـەکانەوە ناوەڕۆکە ناوەکییەکەی خۆی دەنوێنێتەوە و لە «بەش»ـەکاندا بەتەواوی خۆی ئەوکچواڵ و بیلفعل دەکات. بەم پێیەش دەتوانین بڵێین شارستانییەت، شارستانییەتێکی چینایەتییە و بوونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤیش بوونێکی چینایەتییە، ئەمەش دەرەنجامی ئەوە بووە کە «تا ئێستا مێژووی کۆمەڵگاکان، مێژووی ململانێی چینایەتییە».

دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی پارادایمی چینایەتیدا، باشتر لە تورەبوون و هەڵچوونی تیۆری و هزری، بیریار و فەیلەسوفە ڕەخنەگرەکانی وەک نیچە و فرۆید لەمەڕ مرۆڤ، مێژوو، کەلتوور، ئەخلاق، شارستانییەت و .... هتد تێبگەین. ئەگەرچی ئەوان لەم ڕەهەندەوە نەیانڕوانییوە بەڵام دواجار دەبێت هەموو ئەو ڕەخنە ڕادیکاڵانە بخرێنەوە سەر بنکە مادییەکانیان کە ئەویش بریتییە لە «بوون لە پارادایمی چینایەتی»دا. نیچە دەڵێت: «مرۆڤە باشەکان، هەرگیز حەقیقەت ناڵێن. [مرۆڤە] باشەکان کەنارە درۆیینەکانی دەریا و ئاسودەیی و ئاسایشی درۆیینەیان فێرکردن. ئێوە لەناو درۆکانی مرۆڤە باشەکاندا لەدایکبوون و پارێزران [و بەردەوامبوون]». مرۆڤی باش، لە ڕوانگەی نیچەوە ئەو مرۆڤەیە کە تەنیا دەتوانێت لە ڕێگەی ئەخلاقەوە بوونی هەبێت و بە ئەخلاقەوە باش دەبێت واتە تەنیا بوونێکی ئەخلاقیی هەیە. باشبوون یان ئەخلاقیبوون لە پارادایمی چینایەتیدا گەورەترین درۆیە، لەبەرئەوەی ئەخلاق لەسەر بنەڕەتی سەرکوتکردنی ئەنتاگۆنیزم و ململانێی چینایەتی هاتۆتەبوون و ئەمەش ڕوونە کە <u>ئایدۆلۆژیای چینی</u>

حاکم ئەخلاقیبوونی وەک تاکە بوونی باڵا بەسەر مرۆڤدا سەپاندووە. لێرەدا دەبێت چەمکاندنی نیچە لە مەڕ دابەشکردنی ئەخلاق بۆ ئەخلاقی ئاغا و ئەخلاقی کۆیلە هەڵبوەشێنینەوە و بە جۆرێکی تر دایبرێژینەوە. ئەوەی کە ئەو پێیدەڵێت ئەخلاقی ئاغا و بەرگرییلێدەکات لە واقیعدا بوونی نییە و لە پارادایمی چینایەتیدا ناتوانێت ئەکچواڵ بێت و لەسەر ئاستی ڕیتۆریک دەمێنێتەوە و هەروەها ئەوەی پێیدەڵێت ئەخلاقی کۆیلە، ئەو ئەخلاقەیە کە لە پارادایمی چینایەتیدا بەهۆی خاوەندارێتیی تایبەتەوە هاتۆتەبوون و لەڕێگەی چینی باڵادەستەوە بەسەر چینەکانی تردا سەپاوە بۆ ئەوەی چاوی ئاگایی چینەکانی خوارەوە لە ئاستی ئەو حەقیقەتەدا دابخەن کە جیاوازیی چینایەتی بوونی هەیە.

سارتەر ئاماژەی بەوەدا لە جیهانێکدا کە بونیادەکەی بە شێوەیەکی نائەخلاقی هەڵچنراوە، ناکرێت بە مرۆڤ بڵێی ئەخلاقی بە، لەبەرئەوەی ئەخلاقیبوون ناهێڵێت بەرانبەر ئەو جیهانە یاخی ببیت و لەدژی شۆڕش بکەیت و ئاوەژووی بکەیتەوە. بەدەربڕینێکی تر لە پارادایمی چینایەتیدا، لەبەرئەوەی ئۆنتۆلۆژیای مرۆڤ، ئۆنتۆلۆژیای چینایەتییە و لەسەر ئەنتاگۆنیزم و ململانێی چینایەتی هاتۆتەپێکهاتن و بوونی مرۆڤ بووە بە «بوون-لە-پارادایمی چینایەتی»دا، ئەوا ئەخلاقیبوون واتە سەپاندنی سازش و تەبایی ساختە بەسەر ئەو چینانەی کە ناکۆکیی بنەڕەتییان لەگەڵ یەکتر هەیە بە ژێرخستنی چینەکانی خوارەوە و ڕازیکردنیان بەو دۆخە و ئەوەش لوتکەی کۆنەپارێزییە. ئەمەش ئەوەمان بیردێنێتەوە کە خواردنی ژەهر لەلایەن سوقراتەوە لەمەڕ جێبەجێکردنی یاسای وڵات-شار کە ئۆبێکتیڤبوونی ئەخلاقە، کارێکی کۆنەپارێزانە بووە. ئەگەر مارکسییەکی وەک ستالین، لە جێگەی سوقرات بوایە ئەوا هەڵدەهات و لەدژی ئەو سیستەمە یاخی دەبوو و شۆڕشی دەکرد وەکچۆن ئەوەشی کرد لەسەروبەندی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا کاتێک لە زیندان بوو.

کۆی فەلسەفەی نیچە بەبێ‌ئەوەی ئاگای لێبێت شیکردنەوەی پارادایمی چینایەتییە لە ڕێگەی چەمکاندنی تایبەت بەخۆیەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو ناتوانێت ئاسۆی چینایەتی تێپەڕێنێت و بەجۆرێک تێیدا قەتیسدەبێت لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی واقیعی، ئەڵتەرناتیڤی پارادایمی چینایەتیی پێ نییە. هەرچەندە باش ئەوە دەزانێت کە لەگەڵ ئەودا شتێکی نوێ لەدایکدەبێت کە ئەویش هەڵوەشاندنەوەی هەموو بەهاکانی پارادایمی چینایەتییە بەشێوەیەکی تیۆری، کە لە ئاستی ڕیتۆریکدا دەمێنێتەوە و ئەمەش ترسناکە خۆی ئاماژەی پێدەدات «ئەو حەقیقەتەی کە من باسی دەکەم ترسناکە؛ لەبەرئەوەی تا ئێستا درۆیان بە حەقیقەت ناوزەد کردووە ... بەم پێیەش یەکەم کەس بووم کە درۆم وەک درۆ ئەزموون کرد». کەواتە کۆی ژیان و بەهاکانی ناو پارادایمی چینایەتی هەڵەیە

کە بە حەقیقەت ناوزەدکراوە و ئەخلاقیش شاکۆڵەکەی ئەو بەهایانەیە و درۆیەکی گەورەی چینی باڵادەستە بۆ هێشتنەوەی دۆخەکە بەو جۆرەی کە هەیە.

شکستی هەموو دینەکان و دامەزراوە مەدەنییەکانی شارستانیەت لەم پنتەدا دەردەکەوێت کە لە پارادایمی چینایەتیدا، مرۆڤ ناتوانێت لەڕێگەی ئەخلاقەوە بگات بە ڕزگاری، و ناتوانێت لە چەوساندنەوە و ستەم ڕزگاری بێت. کاری خێرخوازی و هاریکاریکردن و هاوسۆزی و میهرەبانی ناتوانێت مرۆڤ لە ململانێی چینایەتی ڕزگاربکات و ناتوانێت ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا چارەسەربکات. مرۆڤ لەڕێگەی ئاشتەوایی ساختەوە ناتوانێت ئاسودەبێت و بگات بە بەختەوەری. مرۆڤ لەڕێگەی زیادکردنی تۆلێرانس و مرۆڤدۆستییەوە ناتوانێت لە چەوساندنەوە و ستەم دەربازی بێت و بگات بە ڕزگاریی مرۆڤایەتی. ئەوەی بەشێوەیەکی واقیعی مرۆڤ ڕزگاردەکات لە هەموو فۆرمەکانی چەوساندنەوە و ستەم تەنیا ئاواکردنی جیهانێکی بێچین و کۆمەڵگای بێچینە کە ئەمەش بە واتای ئەوە دێت لە ڕووی ماتریاڵییەوە ئەو هەلومەرجە بۆ تاکەکان دەڕەخسێت کە بتوانن پابەندی ئەخلاقی یونڤێرساڵی بن.

ئەوەی فرۆید لە کتێبی «شارستانیەت و نیگەرانییەکانی»دا تیشک دەخاتە سەری ئەوەیە کە بۆچی بۆ مرۆڤ زۆر سەختە بەختەوەر بێت؟ و لەوێدا سێ هۆکار دەخاتەڕوو؛ لاوازیی جەستە، زاڵبوونی سرووشت و پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ یەکدی. هۆکاری سێیەم جێگەی بایەخی فرۆیدە لەبەرئەوەی مرۆڤ بە باشی لە دووانەکەی یەکەم تێدەگات و دەزانێت بەرانبەر بە سروشت لاوازە بەڵام ئەوەی کە مرۆڤ نیگەران دەکات و ڕووبەڕووی خەم و پەژارەی دەکاتەوە ئەوەیە کە بۆچی پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ یەکتر کە خۆمان دروستی دەکەین نیگەرانمان بکات و ئازارمان بدات و ڕێگر بێت لەبەردەم بەختەوەریی ئێمەدا. لێرەوەیە کە شارستانیەت وەک بەرهەمێکی مرۆڤ دەبێتە جێگەی سەرنج و بایەخی فرۆید بۆ دەروونشیکاری. لە دەروونشیکارییدا، مرۆڤ بۆ گەیشتن بە چێژ کە ئامانجی ژیانێتی، دەبێت پاڵنەرەکانی خۆی هاوسەنگبکات واتە ئارەزوو و پێداویستییەکانی بهێنێتەدی و ئەم کارەش تەنیا لەڕێگەی ژیانی بە کۆمەڵەوە دەڕەخسێت. ژیانی بەکۆمەڵ، کۆپەیوەندیی کۆمەڵایەتی دروستدەکات کە تاک دەبێت ملی پێبدات بۆئەوەی لە کۆمەڵدا جێگەی بێتەوە و بتوانێت پاڵنەرەکانی هاوسەنگبکات. بەم پێیەش بەدیهاتنی مەیل و پێداویستییەکانی مرۆڤ بەهۆی کۆپەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە سنوردار دەبێت و ئەم ململانێیەش لە شارستانیەتدا مانیفێستدەبێت. فرۆید بەمە دەڵێت نائاسودەیی و نیگەرانییەکانی شارستانییەت.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەموو ئەو شارستانییەتانەی کە ئێستا هەن، هەموویان

شارستانیەتی چینایەتین واتە شارستانیەتێکن کە لەسەر ململانێی چینایەتی و ناکۆکیی بنەڕەتیی چینەکان بەدرێژایی مێژوو و لە مێژوودا دروستبوون. کەواتە ئەو کۆپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەش کە فرۆید ئاماژەی پێدەدات چینایەتییە و هاوکات لەگەڵ شارستانییەتدا لە پارادایمی چینایەتیدا هاتۆتەپێکهاتن. ئەمەش بەشێوەی دیالەکتیکی ڕەنگدانەوەی لەسەر سایکۆلۆژیای مرۆڤ دەبێت و سایکۆلۆژیای مرۆڤ فۆرمێکی چینایەتی وەردەگرێت. لە ڕێگەی ژاک لاکانەوە ئەمە پشتڕاستدەبێتەوە بەوەی کە: دەروون دەخاتە دەرەوەی مرۆڤەوە، واتە دەیباتە پانتایی زمانەوە کە لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت. کەواتە بە هەڵوەشاندنەوەی پارادایمی چینایەتی، ئۆنتۆلۆژیای چینایەتی و سایکۆلۆژیای چینایەتی مرۆڤ هەڵدەوەشێتەوە و تۆپۆگرافیی دەرونشیکاری مرۆڤ گۆڕانکاریی ڕادیکاڵی بەسەردا دێت و دواجار مرۆڤێکی نوێ لە پارادایمێکی نوێدا لەدایکدەبێت.

۲- پارادایمی بێچین

ئەو هەموو بەرەنگاری و ڕاپەڕین و شۆڕشانەی کە لە مێژوودا کراون و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات تێیاندا ڕوویداوە، نەبوونە هۆی ئەوەی پارادایمی چینایەتی هەڵوەشێننەوە و دیسان خۆیان هەمان شتیان بەرهەمهێنایەوە. بۆ نمونە، تەنانەت ئەگەر شۆڕشی کۆیلەکان بە سەرکردایەتیی سپارتاکوسیش سەرکەوتنی بەدەستبهێنایە ئەوا سپارتاکۆس دەبووە قەیسەری ڕۆم و هەمان سیستەمی کۆیلایەتی بەرهەمدەهێناوە. لەبەرئەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی واقیعی و تەندرووست بۆ هەڵوەشاندنەوەی پارادایمی چینایەتی نەهاتبووەئاراوە. ئەوە تەنیا لەگەڵ مارکس و ئەنگڵسدایە کە بەشێوەیەکی زانستی ئەڵتەرناتیڤێکی واقیعی و تەندرووست بۆ هەڵوەشاندنەوەی پاردایمی چینایەتی تیۆریزە دەبێت و پارادایمێکی بێچین لەڕووی تیۆرییەوە سەرپێ دەخەن. و لەسەر ئاستی پراکتیکی هەرکام لە کۆمۆنەی ١٨٧١ـی پاریس و شۆڕشی ١٩١٧ـەی ڕوسیا و سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٤٩ـی چین، نمونەی تەواونەکراوی جێبەجێکردنی پارادایمی بێچین بوون.

پاش تێپەڕینی دوو سێ سەدە بەسەر جێبەجێکردنی پارادایمی بێچیندا، ئۆنتۆلۆژیای بێچین بۆ مرۆڤ دروستدەبێت و بە تەواوی مرۆڤێکی نوێ لە جیهانێکی بێچیندا لەدایکدەبێت. گەورەترین ئاسۆی ماتریاڵیستی بۆ ڕزگاریی کۆی مرۆڤایەتی لە هەموو فۆرمەکانی چەوساندنەوە و ستەمکردن، ئاواکردنی جیهانێکی بێچینە کە لەڕێگەی پراکتیزەکردنی پارادایمی بێچینەوە دێتەپێکهاتن. ئێستا ئێمە لەڕووی مێژوویی و هەلەومەرجی ماتریاڵیی مرۆڤەوە لە ئاست و پێگەیەکداین کە دەتوانین پارادایمی بێچین سەرپێ بخەین. بەڵام ئەم کارە دەشێت سەختترین کردە و ئەکت بێت کە دەستی

پێبکەین لەبەرئەوەی هەموو جیهانی چینایەتی بە هەموو توانایەوە و لەسەر هەموو ئاستێک بەرەوڕوومان دەبێتەوە و سەرکوتمان دەکات و بەرکەوتن شتێکی حەتمییە. ئەوەی گرنگە بۆ هەموو مرۆڤێک ئەوەیە کە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەی بکەیتەوە کە ئایا دەیەوێت کۆتایی بە هەموو فۆرمەکانی چەوساندنەوە و ستەم بێنێت یان نا؟ لەبەرئەوەی ئێستا ئەو ئەگەرە مومکینە کە جیهانێکی بێچین بونیات بنێین. ئەمە دەبێت ببێتە حەکایەتی گەورەی هەموومان و کۆمەڵ و کۆمۆنیتی و جڤاتمان بۆ درووستبکات و ئێمە بە ئاراستەی ڕزگاری کۆی مرۆڤایەتی مۆبۆلیزە و ساز و ئامادە بکات. ئەمەش بە سیاسەتی حەقیقەت دەکرێت، سیاسەتێک کە کۆمەڵانی خەڵک چەقەکەی بن نەک نوخبەی سیاسی.

# سیستەم و بەرەنگاری

بەختیار حمەسعید

*بۆچی لەبارەی سیستەمەوە دەدوێین؟

ڕەنگبێت یەکێک لە دژوارییەکانی دنیای ئەمڕۆ ناسین و تێگەیشتن بێ لەو کۆمەڵگا جیهانییە هاوچەرخەی ئێستا تیایدا دەژین، ئەوەی کە پێشتر چۆن هاتووین و ئێستا بەکوێ گەیشتووین و داهاتوو چۆن دەبێت، بەبەردەوامی، چ وەک تاک و چ وەک کۆ، یەکێک لە خولیاکانمانە. بۆ ئەوەی لەم دژوارییە دەربچین بژاردەیەکی سەرەکی لەبەردەمماندایە: پەنابردن بۆ جیهانبینییە گشتیەکان، دەستبردن بۆ ئەو چەمکە گشتییانەی کە وەک پەنجەرەیەکی بچوک، لەڕێگەیەوە بۆ دنیایەکی گەورەتر و فراوانتر بڕوانین، ئەو چەمک و وشە پەتیکراوانەی بەهۆیانەوە چاڵ و چۆڵییەکان و دۆڵە باریکەکان دەبڕین و لە بەرزاییەکانەوە بۆ دیمەنێکی گشتگیرتر دەڕوانین.

لەم بارەیەوە چەمکی سیستەم و سیستەمی جیهانی باو یەکێک لە چەمکە سەرەکییە یارمەتیدەرەکانە. یارمەتیدەرە چونکە دەکرێت چەمک و ئایدیاکانی ترمان لەبارەی بەش و پێکهاتەکانەوە لەژێر چەتری ئەم چەمکەدا جێگیربکەین و وەک میتۆدێک بەکاریبهێنین بۆ خستنەڕوو، هەروەها ڕوونکردنەوەی جیهانبینییەکی هاوچەرخی نوێ. هەڵبەت گەشەکردنی بیروهزر و ژیرمەندییش بەشوێنێک گەیشتووە تێگەیشتن لەچەمکە گشتگیرەکان ئاسانتر و یارمەتیدەرە بەراورد بە ڕابردوو.

وەک دەسپێک دەشێ ئەوە باسبکەین کە ئێمە ئێستا، لەتەواوی دنیادا، بەدامەزراندنی یەک سیستەم گەیشتووین، یەک چوارچێوە و بونیادی فراوان پێکهاتووە کە کۆی پەیوەندییە مرۆییەکان لەکۆمەڵگا جیاوازەکاندا، کۆی بونیاد و دامەزراوە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکانیان، کۆی ستایلی ژیان و فۆرمی ژیانکردن و نەریت و کردارو ئاکاریان و.....تاد لەخۆدەگرێت.

سیستەم هەم چوارچێوەیەکی گشتی و هەم ژێرخانی هاوبەشی گشت کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆیە، بونیادەکەی گشت بونیادەکانی تری لەخۆگرتووە، وەک (گشت)ێک زاڵە بەسەر هەموو بەشەکانیدا و هاوکات ڕۆحی کۆی سیستەمۆکەکانی ترە، کە دەشێ ناکۆکی و

ناتەبایی و ناهارمۆنی لەئارادابێت بەڵام نابێت جەوهەری و بنەڕەتی بێت.

بەم مانایەش سیستەم هەم گشتەکییە (کلی) و هەم بەشەکی (جزئی)، گشتەکییە چونکە توانای لەخۆگرتن و هەڵگرتنی کۆی بەشەکانی هەیە و بەشەکییشە چونکە لەهەموو بەشێکدا خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە و مۆری خۆی لێدەدات و لەڕێگەیەوە دەردەکەوێت، هەروەها هیچ بەشێک ناتوانێت بەش بێ ئەگەر بەدیوێکیدا گشت لەخۆنەگرێت.

بەو پێیە ئێمە ئێستا لەهەموو گۆشە و کەنارێکی دنیای گلۆباڵدا لەچوارچێوەی یەک سیستەمداین، جیاوازییەکان بەشەکی و لاوەکی، ڕۆحی سیستەم و بونیادەکەی گشتی و بنەڕەتیی.

ڕەنگبێت کەسێک لەبری چەمکی سیستەم چەمکی «کۆمەڵگای جیهانی»، گلۆباڵ و .....تاد بەکاربێنێت و بەگونجاوتری بزانێت، بەڵام ئەم چەمکانە دەرکەوتەیەک لە دەرکەوتەکانی سیستەم پیشاندەدەن و کۆی دەرکەوتەکانی لەخۆناگرن، هەروەها کەمتر سرووشتی سیستەماتیکیی سیستەمی باو دەخەنەڕوو، لەڕێگەیانەوە بونیادیکی تێکسمڕاو، وەک یەک بونیادی گشتی بەهەژموون و زاڵ بەسەر بونیادەکانی تردا نیشان نادرێت.

مانای سیستەم چەند ئاستێک ئەبستراکتترە لە چەمک و واتای کۆمەڵگا، بەو مانایە دێت کە ئێمە گەیشتووین بە فۆرمێکی نوێ لە کۆمەڵگا کە بە سیستەم بووە، دیزاینێکی زیرەکانە و پرۆگرامکراو، کۆنترۆڵکراو، بەبونیادێکی قووچەکی و هەرەمی و تۆڕبەندییەکی تۆکمە و تەنراو.

هەڵبەت دەربارەی مرۆییبوون یان نەبوونی سیستەمی باو، هارمۆنیبوون و پارادۆکسەکانی دواتر قسەدەکەین، بەڵام وەک دەسپێک گەیشتنی کۆمەڵگای جیهانی و شارستانیەتی هاوچەرخ بەم فۆرمەی ئێستا لە سیستەمی باو دەرەنجامێکی پۆزەتیڤ نیە، هەر بۆیە لێرەدا چەمکی سیستەمی باو بە بارە نێگەتیڤەکەیدا وەردەگرین، ناسین و دیاریکردنی هەوڵێک نیە بۆ چوونەناو هەمان سیستەمی باو، بۆ وەرگرتنی کۆدەکانی سەرکەوتن بەسەر نەردەوان و پلەبەندییەکانیدا، بۆ گەیشتن بە نووکی هەرەمەکەی، بەڵکو هەوڵێکە بۆ شکاندنی پنتەکانی، پساندنی تەوقەکانی، تێکشکانی ڕادیکاڵانەی بونیادەکەی، دڕاندنی تەون و تێکدانی ڕایەڵ و پۆکانی، بڕینی ئەو ڕەگانەی لێیانەوە وزە و ئینێرژیی وەردەگرێت.

چەمکی سیستەمی باو یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە بەرزترین خاڵی بینینی کۆی ئەو دیمەنە ترسناک و سامناکەی تیایدا دەژین، تا لێیەوە ئەوە ببینین کە چ ڕۆژگارێک و چ ڕەوەند و ڕەهەندێک مرۆڤ و کۆمەڵگا جیاوازەکانی گەیاند بەمرۆ.

ئەوەش بوترێت کە هێشتا سیستەمی باو جۆرێکە لە تەلیسم، هەوڵە تیۆرییەکان، کردار و شۆڕشەکان، گۆڕانکارییە گەورەکان، .....تاد لە دەرگای ئەو تەلیسمەیان داوە بەڵام تێکڕا دەرگای تەلیسمەکەیان نەشکاندووە، بگرە بەشێکی زۆریان، جیا لە نیەت و خولیا و ئارەزووی خاوەنەکانی و پارادایمەکانیان، دیسانەوە بەکاربراونەتەوە لە پرۆسەی دامەزراندن و سەقامگیرکردنی پنتەکانیدا.

بۆ وەرگرتنی کۆدەکانی ئەو تەلیسمە تەنها سەرچاوەیەک و ترێندێک بەس نیە، سۆسیۆلۆژیا، ئابووریناسی، دەروونشیکاری و لقەجیاوازەکانی، زانستەکان، فیزیکی هاوچەرخ، ئەنسرۆبۆلۆجیا، زماننناسی، زانستی سیاسی، ئیکۆلۆژی، ئاکار و زماننناسی، ئەزمونە گەورەکانی شۆڕش و بەرەنگاری، ....... تاد ئەمانە هەریەکەیان، لەڕووی فیکری و تیۆری و ئەزموونەوە، هەڵبەت یەکێکیان لەوی تر زیاتر، توانیویانە بگەن بەدیمەنێکی دیاریکراو، پارچەیەک و پەزڵێک و کۆدێک بدۆزنەوە، کە ئەگەر بەتەنها بیانگرین، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کۆدەکان و پەزڵەکان زۆرن و لێرەو لەوێن، گومڕاکەرن، بەڵام گەر پێکەوە و بەشارەزایی و کارامەیی و هەوڵی تیمکارانە کۆبکرێنەوەو لەیەکبدرێن دەگەین بە شکاندنی تەلیسمەکە و تێگەیشتن لە کۆی دیمەنی سیستەمی باو.

هەڵبەت دەستکەوتنی کۆد و کۆکردنەوەی پەزڵەکان، بە میتۆدی دیالەکتیکی و ماتماتیکیی باڵا نەک بە میتۆدی میکانیکی و بیرکاری سادە، لەناو ئۆقیانوسێک لەبەرهەمی تیۆری و پراکتیکی و ئەزموونی جیاوازدا، کارێکی دژوار و سەخت دێتەبەرچاو، بەڵام سەرەڕای دژوارییەکەی، کارەکە دەکرێ و کردەنییە، و خستنەڕووشی لەچوارچێوەی یەک هێڵی تیۆریی پاندا بنەڕەتی و جەوهەرییە، و دەشێ لەئەزموونی گراند تیۆری (Grand Theory)، کەلەسەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەفۆرمی جیاواز دەستپێکردووە، کەڵک وەربگیرێت.

*مرۆڤ و سیستمی باو

وەکچۆن ئاینەکان، لە هەموو بۆنەکاندا، هەمیشە چیرۆکی درووستبوونی یەکەمین مرۆڤ (ئادەم) لەلایەن خوداوە دەگێڕنەوە، ئاواش دەبێ هەمیشە چیرۆکە گەورەکەی درووستبوونی «مرۆڤی سیستەم»، تەلیسمە گەورەکەی ژیانی هاوچەرخمان، لەلایەن ئەم سیستەمەوە بگێڕینەوە، ئەو جۆرە »مرۆڤەی» بووە بەتاکە شوناسی هاوچەرخ بۆ مرۆڤایەتیی ئەمڕۆ.

هەڵبەت لێرەدا، لە وتارێکی کورتدا، ناکرێ هەمەلایەنە ئەو چیرۆکە بخەینەڕوو، بەڵام ئەوە دەخەینەڕوو کە ئەم سیستەمە لەپرۆسەیەکدا مرۆڤی خۆی، نەک لە قوڕ، بەڵکو لەئاگر بەرهەمهێنا، شوناسێکی نوێی پێبەخشی و ئاڵایەکی نوێی دایە دەستی

کە بە «ئاڵای مافەکانی مرۆڤ» ناودەبرێت، کۆمەڵە مافێک کە بەڕواڵەت ئەزەلی و یونیڤیرساڵ و کۆسمۆپۆلیتیکن وەلێ لەبنەڕەتدا لەقاڵبدانی بۆرژواییانەی مافە سەرەکی و یونیڤێرساڵەکانن و کراون بەشوناس بۆ «مرۆڤێکی نوێ»، و بەقاڵبێک بۆ ساغکردنەوەی «مرۆڤی ئابووری» (Homo Economicus). پیرۆزترین مافەکانی ئەم دەقە مافی "خاوەندارێتیی تایبەتی" بوو وەک جیاکردنەوەی مرۆڤ لەسەر بنەمای موڵکایەتی و دابەشکردنی بۆ دارا و نەدار، "یەکسانی" بوو وەک هاوتاکردنی نایەکسانیی مرۆڤەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی لە تەرازووی یاساکاندا، مافی "هاوڵاتیبوون" بوو وەک نەفیکردنەوە و داماڵینی شوناسی مرۆییبوون و جیاکردنەوەیان لەسەر بنەمای نەتەوە و ڕەگەز و هەڵچنینی دیوار و پەرژینە نەتەوەیی و ڕەگەزییەکان لەنێوانیاندا، وەک زیندانیکردن لەچوارچێوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و هەڵچنینی دیوارە سنورییەکان و سیمە دڕکاویەکان بۆ پاراستنیان، مافی .......تاد.

ئێستا ڕۆحە ئاگراوییەکەی ئەم جۆرە لە"مرۆڤ" لە هەموو یاساکان و دەستور و ئاینەکاندایە، تەنانەت ڕەگی بەمێژووی دێرینیشدا چۆتەخوارەوە، بەچەندین پاشگر و پێشگرەوە ناوی دەهێنرێت بۆ کەمکردن یان زیادکردنی ماف و ئازادییەکانی، مرۆڤی ئەوروپی مافی لە مرۆڤی ئاسیایی زیاترە، مرۆڤی ئەمریکی لە ئەفریقی، مرۆڤی هندۆسی لە مرۆڤی موسڵمان و مرۆڤی عەرەبیی موسڵمان لەمرۆڤی کورد و مرۆڤی جولەکە لە مرۆڤی فەلەستینی و مرۆڤی سپی لە مرۆڤی ڕەش و سورپێست و .... و هەروەها.

سیستەم ئەم مۆدێل و قاڵب و شوناسە نوێیەی، لەپرۆسەیەکدا، کرد بەجێگرەوەی هەموو شوناس و دابەشبوونەکانی پێشتر لەسەر بنەمای ئاین و باوەڕ و خێڵ و ناوچە و زمان و کەلتور و ...تاد، بەزۆر و لەڕێگەی پەیوەندییە ئابورییەکانەوە، بەکەڵکوەرگرتن لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن و هەژموونی کەلتوری و یاساییکردین بەشوناسی زۆرینە.

بەڕواڵەت و لەفۆرمدا وادیارە مرۆڤێکی پێشکەوتوو و مۆدێرن و بەئیرادەو شۆڕشگێڕ بەراورد بە مرۆڤی چاخەکانی پێشوو، بەرهەمهاتووە، وەلێ لەناوەڕۆکدا گەیشتووین بەمرۆڤێکی تاکگەرا، لەڕووی بیرو مێنتاڵ و ئاکارو بەهاوە مرۆڤێکی خۆپەرست (ئیگۆتیست) و تاکڕەو (ئیندیڤیجوالیست)، خۆسەپێن و دەسەڵاتخوازو قازانجپەرست، خۆخۆر و کانیباڵ.

هەروەها ئازادی نا بەڵکو پەرستن بەشێکە لە شوناسەکەی، بۆیە سیستەمی باو تەوتەمیزمێکی کاڵایی نوێی بۆ بەرهەمهێناوە و کۆمەڵگای هاوچەرخی بۆ کردووە بەپەرستگایەکی گەورە، هەموو کون و قوژبنێکی فتیش و پەرستگایە، ئەو ئەگەر خۆی

نەپەرستێت مرۆڤێکی تر (لەچەشنی فۆرمی ئەستێرەکان و ئایدڵەکان)، یان کاڵایەک دەپەرستێت لە شێوەی تەوتەمێکی نوێدا، ئەو هۆش و بیری بۆ ڕزگاربوون لە پەرستن نیە، بەڵکو بۆ ڕۆچوون و داچوونە بەناو قووڵایی پەرستندا، مەسرەفگەراییەکەی بەشێکە لە نەریتی پەرستنەکەی.

هەروەها یەکسانی نا بەڵکو هیرارکیەت بەشێکی تر لەشوناسەکەیەتی، ئەو بەمیکانیزم و دینامیزمی جۆراوجۆر مرۆڤەکان لێک جیادەکاتەوەو پلەبەندییان دەکات و "مرۆڤی باڵا" بەرهەمدەهێنێت، باڵا نەک بەمانا نیچەییەکەی، بەڵکو لەڕووی بەها و ماف و ژیانکردن و ئیمتیازاتەوە باڵاتربوون بەرهەمدەهێنێت، بەهای دەسکرد و درۆیینەیان بۆ دەتاشێت تا لە کەسانی تر باڵاتر دەربکەون، ئەمەش بەفۆرمی جۆراوجۆر بەرهەمدەهێنرێت لە بوار و سێکتەر و بەشی جیاوازدا، هەروەک ئەمڕۆ لە فۆرمی ئایدڵەکان و ستارەکان و سەرۆک و ....تاد دەبینرێن.

لەم ڕووەوە مێژووی هاوچەرخ تەنها لە فۆرمدا مێژوویەکی نوێیە، وەلێ لەبنەڕەتدا درێژکراوەی، بەڵام بەبارێکی خراپتردا، دڕندەیی پێشووە، دەمەزەردکردنەوە و بەکاربردن و بەرهەمهێنانەوەی دڕندەیی و بەربەرییەتە وەک سیما و بەشێکی گرنگ لە شوناسەکەی. ئەگەر مرۆڤی هاوچەرخ چەند دیوو و چەندڕوو بێت ئەوە دڕندەیی و بەربەریبوون ڕوویەک و دیوە سەرەکییەکەیەتی، لەهەر کارەسات و ڕووداوێکی گەورەدا، وەک زەقترین و دزێوترین ڕوو، خۆی نمایشدەکات، وەک نمایشی "زۆمبی"بوونی سیستەم و بەرهەمهێنانی مرۆڤە زۆمبییەکان لەهەناویدا.

ڕەنگبێت جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم، جەنگ بۆ یەکترقڕکردن و جینۆسایدکردن و جەنگە بەردەوامەکانی ئێستاش نمونەیەکی زیندوون تابزانین لەکێڵگەی سیستەمدا چ جۆرە مرۆڤێک چێنراوە و بەرهەمدێت و بەردەوام بە ڤێرژنێکی خراپتر، وەک کاڵایەکی خراپتر، سیستەم بەرهەمیدەهێنێتەوە.

بەڵام ئەگەر چیرۆکی دروستبوونی ئادەم خاڵی نەبوو لەیاخیبوون و تووڕەیی، بەهەمان شێوە یاخیبوون و بەرگری، و هەروەها بەرەنگاری بۆ قبووڵنەکردنی ئەم شوناسە، دەستگرتن بەشوناسی پێشوو، یان هەوڵدان بۆ گەیشتن بە شوناسێکی جێگرەوە بەشێکی تری ئەو چیرۆکەیە و هاوپرۆسەیەتی، بەشێکی زۆری پەرچەکردارە و بەشێکی تری هەوڵە بۆ دەستپێکردنەوەیەکی نوێ.

ئەم هەوڵانە لەئێستاشدا بەردەوامن، سرووشتی نامرۆیی سیستەمی باو، ناکۆکی لەگەڵ ژیانی زۆرینەدا، نامۆبوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و لەگەڵ کۆمەڵگاکەی، چەوسانەوە و قڕکردن، هەڵاواردن و ستەم و نادادپەروەری، پیربوونی سیستەم، 24

کاتژمێری قەیرانەکانی .....تاد گورو تینی زیاتر بەو هەوڵانە دەبەخشن.

*بونیادی چینایەتی و هیرارکیی سیستەمی باو

سیستەمی باو، لە پرۆسەی گەشەی بونیادی چینایەتی کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا، پەرەسەندووترین بونیادی چینایەتی و هیرارکیی بەرهەمهێنا، یەک بونیادی جیهانی کە تیایدا مرۆڤەکان، جگە لە دابەشبوونیان بەسەر چینەکاندا، لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا، هاوشێوەی «شەریعەتی مانو»، پلەبەندیکراون، لەقاڵبدراون، پلەکان و پێگەکانیان بووە بە پێوەر بۆ بەها و ناسنامە و ماف و ئازادییەکانیان.

ئەم پرۆسەیە، واتە دابەشکردن و پلەبەندیکردنی مرۆڤەکان و بەرهەمهێنانی مرۆڤی باڵا و هیرارکیەتی کۆمەڵایەتی، بوو بە ژێرخان بۆ پێکهێنانی بونیادێکی چینایەتی و قووچەکی و هیرارکیی نوێ، بەیەک سەنتراڵیزمی تۆکمە و جێگیرەوە لە نوکی هەرەمەکەیدا، دواتریش ئەم بونیادە بوو وەک ماستەرپلانی زیرەکانەی گشت کۆمەڵە مرۆییەکان ساغبووەوە، بوو بەدیزاین و ڕەنگڕێژی بۆ هەر کۆمەڵگایەک کەبیەوێت نوێ بێت، یان خۆی نۆژەنبکاتەوە، یان هەر کۆمەڵگایەک کە بە شێوەیەکی نوێ دابمەزرێت، لەچەشنی ئەو شارە دەیان ملیۆن کەسییانەی لەماوەی یەک دەیە یان دوو دەیەدا لە «چین» دروستدەکرێن.

ئەم بونیادە لە پرۆسەیەکدا فرەیی و هەمەچەشنی لە کەلتور، لە بونیاد، لە ڕەگەز، لە نەریت و ... تێپەڕکرد، هەرچی جیاوازییەکانی پێشووە لەنێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵەکاندا لەڕواڵەتدا ماون، لە ماکدا بوون بەیەک، بەکورتی لەڕوانگەی ئەنتۆلۆژیەوە یەکبوونییەک بەدیهاتووە، کە ئەویش بوونە لەچوارچێوەی سیستەمی باودا.

هەروەها ئەم بونیادە، لە پرۆسەی گۆڕینی مرۆڤە باڵاکانی خۆیدا بۆ چینی سەردەست، گەیشتووە بە بەرهەمهێنانی ئیلیتێکی ئێجگار دەوڵەمەند و دارا کە لەڕووی ژمارەوە، بەتایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، تا هاتووە کەمبۆتەوە و تابێت کەمتریش دەبێتەوە، ئیلیتێکی چاوچنوک و ستەمکار کەهاوکات لەگەڵ ئەوەی لەکۆمەڵگە جیابۆتەوە، وەک پێشتر سەرەوەی کۆمەڵگای نەگرتووە، بەڵکو شارۆچکە و سیتی و کۆمەڵگەی بچوکتر و تایبەتتری بۆ خۆی پێکهێناوە و لەچوارچێوەیاندا دەژی، هاوکات خاوەن توانایەکی زۆر زیاترە، بەراورد بە چینە ستەمکارەکانی پێش خۆی، بۆ ستەمکاری و پاوانکاری و خۆسەپاندن و مۆنۆپۆلیزەکردن.

هەرچی زۆرینەی مرۆڤەکانە لەم بونیادەدا لە چوارچێوەی پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا پەستێنراون، سیستەم جیاوازییە بایۆلۆژییەکان و کاردابەشکردنی لەپرۆسەی کار و

پرۆسەی بیروهزردا کردووە بە پاساو و بنەما بۆ هەڵتۆقینی هیرارکیەتێکی قووچەکی و دامەزراوەیی، بۆ پلەبەندیی ئاسۆیی و شاقوڵی لە بونیادی دەسەڵاتدارێتیدا، هەروەها پیکهێنانی جیاوازی لەپێگە و لە مافدا. ئەو هیرارکیەتە بونیادییە تانوپۆی کۆمەڵگای کردووە بە پەیژە و نەردەوان، مرۆڤەکان بە دار و پلەکانی، سەرکەوتن بەسەر نەردەوانەکانی سیستەمدا سەرکەوتنە بە سەر مل و سەر و دەستوپێی ئەویتردا، لەهەموو ئاستەکاندا، هاوشێوەی گەمە ئەلیکترۆنییەکان، تەڵەیەک و نهێنیەک و کۆدێک هەیە بۆ سەرکەوتن و بردنەوە. ئەم بونیادە ژیانی سادەی مرۆڤەکانی کردووە بە بارمتەی تۆڕبەندییەکی ئاڵۆز و چنراو، چاوگێک بۆ بارگرانی و توندبوونەوە و گرژیی دەروونی، تا ئەو ئاستەی زۆرینەیان بۆ وەڵامدانەوەی سادەترین پێداویستیی سەرەکیی ژیانیان ئەوپەڕی ماندوێتی و ناڕەحەتی دەکێشن، سیستەم دەرگا هەڵکشاوەکانی بۆ ڕکابەریی و ململانێی توند و کوژەر بۆ خستوونەتە سەرپشت بۆ سەرکەوتن و جێگۆڕکێی پلەو پێگەکان و هەڵکشان لەسەر شان و ملی یەکتر بۆ بڕینی پلەبەندی و پێپلیکانەکانی.

لەڕێگەی ئەم بونیادەوە سیستەم ڕۆحی خۆی کردووە بە ڕۆحی گشتی، سۆبێکت لە پێشبڕکێیەکی نەبڕاوەدان بۆ گەیشتنەوە بەو، بۆ هەڵگرتنی ڕۆحەکەی و هەڵکشان بۆ ئاسمانەکەی، هەرچی کۆمەڵگا جیاوازەکانە بەهەمان شێوەی سۆبێکت لەچوارچێوەی هیرارکیەتێکی کۆمەڵگەییدا پەستێنراون، ناچارکراون لە ڕکابەرییەکی نەپساوەدا بن تا کامیان لەپێش ئەوی تردا ڕۆحی سیستەم بکات بەبەری خۆیدا، لەوی تر پێشبکەوێت، یان دەست بە ئاستی پێشکەوتنەکەیەوە بگرێت، خۆی نوێ و پیشەسازی بکاتەوە، بگات بە دەوڵەت یان بونیادی دەوڵەتەکەی بەهێزتربکات لە دەوڵەتی ڕکابەر، تەکنیک و تەکنەلۆژیاکەی لەوەی ڕکابەرەکەی بەهێزتر و کاریگەرتربێت، چەک و جبەخانەکانی لەوی دی ئاگراویتر و تۆقێنەرتر و کۆمەڵکوژتربێت و ....تاد.

ئەم هیرارکیەتە تاکگەرا و کۆمەڵگەرایە نوێیە لەمەودایەکی گەورەتردا بووە بەپشتیوان و پاڵپشت بۆ مانەوەو هێزپێدانی دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگاو نوێکردنەوەو سەرلەنوێ بوژانەوەی.

جگە لەهیرارکیەت سەنترالیزم و هەرەمیەت بەشێکن لە بونیادی سیستەمی باو، تەواوی بونیاد و فۆرماسیۆنە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتورییەکان بەمجۆرە ساغبوونەتەوە و ڕێکخراون، هەروەها دەسەڵات و دەوڵەتی باو ئەم بونیادە هەرەمی و قووچەکی و سەنتراڵییەی کردووە بەماڵی خۆی، فۆرمێکی لە دەوڵەت ساغکردۆتەوە لەگەڵ پێکهات و میکانیزم و دینامیزمی بونیادەکە و بەشە جیاوازەکان و سێکتەرەکانیدا بگونجێت و تەبا بێت.

ئاراستەی سیستەم لەماوەی ڕابردوودا، وەک بەشێک لە کۆمابوونی سامان و دەسەڵات لە بونیادەکەیدا، بە ئاراستەی سەنترالّیزمێکی ڕەها و هەوسارپچڕاودا بووە، و بەشێوەی جیاواز لەفۆرمی دەوڵەتەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکان و دامەزراوە مۆنۆپۆلەکاندا لەچەشنی بانکەکان و ڕێکخراوەکانی تردا خۆی نمایشکردووە، بەتایبەتی پاش گەیشتن بەقۆناغی نیولیبرالّیزم، ئەو ئاراستە ڕەها و (تۆتالیتارە) بووە بەیەکێک لە کێشە و پارادۆکسە بنەڕەتییەکانی سیستەمی باو، تا ئەو ڕادەیەی لە زۆر شوێنی دنیادا، لەوانەش لە ئەمریکا، بووە بەئاستەنگی و ڕێگری جدی لەبەردەم فەنکشنی خۆیدا، و بەجۆرێک گەڕانەوەیەک دەبینرێت بۆ «هاوبەشێتی»و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ڕەهای کۆمپانیاو بانک و دامەزراوە زەبەلاحە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، کە دەشێ ئەمە وەک جۆرێک لە خۆڕێکخستنەوە و چاکسازی لە بونیادی سیستەمدا تەماشابکرێت.

هەرچۆنێک سیستەمەکە بونیادەکەی ڕێکبخاتەوە ماک و جەوهەری یەک شتە، سەرەنجام بونیادەکەی چینایەتی و هیرارکییە و لە تۆپ و لوتکەیدا بڕیار لەدەستی کەمایەتییەکی کەمدایەو ستەم و چەوسانەوەو هەڵاواردن و توندوتیژی و هەژموونی و هۆشبەری شێوەیەکی بونیادی و دامەزراوەیی و یاسایی وەرگرتووەو لەفۆرمێکی سیستەماتیک و پرۆگرامکراودا بەڕێوەدەچێت.

جگە لە ئاراستەی سیستەم بۆ سەنترالّیزمی ڕەها، بونیادی سیستەم پشت بە هەژمونی و کۆنترۆڵکردنی ڕەهاش دەبەستێت، و ئەوە بەشێکە لە میکانیزم و دینامیزمە ناوەکییەکەی، مرۆڤەکان لەم سیستەمەدا بەکۆنترۆڵی دوور و نزیک ڕامکراون، هەروەها کۆنترۆڵی ڕەهای بیر و هۆش و هزریان بەشێکی دانەبڕاوە لە بونیادەکەی، پەنابردن بۆ تەکنیکی گێژکردن و بەنجکردن و هۆشبەری بووە بەشێوەی سەرەکیی بەڕێوەبردن و هەژمونیکردن و ژیانکردنی سیستەمی باو. تا ئەو ئاستەی ٤٢ کاژێر ئەفیونی هۆش و هزر بەرهەمدەهێنێت و سۆبێکت هەرجارەی بەجۆرێک و بە فۆرمێک و بەستایلێک پێی بەنج دەبێ و هۆشی دەبرێ.

*سیستەم وەک بونیادی گشتی

کاتێک باسی بونیادی سیستەم دەکەین «کۆ»یەکمان لەبەرچاوە، بونیادێکی زەبەلاح دەبینین کە تەنها لە بونیادە ئابوری یان سیاسیەکەیدا کورتنابێتەوە، ئەو زیاتر لە بونیادێکە، بەمانایەکی تر پڕە لە بونیادۆکە و کۆبونیاد، بەڵام نەک کۆیەکی میکانیکی، بەڵکو وەک چۆنایەتیەکی نوێ.

گرنگیی باسکردن و ڕاڤەکردن و تێگەیشتن لە کۆبونیاد یان بونیادی گشتیی سیستەم

لەوەدایە کە زۆربەی جیهانبینی و تێڕوانینە باوەکان دووچاری گرفتی سادەگەرایی و کورتبینی و یەکچاوی بوون، یەک بونیاد بە گشت و ژێرخان وەردەگرن و ئەوانی تر بەپاشکۆ و لاوەکی، لەوەش مەترسیدارتر نیە سیستەم تەنها لەبونیادیکدا لە چەشنی دەسەڵاتی سیاسیی باو یان دەوڵەتدا کورتبکرێتەوە، یان بکرێت بە هاوتای بونیادە ئابورییەکە، ڕەنگ بێت دەربڕینی "کۆمەڵگای سەرمایەداری" کە بەزۆری لەلایەن چەپی سونەتیەوە، بەهەموو ترێند و ڕەوتەکانیەوە، بەکاردەبرێت، بەشێک بێت لەم گرفتە، کورتکردنەوەیەک بێت بۆ بونیادە ئابورییەکە و لەم حاڵەتەشدا گەیشتن بەئابوریگەرایی (ئیکۆنۆمیزم) هەم درێژکراوەیەکی لۆژیکیەتی و هەم ناچارییەکە.

هەرچەند مارکسیزم وەک ڕێباز و ترێندێکی سەرەکیی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی، هەر لەسەرەتاوە باشترین دیدگا و پەرلی بۆ تێگەیشتن لە سیستەم دیزاینکردووە، بەڵام ئەو ڕاڤەکردنە لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی سەدوپەنجا ساڵی ڕابردوودا نوێکردنەوە و دەمەزەردکردنەوە دەخوازێت، ئێستای سیستەم لەکۆمەڵگای سەرمایەداری کلاسیک ناچێت، بەو چاویلەکەیەوە سەیری بکەین تەنها چەند دیوێک و چەند دیمەنێکی دەبینین، دەگەین بەڕاڤەکردنێکی سادە و تێگەیشتنێکی کورت لە سیستەمی باو بەتایبەتی لەپەیوەند بە بونیادە سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکەیەوە.

تەنانەت خودی چەمکی "سەرمایەداری" کە زیاتر وەک دەبڕینێک بۆ بونیادێکی ئابوری ساغبۆتەوە، بۆ قۆناغێک کە تیایدا سەرمایەداری هێشتا نەگەیشتبوو بە فۆرمی سیستەمێکی جیهانیی چڕ و ئاڵۆز و هیرارکی- قووچەکی بە سەنترالیزمێکی ڕەها و ئیلیتۆکراسیەکی ستەمکاری تەواو عەیارەوە، ئێستا بەجۆرێک پاشگر و پێشگرێک دەخوازێت و نۆژەنکردنەوەی دەوێت.

*قەیرانی بونیادی سیستەم : قەیرانی دواییەنەهاتوو

سیستەمی باو لەبری ئەوەی هەر ماوەجارێک تووشی قەیران بێت، قەیرانی بەردەوام و هەمیشەیی بووە بەبەشێک لە بونیادەکەی. ئەگەر پێشتر قەیران بۆ ماوەیەک تەنها جومگەیەک یان بونیادێکی ئابوری یان سیاسیی دەگرتەوە، یان چەند بەشێکی دەگرتەوەو بەشەکانی تر پارێزراوبوون، ئێستا قەیرانەکان بوون بەقەیرانی بونیادی و نەک هەر جومگەیەک لە جومگەکان بەڵکو کۆی سیستەمەکە دەگرێتەوە، نەک بە تەنها قەیرانی سێکتەری ئابوری، ژینگەیی و ئیکۆلۆژی، سیاسی، کەلتوری و کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو فرەڕەهەند و بونیادی و گشتگیرە، بۆیە بەپێچەوانەی قەیرانەکانی سەرەتا کە کاتی و بەشەکی و بڕگەیی هەبوو، سرووشتی قەیرانەکانی ئەمڕۆ سرووشتێکی هەمیشەیی و گشتی و بەردەوامیان هەیە.

ئەم دۆخە تازەیە بۆ سیستەم دووفاقییەکی درووستکردووە، لە ڕوویەکەوە هێز و توانایەکی زیاتری داوەتێ بۆ کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی قەیران و هێورکردنەوە، لەڕوویەکی ترەوە بژاردەکانی لەو بوارەدا کەمترکردۆتەوە. چونکە بەشێوەیەکی هەمیشەییتر و درێژخایەنتر، لە مەنجەڵێکی گەورەتردا قەیرانەکانی دەکوڵێنێت، هێز و بڕست لە کۆی جەستەی دەبڕێت، تا ئەو ئەندازەیەی تێپەڕکردن و بەرەنگاربوونەوە و ڕزگاربوون لە قەیرانی دوایینەهاتوو(infinite) تەنها بەتێپەڕکردنی یەکجاریی کۆی سیستەمەکە لەتوانادایە..

قەیرانی سیستەم قەیرانی بەشەکان و بونیادۆکەکانی نیە لەگەڵ یەکتر، بەڵکو کۆقەیرانە، قەیرانی کۆی بونیادەکەیە، بەڵام ئەم قەیرانە خود بەخود سیستەم لەنێونابات، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە دەژی و هەوا وەردەگرێت، بەهۆی قەیرانەوە دەتوانێ فەنکشن بکات و ڕۆحی قەیراناویی خۆی ڕابگرێت، ناکۆکی و پێکدادانی فۆرماسیۆنە جیاوازەکانی کۆنترۆڵبکات و پەککەوتنی لەبوارێکدا بەهەستانەوە لەبوارێکی تردا پڕبکاتەوە.. لەبەرئەوە سەرەڕای جیاوازی لە بونیادۆکە و سیستەمۆکەکانی تا ئاستی پێکدادان و بەریەککەوتن و یەکترپچڕین، ئەو بەهۆی قەیرانسازییەوە دەتوانێت هارمۆنیەتی بپارێزێت، پارادۆکسەکانی چارەسەربکات و بومەلەرزەکانی تێپەڕێنێت و بەپێوە ڕابوەستێت، ستایڵی ژیانی مەمرەو مەژی بکات بە تاکە بژاردەی زۆرینە.

ئەزموونی نیولیبراڵیزم لەچەند دەیەی ڕابردوودا، ئەگەر بەدیوێکیدا شکست بوو لە گەیشتن بە سیستەمێکی ئایدیاڵ، پارادایمێکی نوێ و ئایدیاڵ بۆ سەرمایەداریی هاوچەرخ تا ئەو ڕادەیەی خەریکە وەک ڕێبازێک و سیاسەتێکی دیاریکراو لەلایەن بەڕێوەبەرانیشیەوە وەلادەنرێت و بەفۆرمی سیاسیی تر جێگەی دەگیرێتەوە (ترامپ و بریکست و ڕەوتە ڕاستڕەو و دەوڵەتگەراکان و ...)، ئەوە بەدیوێکی تردا نیشانەدەری شکستی تەواوی هەر سیاسەت و ڕێبازێکی سیاسی، ئابوری، کەلتورییە و.... تاد بۆ تێپەڕکردنی سرووشتی لەدوانەهاتووی قەیرانە سیستماتیکەکانی. ئێستا سیستەم ناچارە، ئەگەر تەنانەت وەک "بیابانی حەقیقەت"یش بێت ئەو سرووشتە زگماکییەی خۆی قبووڵبکات و لەبری خەونە ئایدیاڵیەکان پەنا بۆ خۆگونجاندن ببات، ئەگەر پێویستی کرد ئایدیاڵەکانی خۆی بە دیوار و سیمە دڕکاوییەکانی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگاکاندا هەڵواسێت و دەمامکەکانی فڕێبدات.

هەروەها سرووشتی بونیادی قەیرانەکانی سیستەمی باو ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەو نەک هەر "کۆمەڵگایەکی کراوە" نیە وەک کارل پۆپەر و هاوەڵەکانی ئاماژەیان پێدابوو، بەڵکو قەیرانەکان پێچاوپێچی سیستەمێکی حەلەزۆنیی داخراون، ئەو دەرگا لەدوای دەرگا

لەسەر خۆی کلۆم دەکات، خۆی بووە بەدوژمنی خۆی، ملی ڕێگای خۆکوژیی گرتۆتەبەر و مێخی لەسەر دڵی خۆی چەقاندووە، زیادەڕەوی نابێت ئەگەر بڵێین گەورەترین چیرۆکی خۆکوژیی ئەم سەردەمە چیرۆکی هەزار و یەک شەوەی خۆکوژیی سیستەمی باوە، و بەشێک لە پێویستیی ناسینەکەی تێگەیشتنە لە میکانیزم و دینامیزمە خۆکوژییەکەی.

*سیستەم و بەرەنگاری

بۆ بەرەنگاریی سیستەمی باو لەکوێوە و بەچی و چۆن دەستپێبکەین گرنگترین پرسیارگەلی ئەمڕۆمانە، چونکە لێرەوەیە شوناسێکی جیا وەردەگرین. سەرەنجام بەرگریکردن، لەڕوانگەی جۆراوجۆرەوە، چ لەڕێگەی دەستگرتن بە شوناسە کۆنەکانەوە یان بۆ هێنانەدی شوناسێکی تێکەڵاو خۆری ئاوابوو، دەسپێک بەرەنگاری و دەستڕاگەیشتنە بە شوناسێکی جێگرەوە.

هەڵبەت شوناسی سیستەمی باو، شیاوی چین و کەمایەتی و ئیلیتی دەسەڵاتدارە و لەناکۆکی و پارداۆکسی بنەڕەتیدایە لەگەڵ ژیان و ڕۆحی زۆرینەی مرۆڤەکاندا، زۆرینە ناتوانێت ئەو شوناسە وەربگرێت وەلێ وەک تەوق دەکرێتە ملی و وەک مۆر دەنرێت بە ناوچاویەوە.

بۆ ئەوکەسەی مافی هەیە دارا بێت و موڵکایەتیی هەبێت و بەکردەوە ناتوانێت و سیستەم ڕێگای پێ نادات هیچی هەبێ یان تەنها دەتوانێ بەشێکی زۆر چکۆلەی بەرکەوێت، ئازادە هەموو شتێک بخوات بەڵام لە ژیانێکی مەمرە و مەژی زیاتری پێ نابڕێت، مافی هەیە و ئازادە کاربکات بەڵام هیچ کارێک نیە بیکات و تەنها فۆرمێکی بەردەست «کاری بەکرێ»یە بۆ دابینکردنی بژێوی، بۆ زۆرینەی ئەو لاوانەی ستایلێک لە ستانداردی بەهەشتئاسای ژیان نیشانیان دەدرێت و وەک مرۆڤێکی بێکار و زێدە دانیشتوان لە دۆزەخدا ڕاگیراون، بۆ...... تاد بۆ هەموو ئەوانە ناکۆکی شوناسی سیستەم لەگەڵ ژیانی زۆرینەدا لە لوتکەدایە.

هەر پرۆژەیەک یان هەوڵێک بۆ کامڵکردنی ئەو شوناسە لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە، چارەسەری کەموکوڕیەکانی، دەستپێوەگرتنی بۆ گۆڕینی، تەواوکردن و قووڵکردنەوەی ماک و ناوەڕۆکی، یان بانگەشەی هەوڵێکی هاوشێوەی نوێ بۆ شوناسسازی لەهەمان سیستەم و لەڕێگەی هەمان سیستەمەوە {لەچەشنی یەکسانی یاسایی بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتی، یان ئازادی ساختە بۆ ئازادیی ڕاستەقینە، دیموکراسیی بۆرژوازی بۆ دیموکراسیی پرۆلیتاری یان گەلی یان خەڵکی، یان زیادکردنی مافگەلێکی تری ئابوری و سیاسی بۆ تێکستە سەرەکییەکەی مافی مرۆڤ، یان لابردنی لەڕووی فۆرمەوە و

دەستپێکردنی هەوڵێکی هاوشێوە بە ڕۆحێکی نیچەیی، هەروەها بەدیوێکی تردا نازی و فاشی، لەئێستاشدا سلۆتەردایکی، یان ڕەتکردنەوەی نیهیلیستیی تێکستەکە و ڕاگەیاندنی مەرگی مرۆڤ لەلایەن پۆستمۆدێرنەکانەوە .....} زیاتر پەرچەکردارە، ئەگەر بایەخێکیان هەبێ لەچوارچێوەی سیستەمی باودا هەیەتی نەک وەک ڕێگایەک بۆ گەڕانەوە یان دەستڕاگەیشتن بەشوناسێکی مرۆیی نوێ، لەوەش زیاتر مەرجی یەکەمی بەهرەمەندبوون لە شوناسێکی نوێ بەرەنگاری و تێپەڕکردن و جێگرتنەوەی شوناسی سیستەم و شوناسە هاوشێوەکانێتی.

وانە و ئەزموونەکانی ڕابردووی بەرگری و بەرەنگاری لە کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا پێمان دەڵێت سیستەمی باوی ئەمڕۆ بە ڕەتکردنەوەی زارەکی و مەراسیمی سوێندخواردن و دروشمبازی و خۆپاکردنەوە و خۆهەڵکێشان لە ئاوی پیرۆز و ئایدیالیزەکردنی پارادیمەکان تێناپەڕێنرێت، بە پەلاماردانی پنتێک و گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی و هێشتنەوەی پنت و بونیادەکانی تری سیستەم بەئەنجام ناگات، بە خۆبواردن لە ستایلی ژیانی سیستەم و سوچگیری و خۆپەراوێزخستن و عیرفان و سۆفیگەری و یاخیبوون و بژاردەی تاکگەرا نەفی ناکرێتەوە، سەرەڕای بایەخ و گرنگیی ئەوانەش لەپەیوەند بەژیانی تاک و کۆمەڵەکان و تێپەڕکردنی بەشەکی سیستەمەوە.

هەروەها بەرەنگاریی سیستەم تەنها لەڕێگەی سۆبێکت، وە گۆڕینی تاک و ئەکت و ئاکاری ئەو، هەروەها درووستکردنی کۆمەڵە تاکگەراکان ناکرێت، چون ئانارشیزمی باو بەرەنگاری تا ئاستی تاک و ئاکسیۆن و یاخیبوونەکانی و کۆمەڵە تاکگەرا و لەسیستەم دەرچووەکان و پەراوێزکەوتووەکان بچوکدەکاتەوە، یان «خەباتی چینایەتی» و کرێکاری، وەک فۆرمێک لە بەرەنگاریی سیستەمی باو، سنورداردەکات بەفۆرمێکی ئانارکۆ-سەندیکالیستی، بەبێ ئەوەی ئەو فۆرم و دەرکەوتانە بگەن بە بەرەنگارییەکی کۆمەڵایەتی تا ئاستی پێشکەشکردنی ئەلتەرناتیڤی سیستەماتیک بۆ سیستەمی باو، بۆیە دواجار دەچێتەوە خانەی بەرگری لەسیستەمی باو و ناتوانێ تێپەڕی بکات.

هەرچی چەپی کۆمۆنیستی نەریتی و کلاسیکە، بەرەنگاری دژەسیستەمی سنوردارکردووە بە «خەباتی چینایەتی»کرێکاری، کە لە هەندێک فۆرمدا گەیشتووە بە کرێکارگەرایی یان ئابوریگەرایی، یاخود کورتیکردۆتەوە بۆ خەباتێکی حیزبی و ڕامیاریی ڕووت، دژی بونیادۆکەیەک یان بەشێک لە سیستەم، بەشێکی زۆری گۆڕاوە و بووە بەپارچەیەک لە پارچەکانی سیستەمی باو، بەتایبەت بەشێک لە بونیادی دەوڵەت و دەسەڵاتە سیاسیەکەی و سروشتە دەسەڵاتخوازیەکەی، یان بەشێک لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی لە فۆرمی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی دژدا، ئۆپۆزسیۆنێک کە دژە، بەڵام بێشوناس و

بێبەدیلە.

کاتی ئەوەیە خاڵ دابنرێت و بچینەوە سەری دێڕ. وەک سەرەتاش دەکرێ بڵێین کە دەسپێکی بەرەنگاری شوناسێکی مرۆیی نوێیە، گۆڕینی ژیانکردن وەیان ستایڵی ژیانی سۆبێکتە، شێوەی کارکردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانێتی، ئاکار و نەریتەکانی ژیانێتی، گۆڕینی هەر ئێستای مێنتاڵیتی و ڕۆحی گشتیی سیستەمی باوە بە مێنتاڵیتیەکی جێگرەوە کە شیاوی شوناسی مرۆیی بێت. ئەمە کارێکە هەر ئێستا دەکرێت، لە هەموو سێکتەرێکدا بەکردار دەردێت، لەهەموو کون و قوژبنێکدا تادەگات بەپانتایی کۆمەڵگاکان لە سیستەمی باودا. لە هەر جێگایەک مرۆڤ هەبێت، پەیوەندیی نێوانیان هەبێت، ئەوە دەکرێ و دەبێ و لەتوانادایە. بەرەنگارییەکی فرەڕەهەند تائاستی گۆڕانکاری لەمرۆڤ خۆی و گۆڕینی ستایڵ و پارادایمی ژیانکردنی نەک تەنها گۆشەیەک یان ئاکارێک لەئاکارەکانی، نەک تێپەڕکردنی بەشێک و قبوڵکردنی کۆی بەشەکانی تر، یان ڕەتکردنەوەی بەشێک و بەرهەمهێنانەوەی بە فۆرمێکی نوێ بە هەمان ڕۆحی سیستەمی باو..

بەڵام ئەو کارەی سەرەوە هێشتا ڕۆحە گشتییەکەیە، لە پراکتیکدا لەگەڵ دژواری بەرەوڕووە، چونکە سیستەمی باو بۆیە دەتوانێت بژی و لەکاردا بێ (فەنکشن بکا)، سەرەڕای ئەو نەهامەتییانەی بەسەر مرۆڤایەتیی هێناوە، لەبەرئەوەی، تاڕادەیەکی زۆر، توانیویەتی یاخیبوونی زۆرینە ڕامبکات، ڕۆحی خۆی بکات بە ڕۆحی ئەوان، هەژمونەکەی لەوەدایە ئەوانی بەو باوەڕە گەیاندووە، و بەردەوام بەرهەمیدەهێنێتەوە، کە ژیانی باو پێشکەوتن و دەسکەوتێکە، تاکە ستایڵی ئاساییبوون و ژیانکردنە، درێژکراوەی مێژووە، نوێنەری ڕۆحی زیندووی مرۆڤایەتییە و کۆتاییەکانە، .......تاد، و بەم مانایانە و بەپێی ئەم واتایانە زۆرینە پێی ڕازییە، قبوڵیکردووە، یان دۆخێکی پێکهێناوە کە ئەوە بە تاکە ستایڵ و دوادەسکەوت و دواهەمین پێشکەوتن قبووڵ بکەن، ئەگەر گۆڕانگاریەک پێویست بێ ئەوە بەشەکی، برگەیی و پەیوەستە بەفۆرمی ژیانەوە لەهەمان سیستمدا نەک لەدەرەوەی. ئەمە نهێنی و کۆدی سەرەکی مانەوەیەتی، رامکردن و باوەڕپێهێنانی مرۆڤ بەوەی کەئەو تاکە ئەلتەرناتیڤە.

بەرەنگاری ئەگەر ئەو «پاژنەی ئاخیل»ی سیستەم نیشانەبگرێت دەتوانێت ڕەگی ژیانی ببڕێت. سیستەمی باو، سەرەڕای ئەوەی بونیادێکی گەورە و زەبەلاحە، بەڵام هاوکات ئەژدیهای حەوتسەر و عەداری ئەفسانەیی نیە، بە تێگەیشتن لە کۆدی مانەوەی و بەسادەترین ئەکتی دژ و جێگرەوە، بەو مەرجەی پۆتانشێڵی دژ و جێگرتنەوەی تیابێت، بونیاد و بەرگری لەشی تێکدەشکێت، پنتەکانی دەلەقێت و هارمۆنیەتی تێکدەچێت و

پارادۆکسەکانی وەک بلّق دەتەقێتەوە.

ئایدیا و باوەڕی بەرەنگاری و تێگەیشتن لە کۆدی مانەوەی سیستەمی باو باشترین دەسپێکە بۆ بنیاتنانی ئیرادەی بەرەنگاری، لێرەشدا ڕۆڵی ئایدیا و باوەڕ زووم دەکەین چون بە وتەی باو «باوەڕ هێزەو کێو لەبن دێنێت»، یان «جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانە تیۆرێکی شۆڕشگێڕانەی دەوێت»، هەر لەبەرئەوە گرنگە وەک بەشێک لە شوناسی بنەڕەتیی خۆمان بۆ دژایەتیی سیستەمی باو بیناسێنین.

بەڵام ئایدیا و باوەڕی بەرەنگاری ئەکت و هێزی بەرەنگاری دەخوازێت، دیسانەوە ئەوە سۆبێکتی بەرەنگاری نوێیە بە ئایدیا و مۆد و پارادایمی خۆیەوە کە هەردووک دەکات بە پراکسیسی بەرەنگاری. ئەو پراکسیسەی بەپێی سرووشتی خۆی خۆبەرهەمهێن و هێزساز و هێزهەڵخرێنە.

هەرچەند ئەکت و پراکسیسی بەرەنگاری دژی سیستەمی باو تا ئاستی گەیشتن بە سیستەمێکی جێگرەوە پرۆسەیەکی دەوێت، بەڵام درووستکردنی ڕۆحی بەرەنگاری، ئیرادە و پراکسیسی بەرەنگارانە لەسەر ئاستی سۆبێکت و ئایدیا و باوەڕ، کارێکی هەر ئێستاییە و دەکرێ و دەبێ، چون ئازادی تاک بەئازادی کۆمەڵگاوە نەبەستراوەتەوە، پرۆسەی پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ وە تادەگات بەشێلانەوەی کۆی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، و هەروەها پێکهێنانی کۆمەڵە بەرەنگارەکان و ...تاد دەتوانێت دەسپێک بێت و پەیوەست نیە بەتێکدانی کۆی بونیادی سیستەمی باوەوە.

جگە لەوەش بەرەنگاری شتێکی هەمەلایەنە و فرەڕەهەندە، کۆخەباتە، سەنتێزی یەکگرتنەوەی خەباتی چینایەتی و خەباتی کرێکاری و جەماوەری، خەبات دژی ستەم و هەڵاواردن و پلەبەندی و هیرارکیەت و ئیلیتیزم و سەرجەم فۆرمەکانی تری خەباتە بە ئاسۆی دژەسیستەم و دەستڕاگەیشتن بە جێگرەوەی. هەر لەپرۆسەی بەرەنگاری کۆی سیستەمی باودایە کە بەرەنگاری دەسەڵاتی سیاسی و گۆڕینی بونیادی دەسەڵات، کورتکراوە لە حکومەت و پارلەمان و سوپا و .....تاد، تەنها دەتوانێت و دەبێ درێژکراوەی هەنگاوەکان بێت بۆ ڕووخانی کۆی سیستەم و هەڵتەکاندن و لەگرێژنەدەرهێنانی بونیادە چینایەتی و هیرارکیەکەی.

دواجار هێزی سەرەکیی بەرەنگاری هێزێکی گەنجانەیە، چون سیستەمی باو بەهەموو مانایەک پیربووە، تا ئەو ڕادەیەی گەنجانی وەک هێزگەلێکی بێشومار فرێداوەتە پەراوێزەوە، وەک زێدە و زەخیرە و دیسپۆزەبڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، تا ئەو ئاستەی زۆریان لەم سیستەمەدا هیچ شک نابەن، بەزنجیری کۆیلەتی کاری بەکرێیشەوە، لەدەستی بدەن.

کوردستان: سیستەمی باو، ئاسۆی بەرەنگاری

مرۆڤی کورد و کۆمەڵگای کوردی لە دۆڵێکی باریکەوە، بە هەناسەسوارییەکی زۆر، بەرەو چەقی سیستەمی باو ڕۆچووە، ئەو پێشتر لەپەراوێزیدا بووە و ئێستاش وەک نابیناکان کوێرانە بەرەو چەق ملدەنێت. زۆر لەخاڵی سەرەتا دوورنەکەوتۆتەوە، هێشتا وڕ و کاسی ڕێگایە و نیشانەکانی سیستەمی لێدەرکەوتووە و بەتەواوی بەدەردە کوشندەکەی داغ نەبووە.

هەڵبەت لەم پرۆسەی چوونە ناوەوەدا کۆمەڵگای کوردی، سەرمەست بە خەون و خەیاڵی مۆدێرنیزەبوون، کەمترین بەرگریی نیشاندا، هەر بۆیە بەخێراییەکی زۆر، بەناوی پێشکەوتن و مۆدیرنیزمبوون و نەهێشتنی دواکەوتوویی، توخمە باشەکانی بەها و کەلتور و ئاکار و نەریتی پێشوو، نەریتی ژیانکردنی کۆمەڵەیی و هاوبەشێتی و بەهاو ڕەوشتی بەرز و سوارچاکیی کوردانەو....تاد جێگەی گیرایەوە بەئاکارو بەهای تاکگەرایی و چاوچنۆکی و خۆویستی و شوناسی رۆژئاوایی «مۆدێرن»و ......تاد، وە دیموکراسی و بازاڕی ئازادو مافی مرۆڤ کرا بەئاڵای جێگرتنەوەو ساغکردنەوەی. هەروەها مرۆڤی کورد، شوناس و مێنتاڵێتی و ئاکار و ژیانکردنی بەخێرایی گۆڕدرا بۆ مرۆڤی سیستەمی باو.

لەپەیوەند بە بونیادیشەوە سیستەمی لەمەڕ خۆمان، هاوشێوەی بونیادەکانی تر، وەک بونیادێکی قووچەکی و هەرەمی ساغبووەوە و خۆی ڕێکخست، هیرارکیەتی حیزبی و بنەماڵەیی و خێڵەکیی پێشوو زۆر گونجاوبوو تا ببێت بە بەشێکی گرنگ لەبونیادەکەی، چ لەسەر ئاستی ئاسۆیی و چ لەسەر ئاستی شاقوڵی، هەربۆیە لە پرۆسەیەکدا کۆی دەسەڵاتە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چینایەتی و پلەبەندی کران، تا ئەو ئاستەی کە، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی پیشەسازیی نەوت و گازی سرووشتی، هەموو دەسەڵاتەکان لە تۆپ و لوتکەی هەرەمەکەدا لەدەستی کەمینەیەکدا کۆکراوەتەوە و مۆنۆپۆڵکراوە، کەمینەیەک کە تادێت لەڕووی ژمارەیشەوە بەراوورد بە زۆرینەی خەڵکی کوردستان کەمتر و کەمتر دەبێتەوە.

سەرەڕای تەمەن کورتیەکەی سیستەمی باو، لە ماوەی ڕابردوودا، تواناکانی خۆی لە بواری گەشەی ئابوریی سەرمایەداری و کۆمابوونی سەرمایە و دەسەڵات و بەرهەمهێنانی ملیاردێرەکان و پێکهێنانی بونیادە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان، شارنشینی مۆدێرن و ... نیشاندا، هەروەها سرووشتە قەیراناوییەکەی خۆیشی نمایشکرد، بۆ هەموان دەرکەوت ئەم سیستەمۆکەیە هەر بەپیری لەدایکبوو، گەشەکردنی کاتی و ڕاگوزەر و قەیرانەکانی هەمیشەیی و دوانەهاتوو.

لەم گۆشە بچوکەشدا دزی و گەندەڵی و دەسەڵاتگەری و قازانجخوازی و پارەپەرستی و ستەم و هەڵاواردن و سەرکوت و تۆقاندن و جیاکاری و.......تاد نەریت و دیاردەی شاز و بەجێماوی دواکەوتوویی نین، بەڵکو لەبنەڕەتدا فۆرمی جیاوازی نمایشی سیستەمی باون، دەربڕینێکی قوڵ و قێزەونی شوناس و بەرهەم و دەرهاویشتەکانی پێکدەهێنن، هەر بۆیە بەسیستەماتیک کراون و بەباشی و کارایی بەڕێوەدەچن.

لەوەش زیاتر ئەم بەشە لە سیستەم، بێ گەڕانەوە، بەرەو ئەوە دەچێت ڕۆحی گشتیی سیستەم وەربگرێت و لە بونیادی خۆیدا بەرجەستەی بکات، و لەڕووی ئاکار و بەهاکانیشەوە خەریکی بەرهەمهێنانی ئایدیاڵەکانێتی، خەریکی بەرهەمهێنان و سەپاندن و جێگیرکردنی شوناسی خۆی و قایمکردنی بونیادەکەیەتی لەسەر بناغەیەکی قایمتر و بەتینتر.

هەروەها، جگە لەناڕەزایەتی و ئەکتی لێرە و لەوێی چەپی مارکسی دژی کارکردەکانی سیستەم، لەماوەی ڕابردوودا ئەوەی خۆی وەک «ئۆپۆزسیۆن» ناساندووە و کاریگەریی داناوە، سەنگەری لەو سیستەمە نەگرتووە بەڵکو خەمخۆری بووە، گلەیی و گازندەی لەوە بووە مرۆڤی کورد بەباشی شوناسەکەی وەرنەگرتووە، هەروەها کۆمەڵگاکەی بەدرووستی لە چەقی ئەودا جێگیرنەکردووە، سیستەم تیایدا خۆی بەدامەزراوەیی نەکردووە، بەشەکان و سێکتەر و بونیادۆکەکانی وەک پارت و حکومەت، هێزی چەکدار و سوپا، بونیادە ئابورییەکەی تێکەڵاون و لێک جیانەبوونەتەوەو.....تاد، سەرەنجام ئەم هەوڵانە بۆ چاکسازیی بونیادەکەی و دامەزراندنەوە و نۆژەنکردنەوەی بە کەرەستە و ماتریاڵەکان و دامەزراوەکانی خودی سیستەم بووە، بەهەمان چوارچێوە و میکانیزم و دینامیزمەکانیەوە (کاراکردنی پارلەمان، هەڵبژاردنی گشتی و....تاد)، هەر بۆیە ئۆپۆزسیۆنی باو لە خانەی بەرگرییدا بووە، نەک بەرەنگاری، لە سیستەمی باو و خوێنێکی زیاتری ڕژاندۆتە شادەمارەکانی و توانای زیاتری پێبەخشیوە بۆ قایمکردنی پنتەکانی.

هەرچەند ئەو فۆرمە لە ئۆپۆزسیۆن لە دەیەی ڕابردوودا، لە بەڕێوەبەران و دامەزرێنەرانی سەرەکیی سیستەم خەمخۆرتر بووە، بەڵام چون ئامانجەکەی خەبات بووە بۆ ئایدیاڵیزەکردنی هەمان سیستەم، لە چوارچێوەی هەوڵی فۆرماڵی بێ پایەی لێرەو لەوێ، هەروەها چون خوازیاری دامەزراندنی بونیادێکی سیاسیی ئایدیاڵ بوون بۆی، دواجار تووشی بنبەست بووە و بەخراپی تێکشکاوە، بووە بەهەوڵێک بۆ پینەکردنی کەلێن و درزەکانی و لەم بوارەشدا وزە و ئینێرژیی نەوەیەکی نوێ لە گەنجانی ئەم وڵاتە لە ڕێگای ئایدیاڵیزەکردنی سیستەمدا بەفیڕۆچوو.

لەلایەکی ترەوە ئۆپۆزسیۆنی چەپی کوردستان کۆپی دەرچوو، دەرکەوت هەمان گرفتی

بونیادی چەپی دنیای هەڵگرتووە، هەرچەند بەشێکی زۆری چەپی باو دژەسیستەم دەردەکەوێت بەڵام دژبوونەکەی ڕواڵەتییە، خوازیاری هەمان سیستەمە بەبێ پارتەکان و کەمینە دەسەڵاتدارەکەی، ئەو ڕەخنەگرێکی بونیادی نەبووە لە سیستەمی باو، تەبا بووە لەگەڵ شوناسەکەی، بۆیە گۆڕاوە بۆ باڵی چەپی هەمان سیستەم، ئامانجەکەی بووە بە چەپاندنی نەک تێپەڕکردنی، ئەگەر زۆر ڕادیکاڵتر ڕۆیشتبێت ئەوا بووە بە ڕەخنەگرێکی ڕادیکاڵی ئەم سیاسەت و ئەو سیاسەتی برگەیی لە چەشنی سیاسەت و نەهجی نیولیبراڵیزمی و مۆدێلی سیاسی و ئابوریی هاوشێوە و هیچی تر.

هەڵبەت زوومکردن و فۆکیوس لەسەر دەسەڵات و کورتکردنەوەی لەدەسەڵاتی سیاسی باودا بەکردەوە ئەوی خستۆتە خانەی ڕەوتێکی دەسەڵاتخوازەوە، کورتکردنەوە و بچوککردنەوەی سیستەم لە دەسەڵاتی سیاسیی زاڵ و حکومەت و دامەزراوەکانی و چەند کۆمپانیایەکدا، ئاکامە لۆژیکیەکەی قبووڵکردنی سەرمایەدارییە بەبێ سەرمایەداران، هەمان سیستەم بەبێ چەوسانەوە و هەلاواردن و کەمایەتییە دەسەڵاتدارەکەی و بازاڕەکەی، هەمان بونیاد بە پێکهاتێکی شورایی و سەندیکایی، هەمان سیاسەت بەفۆرم و شێوازێکی دەوڵەتگەرا، هەمان یاسا و کەلتور بە تام و پرەنسیپی «دادپەروەری».

کاتێک ئەم بزووتنەوەیە ئەمە شوناسی بێت بەناچار وەک ڕەوتێک و چەپێکی دەسەڵاتخواز و دەوڵەتگەرا ساغدەبێتەوە، کە سادەترین توانای بەرەنگاری سیستەمی نەبێت، هێز نەگرێت و هێزیشی هەبێت لەدەستیدەدات، پەراوێزکەوتنی قەدەر و چارەنوسە، دواجار وەک دەنگێکی وەڕس و بوقێکی نەشاز لە تیمی ئۆرکسترای سیستەمدا دەردەکەوێت، هەر بۆیە بۆ جوانکردن و خۆئارایشتکردن بە دیموکراسی و ئازادی و..... تاد بەکاردێت.

ئەم مێنتاڵیتی و ئەکت و شوناسەی چەپی باو ڕێگرە لەبەردەم بەرەنگارییدا، گۆڕین و تێپەڕکردنی پێویستییەکە بۆ دەسپێکردنەوە و تێهەڵچوونەوەیەکی نوێ.

بەرەنگاری لە کوردستان وەگەڕکەوتن و تێهەڵچوونەوەی نەوەیەکی نوێیە، وەستان و تێپەڕکردنی ئەوەیە کە هەیە، دەستپێکردنێکی ترە بۆ مرۆڤی بەرەنگار و بەگژداچوونەوەی ملکەچی و بێئیرادەیی، تورەییەکی نیچەئاسایە لەمرۆڤی ملکەچ و داماو، زەبوون و بێ ئیرادە و پاسیڤ، ناڕازی بەڵام تەسلیمبوو، دۆڕاو بەڵام ژیاو بەوەهمی ڕابردوو.

بەرەنگاری بەشێکە لە گۆڕینی هەر ئێستای ڕۆح و شوناسی باو بە ڕۆحی سیستەمێکی نوێ، بۆ نەوەیەکی ئازاد و ژیاندۆست و بەئیرادە، گەنج و جەوان و پێگەیشتوو، خاوەن نەخشەڕێگاو ئەڵتەرناتیڤ و پارادیمێکی جیا چ لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵەکان. ئەم بەرەنگاریە هاوکات دژی فۆرمی سیاسەتی باوە، دژی ئەو فۆرمەیە لە سیاسەت کە مرۆڤ و سیاسەت لەیەکجیادەکاتەوە، سیاسەتمەدار بەرهەمدەهێنێت، ئەو

سیاسەتمەدارانەی لە ئەلفەوە تا یا سیاسەت وەک جۆرێک لەپیشەگەری و بازرگانی و نەریتی سەرکەوتن بەسەر پێپلیکانە و نەردەوانەکانی سیستەمدا دەبینن، وەک نەریت و زانستی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و هەژموونی کەمینە بەسەر زۆرینەدا، وەک پاراستنی پلەبەندیی حاکم و مەحکوم....

بەرەنگاری سیستەمی باو شتێکی ئێستاییە، کاری هەرئەمڕۆیە، وزە و توانا و ئینێرژیی لەئێستا وەردەگرێت و بۆ ئێستای دەوێت، جۆرێکی ترە لە ئەکت و مۆدێلی سیاسی، لە کاری ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی کە کۆپی هەمان سیستەمی باو نەبێت، ڕۆحی بونیادە هیرارکی و چینایەتی و چاوچنۆکی و قازانچپەرستی و تاکگەراییەکەی لەگەڵ خۆی هەڵنەگرتبێت، پێکەوەیی، هاوبەشێتی، خەمخۆری مرۆیی، خۆبەخشی، دیسپلین و ژیانسازی و .........تاد. ڕۆح و دەرکەوتە و فۆرمی پێکبهێنێت.

دواجار گۆڕانکاری لە هەر بەشێکی سیستەمی باودا نەک هەر جیا نیە لەکۆی بونیادەکەی بەڵکو پەیوەستە بە بزاوتی بەرەنگاریی فرەڕەهەند و فراوانەوە وەک کۆخەبات دژی سیستەمی باو. بەرەنگارییەک هێزی هەبێت و کاریگەربێت و وەک بەدیل و ئەڵتەرناتیڤ دەربکەوێت و ڕووداو دروست بکات. ئەگەر نا سیستەمی باو بەئەکت و جوڵەو نمایش و ئاکسیۆنی جەماوەری و تەنانەت شۆڕش و ڕاپەڕینی کرێکاری و جەماوەری تێپەڕناکرێت، ئەو دەتوانێ ڕۆحی گشتیی خۆی ڕابگرێت و خۆی زیندووبکاتەوە و ئەو جۆرە ئۆپۆزسیۆنە بهاڕێت و بە ڕەنگو بۆی خۆی ڕەنگی بکات، ئەو ئەکتانە پووچەڵبکاتەوە و هەرسی بکات و نوزەی لێ ببڕێت و هەر بەرگرییەکی تیامابێت پاسیڤی بکات و بیخاتە پەراوێزەوە..

کاتی ئەوەیە خاڵ دابنرێت و لەسەری دێڕەوە دەست پێبکەینەوە، ئەگەر سیستەمی باو وەک خۆی بناسین ئەوکات گرنگی و پێویستیی بەرەنگاربوونەوەی دەکەین بەشوناسی خۆمان، سەرەنجام بەرەنگاریی سیستەم بەشێکە لە شوناسێکی نوێ، هەر هێزێک، هەر تاکێک، ئەمە نەکات بەدەسپێک، خۆی دەبێتەوە بە قوربانییەکی تری سیستەمەکە، وەک کۆمەڵ دەبێتەوە بەماشێنێک لەماشێنەکانی و وەک تاک برغوویەک لە برغووەکانی.

*** *** ***

# دەربارەی سیستەم

**وەلید عومەر**

-١-

دەتوانین سیستەم وەک هاوتا و هاومانای (گشت) وەربگرین. «گشت-whole“ وەک بەدیلێک بۆ زاراوەکانی (کۆ، تۆتاڵ، هەمەکی و هتد). بەشیش لەبری پارچە، ناوەڕۆک، جوزء و هتد. «گشت“ لە ژمارەیەک ”بەش» پێکدێت. دەکرێت هەر ئۆرگانیک، یەکەیەک، کۆمەڵگا و گرووپێک بە گشت دابنێین و هەر یەک لەمانەش ورد دەبنەوە بەسەر بەشی جیاجیا و چونیەک و ناچونیەک و هتددا. بە دەربڕینێکی تر، هەر «گشت»ێک دەتوانێت بۆخۆی سیستەمێک بێت. ئەو گشتەی لێرەدا باسیدەکەین، سیستەمی سەرمایەدارییە و شازاراوە و پاڵنەری سەرەکیی ئەم سیستەمە بریتییە لە سەرمایە و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و کاریگەرییە کەلتوری و ئاگاییەکانی. بە پێی زاراوە کلاسیکە مارکسییەکان، سیستەم لە سەرخان و ژێرخان پێکدێت و وەک (گشت)ێک بەشەکانی خۆی دروستدەکات و ئاراستەیان دەکات.

سیستەم لێرەدا دووئاست دەگرێتە خۆی: ئاستێکی لۆکاڵی، لەگەڵ ئاستێکی سەروولۆکاڵی و گەردوونی. لە ئاستە لۆکاڵییەکەدا مەبەستمان کۆمەڵگای کوردییە، لە ئاستەکەی تریشدا مەبەستمان سیستەمی سەرمایەدارییە. دیارە کۆمەڵگاکان بوونەتە بەشێک لە سەرمایەداری و سەرمایەداری خۆیشی جۆرێک لە تایپی کۆمەڵگایە کە مرۆڤی ئەمڕۆی تیا دەژی. بۆیەشە زۆرجار لە ئاستە گشتیەکەیدا لە تێکستی بیریاراندا دەوترێت: (لە کۆمەڵگای ئەمڕۆماندا کە کۆمەڵگای سەرمایەدارییە...). لێرەدا کۆمەڵگای ئێمە، خۆی بۆخۆی گشتێکە، سیستەمێکە. بەڵام لە پەیوەند بە سەمارییەدارییەوە دەبێتەوە بە (بەش). دەبێت ئاماژە بەو نیگەرانییە تەکنۆکراتییە/لیبراڵییەش بدەین کە پێی وایە کۆمەڵگای ئێمە هەڕەمەکییە و سیستەم نیە. مەبەستی پشت ئەم نیگەرانییە ڕوونە: سیستەمی سەرمایەداریی بۆ کۆمەڵگاکانی تر جۆرێک لە نەزم و دەسکەوتی هێناوە، بەڵام لای ئێمە بەو جۆرە نیە. نیوەی نیگەرانییە درووستە، بەڵام نیوەکەی تری دروست نیە؛ چونکە ئەم دیدە بۆ سیستەم دیدێکی ئەخلاقی و نیەتمەندانەیە، ئەگینا هیچ سیستەمێک سەرباری دەسکەوتەکانی هەر سیستەمێکی ناڕێکە. واتە وەک

فۆرم و ستراکتۆر و تەنانەت ناوەڕۆکیش، کۆمەڵێک خێچی و لادان و فەوزای تیایە. بەکورتییەکەی: هیچ گشتێک، ناتوانێت کۆمەڵێک ڕێسای هەمیشە ڕێک و ئۆرگانی بەسەر بەشەکانی خۆیدا بسەپێنێت. لادان و بەرکەوتن و پێکداچوونی بەشەکان، سرووشتی گشت دیاریدەکەن، سرووشتی سیستەم دیاریدەکەن.

هەموو بەشەکانی ناو گشتێک یان سیستەمێک بەهەمان کوالێتی و کوانتێتی (چۆنیەتی و چەندێتی) دابەشنابن. ئەسڵەن گشت خۆی قاڵب و چوارچێوەیەکی میکانیکی و وەستاو نیە تاکو بەشەکانی لەخۆیدا کۆبکاتەوە و چاودێرییان بکات. جار هەیە بەشێک دەبێتە نوێنەری گشت، یان بەشێک خەسڵەتەکانی گشت لە خۆیدا دەنوێنێتەوە و هەژموونیان بەسەردا دەکات و هاوسەنگیی نێوان بەشەکان تێکدەدات. ژاک ڕانسێر پێی وایە گشت خۆی پێشوەخت بەتاڵە، هەریەک لە بەش و ناوەڕۆکەکان لە جەنگدان بۆ سەرخستنی هەژموونی خۆیان، بەم مانایە هاوسەنگی لەناو سیستەم و گشتدا بوونی نیە. ئەوەی هەیە هەڵپەی هەریەک لە بەشەکانە بۆ ئەوەی گشت بەهۆی خۆیەوە ڕەنگڕێژ بکات (ئەمڕۆ لەناو گشتی سەرمایەدارییدا بۆرژوازی هەرجارە و بەشێکی خۆی وەک بەدیل تەرحدەکات تاکو سیستەمەکەی بەردەوام بێت: جارێک سۆسیال دیموکراتی، جارێک نیولیبراڵ، جارێک فەندەمێنتاڵ و جارێکی تریش ڕاستڕەو و هتد).

لە تێگەیشتنی باودا چەند ڕوانینێک بۆ پەیوەندیی نێوان بەش و گشت هەیە، بۆنمونە:

«ئایدیالیزم، بەش بە جیا دەزانێت لە گشت. بەتایبەت سەبارەت بە مرۆڤ، کاریگەریی پەیوەندییە واقیعییە کۆمەڵایەتییەکان نادیدەدەگرێت کە بەبێ ئەو پەیوەندییانە مرۆڤ ناتوانێت بژی. ئایدیالیزم، باس لە منێکی [پەتی] دەکات جیا لە هەموو فاکتەرەکان و میکرۆسیستەمەکان (واتە سیستەمە بچوکەکان) و ماکرۆسیستەمەکان (واتە سیستەمە گەورەکان) کە سوبێکت تیایدا دەژی.

ماتریالیزمی ڕووکەش و میکانیکی، کە گشت بە کۆمەڵە و بەرەنجامی چەندایەتیی بەشەکان دەزانێت و چۆنایەتیی شتەکان کورتدەکاتەوە بۆ پێکهاتەی جیاجیای چەندایەتییەکان.

هەندێک لە ئایدیالیستەکان ئەو تێزەیان قبووڵە کە گشت لە کۆی بەشەکانی زیاترە، بەڵام بتێک لەم گشتە درووستدەکەن و دەڵێن ئەو شتە زیاتر و لەپێشترە، خۆی پرەنسیپێکی ڕۆحی و خەلاقە و کەوتۆتە دەرەوەی شت و دیاردە و بەشەکانیەوە و دەیانجوڵێنێت [وەک خودا و هێزی نادیار و هتد][1].

١/ لە سەرچاوەی ئەنتەرنێتیی سایتی مارکسییەکانی جیهان وەرگیراوە.

لەم نێوانەدا ماتریالیزمی دیالەکتیکی دێتەئاراوە و وەلامێکی سەلماوتر و مادییترمان دەداتەوە. لە ئاستە هەرە سەرەتاییەکەیدا تیۆری ماتریالیزمی دیالەکتیکی «لەبارەی گشت و بەشەوە پێیوایە گشت هەروا کۆبوونەوەی سادەی بەشەکان نیە، بەڵکو [نەخشەیەکی] زیاتر و بالاترە کە بریتییە لە شێوازی تایبەتی پەیوەندییەکان، پەیوەندیی بەشەکان و ئەو ڕەگەزانەشی کە بە بونیادەکەوە پەیوەستە. هیچ بوار و کایەیەک نیە پێویستی بە کاتیگۆرییەکانی گشت و بەش نەبێت. مارکسیزم، سیستەم لە ئالۆزی و دینامیکییەتەکەیدا دەخوێنێتەوە».

بۆ گۆڕینی گشت، مەرج نیە وەک ڕێسایەک هەمووکات تێکڕای گشتەکە هەڵگێڕیتەوە. زۆرجار زاڵبوونی بەشێک بەسەر بەشەکانی تردا ڕێگەدەکاتەوە گشتێک تووشی داخووران بێت. ئەمڕۆ لە جیهاندا کاتێک دەوترێت بەدیلێکی تر بوونی نیە، پتر مەبەست لەوەیە مەحاڵە گشتێک بخەیتەجێی ئەم گشتەی ئێستا کە ناوی سەرمایەدارییە. بەلام کۆمۆنیزمی سەدەی بیست لەسەرەتاوە ئەم گشتەی لەناوەوە داخووراند و گەر ڕیزیۆنیزمی سۆڤیەتی و چینی و هەندێک هۆکاری ترنەبووایە، ئەوا گشتەکە دەبووە گشتێکی کۆمۆنیستی و پارادایمێکی تازە دەهاتە ناو کۆمەڵگای مرۆییەوە (گەرچی ئایدیاکە بە چەند پلەیەک پراکتیکی نیوەناچڵەوە هات). بەم پێیە، ئەو ئایدیا شیعرییە هەمووکات ڕاست دەرناچێت کە دەڵێت: دەریا لە گۆزەدا جێی نابێتەوە. بەپێچەوانەوە، دەریا وەک گشتێک، دەتوانێت لە یەکێک لە بەشەکاندا دەربکەوێتەوە و بەشەکانی تریش کلۆربکات. ئەوەی لە ئاستە سەرەتاییەکەدا گرنگە قبوڵکردنی ئەو کار و کاردانەوەیەیە کە لەناو بەشەکانی گشتێکدا هەیە. بەم مانایە هیچ ئەکت و پرۆسە و کردەیەک بەفیرۆناچێت و وەلامی خۆی لە کۆی سیستەم وەردەگرێتەوە بە دەربڕینێکی تر: نامە هەمیشە دەگاتە جێ و مەق×ەدی خۆی (گەرچی کردەی بەفیرۆچووش بوونیان دەبێت و لەناو پێچەکانی مێژوودا وندەبن و سیستەم قوربانی و هەڵلوشینی خۆی هەیە)..

بینینی سیستەم وەک وێنەیەکی گشتی، پتر ئیشی نوخبەیەکی تیۆریستە لە ئێستادا. هاوکات شۆڕکردنەوەی ئەم گشتبینییە بۆ ناو جەماوەر تاکو هەرکەسە و گرفتەکانی خۆی ببەستێت بە سیستەمەوە (دیارە ئەمە یەکێکە لە سەرەکییترین ئیشەکانی ڕۆشنبیری چەپ لە کۆمەڵگای ئێمەدا). زۆرینەی خەڵک پتر بەشەکان دەبینن و حەکایەتی بەشەکی و جوزئی بۆخۆیان درووستدەکەن و لە جێیەکدا تەنیا وبێ تەفسیر دەمێننەوەوهەستدەکەن گرفتەکانیان ڕیشەیەکی ڕوونی نیە، یاخود ڕیشەیەکی میتافیزیکی و نادیاری هەیە و لە چارەیان نوسراوە (کەلتوری پۆستمۆدێرن برەوی بەم حەکایەتە بەشەکی و شەخسییانە داوە و مرۆڤ لە بینینی وێنە گشتییەکە دووردەخاتەوە. زۆربوونی ئەدەبیاتی شەخسی و شیوەنی شەخسییش بەرەنجامی لۆژیکیی ئەم کەلتورە پۆستمۆدێرنەیە). وتەیەکی

شەعبیی ناو خەڵک هەیە دەڵێت: هەرشتێک تێی بگەیت ئاسانتردەبێت، ژیان تا تێی بگەیت قورستر دەبێت. لێرەدا شت ئاماژەیە بۆ بەش، ژیانیش ئاماژەیە بۆ گشت. وەک بڵێی بەشەکان بە جیا قابیلی تێگەیشتنن و کۆی بەشەکان لە یەکەیەکی پێکداچووی وەک ژیاندا قابیلی تێگەیشتن نین و لانیکەم زەحمەتن. ئەمڕۆ دەتوانین ژیان بخەینە جێی گشت، بەڵام ژیان لەو دالە بەتاڵ و گشتییە ڕزگاربکەین کە هەرکەس بەپێی هەوەسی خۆی پڕیدەکردەوە و پێناسەی دەکرد. ئەمڕۆ ژیان یەکسانە بە سیستەم، ژیان چیتر سیستەمێکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە و خۆی خەڵقدەکاتەوە و میکانیزمی ئیشکردنی خۆی هەیە. زۆرجار لە مەنهەجی خوێندن، یان لە گۆڤاری منداڵان و ژنان و مێردمناڵان و بگرە گەورەکانیشدا هاتووە کە: ژیان چیە؟ تەنانەت هەندێ جار ئەوانەی وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە هەر مرۆڤ نین، بەڵکو گیانەوەرانیشن و ئەوانیش بەپێی ژینگە و کار و کاردانەوەکانی خۆیان پێناسەی ژیان دەکەن (سەیر نەبێت گەرچی مرۆڤ لەجیاتیی ئەوان وەڵامدەداتەوە، کەچی وەڵامەکانی ئەوان لە وەڵامی زۆرینەی بەشداربووەکان لۆژیکییترە؛ گەرچی ئەمڕۆ مرۆڤ و گیانەوەران تێکڕا لەناو یەک سیستەمدا قوربانیین). ئێستاش بەگشتی کە دەپرسرێت ژیان چیە، هەموان هەوڵدەدەن یەک بنەڕەت و یەک شت بکەنە وەڵام. ڕەنگە وێنەکێشێک بڵێ ژیان ڕەنگێکە، بەدمەستێک بڵێت ژیان مەستییە، منداڵێک بڵێت یارییە و ئەدیبێک بڵێت فڕینە.

ئەی ژیان چیە؟ لەڕاستیدا تێڕوانینی زۆرینە بۆ ژیان، کورتکردنەوەیەتی بۆ یەکێک لە حەزە شەخسییەکان، بۆ یەکێک لە بەشەکان. ئەمەش تاوان نیە و دەلالەت لە شتێکی گەورەتر دەکات: دەلالەت لەوە دەکات کە دەبێت ژیان پوختە و پەستێنراوی یەکێک لە هیوایەتەکان بێت، یان بە دەربڕینێکی تر: ژیان ڕووبەرێکی پانوپۆڕ بێت بۆ پیادەکردنی هیوایەت و پرسە شەخسیەکانت. ئەم ڕوانینە گەرچی ڕوانینێکی ماتریاڵی و کۆمەڵایەتی و دونیاییە، بەڵام بۆ ئێستا زۆر دەقیق نیە. لە بناغەدا، ژیان «گشت» و «کۆ»یەکە کە کۆمەڵێک «بەش» لەخۆدەگرێت. هەم هیوایەتە و هەم وەزیفە. ژیان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی/مێژوویی/دونیاییە و جیایە لەو وێنە عومومییەی کە بەشێک لە عاریف و ئەدیبە کۆن و نوێیەکان وێنەی بۆ دەکێشن و بەردەوام ستایشی دەکەن و ئەزموونیشی ناکەن. ئەوان، وەسفی شتێک دەکەن کە نەهاتووە و نیە. وەک بڵێی لە شوێنێکی بەرز دایانناوە و تەنیا قابیلی وەسف و سەنایە. بۆیە ژیان هەم شتی نزمە و هەم بەرز. هەموو شتێک لەناو ئەم گشتەدایە و تەنانەت مردنیش بەشێکە لە ژیان خۆی. مردن واتە نەفی و نەمان. نەفی و نەمانێک کە ناونشینە و لەبەر خاتری ژیان خۆی ڕوودەدات. لێرە شتێک نەفی دەبێت، بۆ ئەوەی لەوێ دەرکەوتەیەکی تری ژیان بەردەوام بێت. گەر کەسانێک هەبن و بڵێن: ژیان هەر ئەم سیستەمە نیە، بەڵکو فڵان و فیساریشە و ملکەچی سیستەم

نابێت. ڕاستییەکەی هەر وەڵامێکی لاوەکیی تر لەناو ئەم سیستەمەدا، هەر پاشماوەی سیستەمەکانی پێشووە و بەهۆی ئەم سیستەمەوە سەنتێز و تێهەڵکێشکراوە. لەئێستادا ژیان ئەو نەخشە و تە×ەورەیە کە سیستەم بۆی درووستکردووین. هەموو نەخشە و تە×ەورەکان شتی مێژوویی و دەستکردن و لەناو کۆمەڵگادا بۆت درووستدەکرێت. سیستەمی ئێستا بەدەست بۆرژوازییەوەیە و ئەوان بازاڕ و ئەخلاق و مۆدە و میدیا و کار و چاپخانە و دین و چەک و کڵێسا و ژینگەیان بەدەستەوەیە.

گەر کۆمۆنیستێکی بارگران و مەبدەئی وەڵامێکی تیۆلۆژی دەرهەق بە پرسیارەکەی سەرەوە بداتەوە ڕەنگە بڵێت: ژیان هەموو چرکەکانی ئەم سیستەمەی ئێستایە کە هەموو مرۆڤێک تیایدا گوناهبارە. هەر چرکەیەک کە چەوسانەوە و قازانجێک دێتەدەرەوە، بڕێک پریشکی گوناه و بەرپرسیارێتییش دەلکێت بە هەموومانەوە: ژیان لە ئێستادا یەکسانە بە "گشت" و سیستەمێک کە هەموو بەشە جیاجیاکانی خۆی بەرهەمدێنێتەوە و لەناو (گشت-کل)ێکی گوناهباردا، هیچ (بەش-جزء)ێکی بێگوناه بوونی نیە.

-٢-

ڕەنگە ڕیسکێکی تیۆری بێت کە گەنجان بخەینە ناو خانەی پرۆلیتاریاوە، بەتایبەت دەرهەق بەو دیدە تەقلیدییە کرێکارییەی کە پێی وایە گەنجان هۆشیاریی چینایەتییان نیە و بە پرۆلیتار دانانرێن. پرۆلیتاریا پتر پێگەیەکە و دەکرێت هەموو ئەوانەی تێبخرێت کە ١) دژەسیستەمن ٢) بڕوایان بە ئاسۆی سۆسیالیستی هەیە بۆ ژیان. پرسیارێکی ڕاشکاو لێرەداخۆی قووتدەکاتەوە: گەنجان کە لە کەلتورە جیاجیاکانی مرۆڤدا وەک ڕەمزی ژیان و نوێبوونەوە ناسراون و بە میتافۆر کراون، شایستەی ئەم پێگەیە نین؟ پێگەی سۆسیالیستی بۆ ژیان؟ ئەویش لە سەردەمێکدا کە نیهیلیزم بەرۆکی گەنجانی گرتووە و سەمپتۆم و نیشانەکانی ئەم نیهیلیزمە لە کەوڵی کۆمەڵێک نەخۆشیی دەروونی و بڕیاری خێرا و باسکردنی کتوپڕی خۆکوشتن و سەگباوەڕییدا ڕەنگیداوەتەوە. نیهیلیزم لە خەسڵەتەکانی ئێستای سەردەمە. ڕەنگە هۆیە ڕاستەوخۆکەشی پاشەکشە و لێدانی ئایدیاکانی وەک شۆڕش، حەکایەتی گەورە، ململانێی چینایەتی، سیاسەت، ئایدۆلۆژیا بێت. پاشەکشەی هەریەک لەمانە، ڕەواندنەوە و پاشەکشێ پێکردنی ئایدیا گشتەکی و گەردوونییەکانە. هەڵوەشاندنەوەی ئایدیا گشتەکییەکان، باجی خۆی هەیە. سەرەتاییترین باج، ئەو خەمۆکی و نیهیلیزمەیە کە بە فۆرمی جیاجیا دەبینرێت. دەرکەوتنی سوبێکتێکی شیزۆفرینی و کەرتبووە کە ناتوانێت بەشەکان کۆبکاتەوە و بەرگری لە «گشت"ێک بکات (لێرەدا گومانێکی ڕەوا هەیە کە پێدەچێت دینەکانیش ناوەڕۆکی خۆیان لەدەستدابێت و سەرمایە جێی ناوەڕۆکە بەشەکییە دینییەکانی

گرتبێتەوە-گەرچی دینەکان ناتوانن ببنە ئایدیای تەواو گشتەکی بۆ مرۆڤ و لەسەر هەڵاوێردن بەندن و مرۆڤی مەسیحی و مسوڵمان لە مرۆڤەکانی تر جیادەکەنەوە). لێرەوە دەتوانین باسی سودەکانی گشتبینین بکەین و داکۆکی لە گشتێک بکەین، هەم لە ئاستی تەفسیر و جیهانبینی و هەم لە ئاستی ئایدۆلۆژییشدا. لە گشتبینیندا، مرۆڤ دەتوانێت کۆی وێنەکە پێکەوە ببینێت و بخوێنێتەوە. ئەمە بەپێچەوانەی ئەو ترسە فریودەرە لیبراڵەوە کە دژ بە «گشت» دەوەستێتەوە و بە تۆتالیتار ناویدێنێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە، پێداگری لەسەر» گشتبینین» ڕوویەکی دیموکراسییانەی قووڵی هەیە و هەرکەس دەتوانێت کێشەکانی خۆی ببەستێت بە سیستەم/گشتەوە، و کێشەکانی خۆی لە دەرەوەی ئەو دنیایەوە نەبینێت کە تێیدا دەژی. بە مانایەکی تر، کەس لەخۆڕا فڕێ نادرێتە دەرەوە و ناسڕدرێتەوە. ئەم بەستنەوەیە پێشوەخت مانا دەدات بە کێشە و کۆژانەکانمان و دەزانین سەرچاوەیەکی واقیعی و مێژوویيان هەیە نەک ئەوەی نەگۆڕ و ئۆنتۆلۆژی بن. گشتبینین، هاوکات درککردنی فێڵەکانی سیستەمیشە؛ واتە زەقکردنەوەی ئەو پەیوەندییانەیە کە لەنێوان دیاردەکانیدا هەیە. بۆنمونە: ترامپ لە سەرەتای دەسبەکاربوونیەوە کە بڕیاری دەرکردنی پەنابەرانی دەرکرد، فرۆشگایەک لە دەرەوەی ئەمریکا بڕیاریدا وەک پەرچەکردارێک چەند هەزار کرێکارێک وەک دەستی کار وەربگرێت (ئەمە بەهاناوەهاتنی بەشەکانی سیستەمە بەدەم یەکترەوە. بە دەربڕینێکی تر، کار و کاردانەوە لەناو یەک گشتدا ڕوودەدەن و دژیەکیی تەواو نین).

لێرەدا ئەو گشتەی کە داکۆکیی لێدەکەین «ئەو گشتە بەتاڵ و بێلایەنە نیە کە دەرهەق بە بەشەکان و ناوەڕۆکەکەی خۆی بێباکە». بۆنمونە ئەو گشتە، یان ئەو کۆجیتۆ دیکارتییەی کە بەدەر لە بەشەکان و ڕەگەز و ناوەڕۆکە ئەزموونییەکەی خۆی بوونی هەیە و بوونەکەی پێشکەوتووە. سەرەتا لە ئاستی تەفسیردایە و دەتوانین لە هیگڵەوە بۆ مارکس سودی لێ ببینین. لە ئاستی ئەزموونی و پراکتیکیشدا، گشتێکی نوێ و دونیایەکی نوێیە بەناوی سۆسیالیزم/کۆمۆنیزم. لەم تەفسیرە گشتبینەدا کە دەکرێت ئێستا داکۆکیی لێ بکەین، سوبێکت/مرۆڤ پنتێکی جودا و دابڕاو نیە لە سیستەم و گشت؛ بەڵکو بمانەوێت یان نا قاچێکی لە سیستەم چەقیوە، پێوەرەکانی لەناو سیستەمدا گەشەیانکردووە، سیستەم خۆی خزاندۆتە ناو هەست و نەستییەوە، ناو ئاگایی و نائاگاییەوە. بۆیە سەرەتا ڕەخنەکە لە ڕەخنەگر خۆیەتی. ڕەخنە لەو ماتریاڵیستە کۆمۆنیستەیە کە دەیەوێت لە گشت بڕوانێت و بەشەکانی بپشکنێت. بەم پێیە هەر سوبێکتێک بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەمڕۆ لەناو سیستەمدایە، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە سیستەم خۆی کەلێنێکی تیایە و بواری قسە لەسەرکردنی تیایە. ئەمە بە عەکسی ئەو ڕوانینەوە کە وەک کەشفێکی گەورە باسی درزی ناو سیستەم دەکات و

بە ئیمکانێکی شۆڕشگێڕانە دەیخاتەڕوو. درزی ناو سیستەم پێشمەرجێکی لۆژیکی و تۆپۆلۆژییە و هیچ سیستەمێکی پڕ و پێرفێکت بوونی نیە. ئەمە لەڕووی زەمەنییشەوە لە عەقڵی باودا جێکەوتووە و خەڵک دەڵێن: زاڵم زەواڵی بۆ دەبێت. واتە زاڵم وەک نوێنەرەوەی سیستەم، پێشوەخت خاڵی پووکانەوەی تیایە و شتەکە لەسەر زەمەن وەستاوە.

-٣-

تەفسیر، پێشمەرجی هەر پراکتیکێکە. بەڵام هەر تەفسیرێکی ئاسایی و بەشەکی نا، بەڵکو تەفسیری گشتەکی و گشتبین (کلنگر). بەم پێیە دەکرێت پەیوەندییە ئۆرگانی و تەنانەت نائۆرگانییەکانی کۆمەڵگا بخوێنینەوە و دواتر بەشێک لە ئاسۆی پراکتیکمان دەستدەکەوێت. پراکتیکیش خۆی لقێکی ئاڵۆزە و تیۆریزەی تایبەت بە خۆی بەرهەمدێنێت، بەڵام پنتی دابڕانیش هەیە و ئەم دابڕانە هیچ نیە جگە لە ڕیسک و سەرکێشی کە بەشێکە لە ستراکتۆری سیاسەت خۆی.

کۆمەڵگای ئێمە بەدەست ڕابردوویەکی کوردییانە، و ئێستایەکی سەرمایەدارانەوە دەناڵێنێت. واتە خەسڵەتی بەشەکی و گشتەکی بەریەک دەکەون. ڕابردووەکە لۆکاڵی و بەشەکییە و ئێستاکەش گشتەکی و گەردوونییە. دیارە ئەم دوو ڕووبەرە لە زۆر شوێندا دەبنە سەنتێز و لێک جیاناکرێنەوە. نمونەیەکی لاوەکی و سادە ئەمەیە: ئەمڕۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەشبەش دەکرێن و بەناوی پسپۆڕی و بواری جیاجیاوە لە گشت دادەماڵرێن. کەناڵێک بۆ پەروەردە، دانەیەک بۆ وەرزش، دانەیەکی تر بۆ سینەما و دراما، بەشێکی تریشیان بۆ ڕیکلام و قورئان و خوتبە و هتد. قوربانیی یەکەمی ئەم پرۆسە بەشبەشکردنە سیاسەتە بەمانا جەماوەرییەکەی. سیاسەت بە مانایەک لە ماناکان، بریتییە لە گرێدانەوەی بەشەکان و خەڵک بەیەکەوە و ڕووکردنە ئاسۆیەکی گشتەکی. کۆمەڵگا لێرەوە دەبێتە بەشی بێئاگا لەیەک، بەشی ناسیاسی و پەرتەوازە.

کۆمەڵگای ئێمە ئیتر نیشتەجێی ناو ئەم گشتەیە، ناو ئەم سیستەمە. گەر ئەو لینکە ئابورییەی کە کوردستانی وەک بەشێک بەستبێتەوە بە سیستەمی سەرمایەدارییەوە، نەوت بێت (٪٩٠ی سەرچاوەی داهات نەوتە). ئەوا هێزی مرۆیی و دەستی کار، ئێمە دەبەستێتەوە بە سیستەمەوە (جگە لەو ڕێژە کۆچە پێچەوانەیەی کرێکاری بیانی لە باشوری ئاسیا و هتدەوە). پەنابەرێک یان گەنجێکی کورد کە لە ڕۆژئاوا (غەرب) دەژی، لەنێوان ئەم بەش و گشتەدا هاتوچۆدەکات. لەنێوان ڕابردوویەکی کوردییانە و هەنووکەیەکی کەپیتاڵیستییدا. هەموو شەڕی پەنابەرێکی کورد، جارێکی تر بۆ ئەوەیە

سیستەم/گشت قبوڵی بکاتەوە. گەر جاری یەکەم گرێی کوردبوون بووبێتە کێشە بۆی لە واقیعی خۆیدا، ئەوا جارێکی تر سیستەم کێشەی مرۆڤبوون و هاوڵاتیبوون و پەنابەربوونی بۆ زەقدەکاتەوە. ئەوانەی هەروا بەسادەیی کە دەڵێن سەرمایەداری نەهاتۆتە کۆمەڵگای ئێمەوە، چاوەڕوانن گشت لە هەموو بەشەکاندا وەکویەک خۆی بنوێنێتەوە و سەرمایەداری لە هەموو شوێنێک بە هەمان ڕیتم و تاریخ و کەلتورەوە دەربکەوێت. بێئاگا لەوەی سەرمایەداری وەکو گشتێک، تایبەتمەندێتی لۆکاڵیی هەر جوگرافیا و کەلتورێکی جیاواز لەبەرچاودەگرێت و نوسخەیەکی تایبەت بەخۆی درووستدەکات.

دواجار، ئەوەی بۆ چەپێکی ڕادیکاڵ لەناو سیستەمدا گرنگە تۆخکردنەوەی ئەنتاگۆنیزمە، واتە ڕوونبوونەوەی ئەو دژایەتی و دوژمنایەتییەیە کە لەگەڵ خۆیدا زۆر شەڕی تر لەسەر عەدالەت و ئازادی و ماف و هتد ڕوونتردەکاتەوە. ئەمڕۆ ئەوە گرنگ نیە چەندە فاکتمان هەیە تاکو بیسەلمێنین ململانێی چینایەتی زەقە یان نا، بەڵکو ئەوەی گرنگە ڕۆیشتنە بەرەو ئەو ئاراستەیەی کە کۆمەڵگا دوو بەرەیە و دەبێت یەکیان ئەویتر وەک (ڕەمزی ستەم) بپوکێنێتەوە (ئەمەش یەکەمین دەسکەوتی تیۆریی گرنگە تاکو ئەو فێڵانەی نێوان بەشەکان کۆتایی بێت کە هەمووجارێک یەکتری هەڵدەسێننەوە تاکو سەرەنجام کۆی سیستەمەکە و گشت درێژە بە خۆی بدات). وابزانم بەرەنگاریی ڕاستەقینەش هەر بەم ئاراستەیەدا ئیشدەکات.

# دیسپلین و بەرەنگاری

نەبەز خالد

دنیای ئێمە دنیایەکی تراژیکە، دنیایەک تێیدا نازانیت شەڕ کەی و لە کوێوە و بە کام هۆ دەگاتە لامان، دنیایەک شەڕ خۆی بۆتە بەشێک لە واقیع و لە هەر کوێیەک دەتوانێت ڕووبدات، دنیایەک تێیدا قارەمانی تراژیک لە بەر فەزیلەتێک کە هەیەتی و هەڵەیەک کە نازانێت کامەیە دەکوژرێت. هەر چەشنە ئامادەییەک لەم دنیا تراژیکەدا ئامادەییەکی نائەخلاقییە و ئەوەی سوبێکت بۆی ماوەتەوە بۆ ئەوەی لەم دۆخە دەرباز بێت، ئایدیایەکە بە ناوی «خۆبەختکاری». ئەم یاداشتە زیاتر هەوڵە بۆ وەرگرتنی ئایدیایەک بۆ ڕەخنەی بەشێک لە واقیعی سیاسیی ئێستا، لەڕێگەی کردنی ئەم چەمکە بە بچینەیەک بۆ هەر داهێنانێک لە دنیای ئێستەدا کە هەموو شتێک تێیدا بۆتە بانگێک بۆ هەڵدان بە سەر خۆپەرستی و ئاینی پەرستنی خود وەک دوایین حەشارگە و پەرستگە.

بەڵام ڕەنگە دەبێت هەر سەردەمێک ئەم خۆبەختکارییە بۆ خۆی تەرجومەبکات و مانای خۆی بکات بە بەر چەمکەکەدا، واتە لە کەی، کوێ و کام دۆخدا دەژی و بە پێی ئەمانە ناوەڕۆکی خۆی پێببەخشێت.

لە ئێستای ئێمەدا لە باشوری کوردستان، یەکێک لەو گرفتانەی دەبینرێت نائامادەییە بۆ ئەم خۆبەختکارییە، واتە کردنی کارێک کە لە بەرامبەردا هیچت دەستنەکەوێت بۆ ئەوەی ئامادەییت لەم دنیایەدا نائەخلاقی نەبێت. با ئەوەش بڵێین کە کانت وتەنی هەر کارێکی ئەخلاقی یان چاک ئەگەر بۆ پاداشتێک کرا، مادی یان مەعنەوی، نەخۆشانە و پاتۆلۆژیکە و ئەخلاقی نییە، لێرەوە کەس با نموونەی ئیسلامیستەکان نەهێنیتەوە کە هیچ نین جگە لە هەوڵ بۆ ڕازیکردنی باوکی مەزنیان. دیارە ئەم خۆبەختکاری و خۆتەرخانکردنە لەخۆیدا بریتی‌نییە لەوەی یاداشتێک بنوسیت و تەواو، ڕۆژێک بەردێک بهاویت یان جنێوێک بدەیت لە دڵی خۆتەوە یان جۆرەکانی دیکەی ئەم ناڕەزاییانە، چونکە ئەمانە چەندەش لەسەر حەق بن و گەلێک جار شیاوی ڕێز، بەڵام ئەو کاتە دەتوانن سیاسی ببنەوە کە گرێ بدرێن بە دوو فاکتەری دیکەوە. فاکتەرەکانی دیکە کە نەبوونیان لە ئێستادا هەست پێدەکرێت، بریتین لە بەردەوامی و ڕێکخراوبوون. بەردەوامی، مەرجی هەر خۆڕاگرییەک و هەر سیاسەتێکیشە، واتە سیاسەتی بەرگری

بۆ ئەوەی لە چەپۆڵانی نێو گیرفان و بە جۆرێک داوا بۆ مەعاش بترازێن، پێویستیان بەوەیە لە کاتدا بەردەوام بن و بگوێزرێنەوە بۆ هەموو خاڵ و چرکەکانی کات، یەکێک لە توخمە هەمیشەییەکانی سیاسەتە سەرکەوتووەکان توخمی کات و بەردەوامی بووە، واتە ناتوانیت بچیتە تەلەفزیۆنێک و بەپێی ( نەفەسی) باشی ڕۆژ، لەبەر نەبوونی کات و پرسیاری خراپی پێشکەشکار و،،،، ( کە هەمیشە پاساوی نەگەیاندنی مەبەستە) بڕێک قسە بکەیت و بڵێیت لە دۆخە تراژیک و نائەخلاقییەکە بێبەریيم.

بەڵام چەمکی «بەردەوامی» هاوشانی چەمکێکی دیکەیە، کە ئەویش ڕێکخستنە. بەو مانایەی کە بۆ ئەوەی بتوانیت بەردەوام بیت پێویستت بە جۆرێک ڕێکخستنی کات و هێز و توانا و سوبێکتەکانتە. ئەگەر دەسەڵات و سیستەم و پۆلیسەکەی ڕێکخراوە، تۆش بۆ بەرگری پێویستت بە جۆرێک خۆڕێکخستن و دیسپلینە، وەک فەیلەسووفی پیر دەڵێت: «دیسیپلین تەنیا سەرمایەی بندەستانە».

ئەزموونی سیاسەت لە باشور ترسێکی بنچینەیی لەم توخمانە، واتە بەردەوامی و ڕێکخستن چاندووە، کە خۆیان بۆ کێشەی دیسپلین تەرجومەکردووە، نەبوونی دیسیپلین لە زۆربەی ئاستەکانی ژیانی سیاسی و فەردییدا. ئەو مرۆڤەی لەم نەبوونی دیسیپلینەوە بەرهەمدێت نە دەتوانێت بەردەوام بێت و نە دەتوانێت ڕێکخراو و ئۆرگانیک کاری بەکۆمەڵ بکات، بۆیە لەدواییدا دەسەڵات بەسانایی دەتوانێت کپوکڕی بکات: بە هەموو میتۆدەکانی ئەم کارە لە کڕینەوە تا ڕاونان و ترساندن. دیسپلین، بە مانای کۆبوونەوەی تەقلیدی نییە لە دەوری سیمایەک، مانای ئەوە نییە کێشەی کوردستان ئەوە بێت کە وەک دەڵێن کاریزمایەک نییە، سەرۆکێک نییە وەک مەڕ لێی کۆببینەوە و ئەوەمان پێویستە، بەڵکو بە مانای پێداگرییە لەسەر ئەوەی کە لە ئێستەدا تەنانەت لە ئاستی ژیانی تاکەکەسییشدا بەبێ جۆرێک لە دیسیپلین ناتوانیت بژیت، چونکو ئاستی هێرشەکان بۆ سەر تاک و بەربڵاویی مەیلەکان هێند زۆرن کە بەبێ وەها دیسیپلینێک خودی ژیان مەحاڵ دەبێت.

دیارە یەکەم وەڵامی کلێشەیی و ئامادە بۆ ئەم وتانە هەبێت ئەوەیە کە ئەم دۆخەی بەرۆکی باشوری گرتووە خۆی زادەی چەند هێزێکی ڕێکخراوی توندوتۆڵە و، ئەمەش دەتوانێت بکرێتە بیانوویەک بۆ لێدان لە کاری ڕێکخراوەیی و داوای هەرچەشنە دیسپلینێک. بەڵام وەڵامێکی سەرەتایی بۆ ئەم سەفسەتەیە ئەوەیە کە ڕاستە ئەم هێزانە ڕێکخراون، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەم هێزانە لە دەوری چی کۆبوونەتەوە و ڕێکخراون؟ ئایا جگە لە وێنەی باوک/سەرۆک/کاریزما (یەک کە لە هەناوی پارەوە هاتۆتەدەرێ) شتێکی دیکەیان هەیە؟ ئایا کۆبوونەوەی ئەمان و لایەنگرانیان لەسەر پاراستنی

کۆمەڵێک بەرژەوەندیی تایبەت نییە کە لەدواییدا بۆ دەسەڵاتی زیاتر و داگیرکاریی پتری مولْکی گشتی کورتدەبێتەوە؟ ئەمەی کە تۆ پاوانی هێز و پارەت بوێت، بێگومان بەرەو سیمای کاریزما و شێوەکانی دیکەی هیرارشی و سەرۆک خێڵت دەبات. لە دۆخێکدا ئەندامان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی تەسلیمی هێزی سەرەوەی خۆیان ببن، چونکە ئەمە لەدواییدا بەشدارییە لە نایەکسانییەکدا کە هەموان دەزانن تێیدا تا لە خوارترەوە بیت جێگەت سووکترە و پێویستە زیاتر توندتیژ و گوێڕایەڵ بیت بۆ ئەوەی ڕێگەتبدەن بمێنیتەوە یان بهێڵن سەربکەویت بۆ ئاستی سەرەوە؛ بەڵام هاوکاتیش دەزانیت کە ئەم سەرکەوتنە تەنیا تا ئاستێک ڕێگەپێدراوە و تۆ هیچ کات ناگەیتە لوتکە. ئەوانەش کە لە لوتکەی هەرەمەکەدان پێویستیان بەوە نییە خۆیان گرێدراوی هیچ نیشان بدەن، چونکە جێگەکەیان بە مۆنۆپۆڵی هێز بەسادەیی دەپارێزن. لەدواییدا بەشداریی لە وەها جۆرێکی ڕێکخستندا، بە مانایەک بەشدارییە لە گەمەی بڕی زیاتر دەسەڵات و ئەو شتانەدا کە بە دوایدا دێن، گەمەیەک تێیدا هەموان دەبێ تیایدا دەستیان پیس ببێت، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت ئیدیعای پاکبوون و لەدەرەوەبوون بکات، کەم بێت یان زۆر بەشیک بە هەموان دەدرێت، بە پێی پلە، بە مەبەستی ئەوەی هەموان بێنە سووڕەکەوە.

بەکورتی، ئەو ڕەخنەیەی دەڵێت ئەم دۆخە خۆی زادەی ڕێکخستنە، لەوەشدا هەڵەیە کە ناتوانێت وێنای جۆرێکی دیکەی ڕێکخستن بکات، کە ئەویش ناوە گشتیەکەی کۆبوونەوەیە بەدەوری ئایدیا یان ئایدیاکاندا، نەک لە کۆنترۆڵی پارە یان دەسەڵات. ئەم دوو باسە، بە دوو جۆری ڕێکخستن و داڕشتن دەگەن. کۆبونەوە بەدەوری ئایدیاکاندا دەتوانێت بە جۆرێکی دیکەی ڕێکخستن بگات، کە فۆرمەکەی بە هیچ «یەک» یان «تاک»ـێک ناگات. واتە جۆرێک فرەیی کە بەردەوام دووپاتدەبێتەوە و ئەوەی کۆیدەکاتەوە نەک سیمای «یەک»، بەڵکو ئایدیای ڕزگاری و یەکسانییە، کە دەوری ئایدیای ڕێکخەر دەبینن. لێرەدا ناوەندێک نییە لێی دوور یان نزیک بیت، «پشک»ێک نییە کەمتر یان زیاتری لێ ببەیت، بەڵکو زیاتر بەرپرسیارێتیی سوبێکتانەیە بەرامبەر بە خۆی کە هاندەریەتی، واتە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆژیانی سوبێکت و مانەوە، بەرامبەر بەرنەبوونەوە بۆ باوەشی ژیانی «مرۆڤ-ئاژەڵ». کەواتە ئەو بەڵگاندنەی بۆ نەفیی ڕێکخراوبوون هەن، تەواو نین و لەدواییدا ڕاکردنێکن لەو بانگەی دنیا لە مرۆڤایەتیی دەکات، واتە ڕابوونەوە و تێهەڵچوونەوە لە خۆڵەمێشی هیواکانەوە.

لەم چەشنە ڕوانینەدا بۆ ڕێکخستن کە زادەی کۆبوونەوەن بەدەوری چەمکی ڕزگاری و یەکسانی و تێیاندا هیچ دانوستانێک نییە، دەتوانین سەرەتای سیاسەتیکی ئەخلاقیی نا-نەخۆشانە ببینین، سیاسەتێک کە زادەی بەرپرسیارێتیی سوبێکتانەیە بەرامبەر بە خۆی بۆ ئەوەی بەشدارییەکەی لە دنیادا نائەخلاقی نەبێت: کانت ئەمەی بەم

شێوەیە پێناسەکردبوو: کارێکی ئەخلاقی کە لە بەر شتێکی دەرەوەی خۆی بکرێت، نەخۆشانەیە، نەک ئەخلاقی. ئەم فۆرمولە دەتوانێت دۆخ و شوێنی زۆر هێزمان لە دۆخەکەدا بۆ ڕوونبکاتەوە و تیشکێکیش بێت بۆ سەر پرسی ڕێبەرایەتی. چونکە ئەو فێڵانەی بۆ ڕەتکردنەوەی ڕێکخرابوون دەکرێن و بە تەسلیمبوون دەگەن، هەر دەکرێت لەم بابەتەشدا دووپاتببنەوە، واتە بگوترێت خودی ڕێبەرانن ئەم دۆخەیان خوڵقاندووە، بەڵام ئەمە دیسان وەک ئەوەیە ژێرپێی خۆت لە بەرەنگارییدا بەتاڵبکەیتەوە، چونکە لە ڕێکخستنێکی یەکسانیخوازانە (Egalitarian)دا کە بەپێی یەکسانیی هێزەکیی سوبێکتەکان ڕێکدەخرێت، پێوەرێک هەمیشە بۆ هەڵسەنگاندن ئامادەیە و کەی ئەمە لەق کرا ئەو کاتەیە کە سیاسەت بەرەو سیاسەتی دەسەڵات کۆکردنەوە لەدەستی گرووپ یان کەسێکدا سەرهەڵدەدات.

خۆبەختکاری لە دنیای ئێمەدا بە مانایەک دەبێتە گرێدراوی بە ئایدیاکانەوە، لانەدان لە یەکسانی و خۆڕێکخستن بۆ بەرەنگاری، بە ناوی بەپرسایەتیی سوبێکتەوە بەرامبەر بەخۆی بە بەرنەبوونەوە بۆ بەشداری لە دۆخی تراژیکدا، کە بێگومان ناتوانێت پەنابردن بێت بۆ هیچ شێوەیەکی پەرستنی ژیانی تاکەکەسی. نمونەیەکی باش بتوانین ئاماژەی پێ بدەین ئەو جۆرە خەباتگێڕییەیە خۆی بۆ فۆرمی ژیان دادەبەزێنێت، واتە گرتنی سووچیکی ئارام بۆ خۆت و لەوێوە هەڵچنینی فەنتازیا لەسەر گۆڕینی دنیا، لەکاتێکدا دنیای واقیع وەک خۆی نادادپەروەرانە درێژە بە خۆی بدات و بندەستان زیاتر و زیاتر هەر ڕۆژ بچەوسێنەوە و تۆش لە سووچەکەی خۆتدا دڵت خۆش بێت کە خۆت پاراستووە، ئەمە لەدواییدا لە ئاستێکی دیکەدا دەگاتە دروستکردنی جۆرێک سوبێکت، سوبێکتێک کە ناتوانێت جگە لە چێژپەرستی لە هیچی دیکەدا خۆی ڕێکبخات و بە ڕێکەوت توانایەکی ئابورییشی دەوێت کە دیسان هی چینی زاڵە و نمونەکانیشی لامان کەم نین، مووچەی بندیوار و پاداشتە بێدەنگکەرەکان، باخ و میوانداریی گەورە و باقوبریقی ژیانی بێڕۆحی ئەم چینە بەئاشکرا دیارە. بەڵێ بندەستان پێویستیان بە ترازاندن و هەڵتەکاندنی ئەم ئەفسانە هەمیشەییەیە کە « دنیا هەر وا بووە و هەر وا دەبێت»، چونکە ئەم ئەفسانەیە بەرهەمی هەمان چینی باڵادەست و زاڵە و وەستان لەم ئاستەدا تەنیا ئاواتێکە ئەوان بتوانن بیخوازن.

بەڵام هەموو ئەوانەی کە تا ئێستا خستمانە بەرباس هێشتا شتێکی بنچینەیی نوقسانە. تۆخمیک کە ئەگەر بوونی نەبێت هەموو ڕیسەکەمان دەبێتەوە بە خوری و ئەنجامی نابێت. تۆخمێکی هەستیار کە جیهانی ئەمڕۆ لەسەر هەموو ئاستەکان دەیشێوێنێت و بە لاڕێدا دەیبات. ئەویش بریتییە لە توخمی ڕێبەرایەتی. بەرەنگاری بەبێ دیسپلین و ڕێکخستن نایەتەبوون و دیسپلین و ڕێکخستنیش بەبێ ڕێبەرایەتی جگە لە ئەنارشییەت و

فەوزا هیچیتر نییە. شکستی موتڵەقی تێزەکانی بیریارانی وەک نێگری و هارت کە باسی بزووتنەوە و ڕێکخستنی بێ ڕێبەر (leaderless)یان دەکرد و ڕێبەرایەتییان ڕەتدەکردەوە لە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیدا دەرکەوت. سیستەمی ئێستا بەجۆرێکی وەها سەخت و تۆکمە جێگیر و دامەزراوە کە زۆر بەئاسانی ناڕازی و خۆپیشاندانی ملیۆنی بە ئاسانی وردوخاشدەکات. لێرەدا ڕێبەرایەتی وەک زەروورەت دەردەکەوێت. زەرورەتێکی حەتمی کە ناچارین دەستی بۆ ببەین و قسەی لەسەر بکەین.

با ئێستا ئەم پرسە لە کۆنتێکستی کوردستاندا بخەینە بەرباس و ئەم باسە کۆنکرێتی بکەینەوە. لەم سۆنگەوە دەشێت بیر لەوە بکەینەوە؛ ئەو پرسیارەی ونە و زۆربەی هەرە زۆری ئەو دەقە ڕەخنەییانەش کە دەنوسرێن بەجۆرێک خۆیانی لێ لادەدەن، هەمان پرسیارە تۆقێنەرەکە واتە پرسیارە لە سەر پرسی ڕێبەرایەتی. واتە پاش هەموو ڕەخنەکان و ئەو نەخشەڕێگە و پێشنیارانەی لە کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ سیاسەتی ڕادیکاڵ لە کوردستاندا دەکرێن، یەک پرسیار دەستی بۆ نابرێت، کە ئەویش پرسیاری ئەوەیە "کێ" دەستدەداتە کردە، و ئەم ڕەخنە و ئەم پرۆژانە دەهێنێتە مەیدانی پراکتیکەوە، داڕشتنێکی دیکەی ئەم گوتەیە ئەوەیە «کێ ڕچە دەشکێنیت؟». بزووتنەوەی گۆڕان جارێک بەئاشکرا و بێباکانە ئەمەی وەڵام دایەوە و قۆڵی لێهەڵماڵی، بەڵام بۆ ڕوانینێک کە ئەم بزووتنەوەیە بە کەم و ناتەواو بزانێت و بە بەشێک لە جەستەی گەورەی دەوڵەتی دابنێت، پرسیاری «کێ» دەیکات هەر دەمێنیتەوە. مێژوویەک، و هەروەها هۆکاری زۆر بۆ وازهێنان لەم پرسیارە هەن. بەشێکی گەورەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەری، واتە لە مێژووی ئێمەدا لە باشور کۆی ئەوانەی بوونەتە سەرکردە و ڕێبەر و بریار بووە وەڵامی پرسیاری (کێ؟) بدەنەوە، لە دواییدا خۆیان بوونەتە هۆی نائۆمیدیی خەڵک، چ وەک تاک و چ وەک هێزی سیاسی، لە بەر ئەوەش هیچ هێز یان کەسێک ئیتر لەم ناوکۆییە مێژوویی و سیاسیەدا ناوێرێت ئەم پرسیارە بکات، چونکە کلێشەی پێشتر ئامادەن و خێرا سینیزم (سەگباوەڕی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی مێژوویی و مەحکومیدەکات کە هیچ کەس یان هێزێک ناتوانێت لە بازنەی ئەم جەبرە مێژووییە تێپەڕێت و هەر هەوڵێک بۆ ڕێبەرایەتی لەدواییدا دەگاتەوە بە قاسەکانی پارە و کورسییەکانی دەسەڵات، بە هەمان خاڵی یەکەم و ئەزمونی ئامادە، بۆیە گشت دەنگە ناڕازییەکان لەدواییدا یان وتار دەنوسن یان مانێک دەگرن و دەچنەوە ماڵی، ئەمە دوو فۆرمی هەرە گەورەی نارەزایەتییە، لە هەردووکیشیاندا پرسیاری کێ بێوەڵام دەمێنێتەوە، دووپاتبوونەوە و ناکاریگەریی هەردووکیشیان تەعبیرە لەوەی توخمێک لەم نیوەدا ونە و دەبێت پشت بە ئایدیای بەرەنگاری، ڕەخنەبکرێن. سەرەتایەک لێیەوە بتوانین ئەم پرسیارە مەترسیدارە زیندووبکەینەوە ئەوەیە لەو ڕوانگە جەبرییە دەربچین و بتوانین بڵێین کە مەرج نییە

هەموو داوایەک بۆ ڕێبەرایەتی بە مانای کەڵەکردنی دووبارەی هێرارکییەتی حیزبی بێت، وەکی تر مەرج نییە بە مانای ئەوە بێت کە سەرکردەیەک فەرمان دەربکات و کەسانێک لە خواری هەرەمی دەسەڵاتەوە فەرمانبەری بن و لە بریتی ئەوەی دەیکەن مووچەیەک وەربگرن. واتە بنچینەی یەکەم، بڕوایە بەوەی کە هیچ حەتمییەتێک و جەبرێک لە مێژوودا نییە کە ئینسانی پێ مەحکومکرابێت؛ دووهەمیش ئەوەیە دیسان چەمکی ڕێبەرایەتی بە کار و دەسپێشخەری و داهێنانەوە گرێبدرێت. وا باوە کە ڕێبەرایەتی بۆ ئەوەیە چاودێری بکات و نەهێڵێت هێڵەکان دەستیان بۆ ببرێت و بەم شێوەیە ڕێگە لە داهێنان لە سیاسەتدا دەگرێت، رێبەرایەتی لە مانای کلاسیکدا دەبێتە دەزگایەکی چاودێری بۆ مەنع و سنوردانان، دوای سەرکەوتنیش بۆ چاودێریکردنی دابەشکردنی دەستکەوتە ئابورییەکان.

بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە، ئەوەیە چەمکێکی تر بهێنینەکایەوە کە بتوانێت جەستەی نەگۆڕ و باوی چەمکی باوی ڕێبەرایەتی بشکێنێت و درزێکی تێ بکات، بۆ ئەوەی بتوانرێت شتێکی زیاتر لە کلێشەکان بڵێیت، ئەویش وەک لە سەرەوەی وتارەکەدا باسکرا چەمکی خۆبەختکارییە، کە زادەی هەستە بە بەرپرسیارێتی. نیچە جارێک وتبووی «خۆڕووخاندنی داهێنەرانە». ئەو درزەی بڕیارە خۆبەختکاری بیکاتە هەناوی سوبێکتی دەسپێشخەرەوە ئەوەیە هەڵیبوەشێنیتەوە و باری بەرپرسایەتی بخاتە سەرشانی. بەڵام بەرپرسایەتیی سەرەتا بەرامبەر بە مانەوەی خۆی وەک سوبێکتی حەقیقەتێک کە هەمەگیرە و لە دەرەوەی حیزب و چینیشەوە کاردەکات و دەتوانێت هەمەگیربکرێت. ئەم سوبێکتایەتییە هەمیشە خۆی لەگەڵ ئایدیای (خێری گشتی) ڕێکدەخات نەک پاراستنی چوارچێوەی حیزب و هیرارکییەت. باسنەکردن لە چەمکی دەسپێشخەر یان هەمان ڕێبەر بەو مانایەی لێرەدا خەریکین دایدەڕێژین، تەعبیرە لە نائامادەیی جۆرێک بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کردەوە و خودی ئایدیاکانیش، بزربی پرسیار لەوەی «کێ» لە دواییدا ئەم ئایدیایانە پراکتیزەدەکات، بەو مانایە نییە کە ئایدیاکان و تیۆر گرنگ نین، بەڵکو بەسانایی داوایە بۆ ژیاندنەوەی چەمکی بەرپرسایەتیی بەرامبەر بە سوبێکتبوونی خۆت و بەرامبەر بە خێرێک کە مەرجە گشتی بێت و لێرەوە ڕوانین بۆ چەمکێکی بزری نێو سیاسەتی ئێستە کە وەک وتمان چەمکی ڕێبەرایەتییە. ڕێبەرایەتی بەم مانایە دەبێت بتوانێت کلێشە کلاسیک و باوەکان بترازێنێت، لەباتیی ئەوەی ڕێبەرایەتی خۆی لە سیاسەت و چالاکیی دووربخاتەوە، بەپێچەوانەوە خۆی دەکەوێتە دڵی سیاسەت و چالاکی و سیاسەت لە کلێشەوە دەگۆڕێت بۆ کاری بەردەوام و هەمیشەیی، بۆ خۆڕێکخستنی هەمیشەیی لەگەڵ بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خێر و چاکەی گشتی، هاوکاتی ڕەخنە و ناسینەوەی هەمیشەیی کلێشەکان و ڕێگرەکان لە سیاسەت. بەرپرسیارێتی و ڕێبەرایەتی

بەم مانایە دەبنە دوو چەمک کە پاش دابڕانیکی چەندین دەیە دەتوانن یەکبگرنەوە. دەزانین بەرپرسیارێتی لە زەمینەی سیاسیی مێژووی ئێستادا بریتییە لە دانیشتن لە سەرەوەی هەرەمی سیاسەت و هەڵنەگرتنی هیچ بەرپرسیاریەتییەک، بەڵام ئەوەی بڕیارە بژێتەوە، پێچەوانەکردنەوەی ئەم هەرەمەیە بۆ ئەوەی چەمکی بەرپرسیارێتیی لێ هەڵبهێنجرێت، واتە تۆ بەرپرسیاریت کە دەستبدەیتە کردە و دەبێت بشزانیت کە بڕیارە شت لەدەستبدەیت تاکو شت بەدەستبهێنیت.

ئەم وتانە بۆ ئەوەن کە وەک وترا، باسی هەندێ چەمکی مەترسیدار بهێنینەوە ئاراو بکرێنەوە بە بابەتی کار و بیرکردنەوە، ئەویش ڕێبەرایەتییە بە مانای هەڵگرتنی بەرپرسیاری بەرامبەر کەسانێک کە تەنانەت نایانناسیت، بەرامبەر بەسوبێکتبوونی خۆیشت. ئەمەش بە ناو جۆرێک لە خۆڕووخاندنی داهێنەرانەدا تێدەپەڕێت، خۆڕووخاندنێک کە دەتوانێت نیگەرانیی هەمیشە بکاتە دڵی چەمکی ڕێبەرایەتییەوە و چەمکەکە لەو مانایانە ڕزگاربکات بە سەریدا سەپاون.

# بەرەنگاری، رووداو و دۆخی کوردستان

سەلام مارف

لەبارەی چەمکی ڕووداوەوە، ناتوانین پوختەتر لە بۆچوونەکەی بادیۆ، بۆچوونێکی تر بدۆزینەوە. بادیۆ پێیوایە ئامانجی هەر بزاوتێکی مێژوویی دروستکردنی ڕووداوە، ئەویش ڕووداوێکی مێژوویی سەرتاپاگیر بە جۆرێک کە دابڕێنەرێکی بنەڕەتیی مێژوویی ــ کۆمەڵایەتی بێت. بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە خودی چەمکی «ڕووداو» لە زمانی کوردییدا ناتوانێت ئەمینانە واتای چەمکی بادیۆیی ڕوودامان بۆ بگوێزێتەوە. ڕووداو لە زمانی کوردییدا زیاتر دەلالەتێکی ڕۆژنامەوانیی هەیە، ئەوەندەی سەرنجمان دەخاتە سەر ماجەراکانی هەواڵێک، ئەوەندە نامانخاتە سەر واتای قوڵی خودی چەمکی ڕووداو، بۆیە باشترە بڵێین، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لە چەمکی ڕووداوەوە وەریبگرین، وەرچەرخانێکی قووڵی مێژووییە. ئەگەر ڕووداو ساتەوەختی کردەیەکی ڕۆژانە دەخاتەڕوو، ئەوا وەرچەرخان ساتەوەختی کردەیەکی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو، کە نمونە مێژووییەکانی وەک شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا، سەرکەوتنی شۆڕشی چین لە ساڵی ١٩٤٩ و بێداربوونەوەی دژە ئیمپریالیستی و ڕووداوێکی وەک ٦٨ی فەرەنسا دەتوانێت مەبەستەکە ڕوونتربکاتەوە. کەواتە بە یەک وشە، ڕۆڵی مێژوویی بزاوتەکان، ئایدیاکان و جۆری ئەوانە، لە دروستکردنی وەرچەرخانەکاندا خۆی دەخاتەڕوو، هەر کاتێکیش ئێمە باس لە بەرەنگاری وەک دروستکەری ڕووداو دەکەین، نیازمانە بچینە سەر پرسی دروستکردنی وەرچەرخانێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی. هەر ڕووداوێکیش بۆ ئەوەی ببێتە ڕووداوێکی مێژوویی دەبێت دابڕانێکی تەواو لە ستراکۆترەکەی پێش خۆی دروستبکات، بەم واتایە، ڕووداو خۆی کردەیەکی مێژووییە و جیاکەرەوەی قۆناغێکە لە قۆناغێکی تر.

بەڵام با بپرسین، ئایا دروستکردنی ڕووداوێکی لەم جۆرە لە کوردستاندا زەمینەی هەیە؟ ئایا پرسیارەکە کەمێک شمولیتر بکەینەوە و بپرسین ئایا بە واتای وردی چەمکەکە لە مێژووی کوردستاندا ڕووداو هەبووە؟

وەڵامدانەوەی پرسیارێکی لەو جۆرە ئاسان نییە، دەبێت شەن و کەوێکی مێژوویی بۆ بکەین، دەبێت ئەم شەن و کەوکردنەش لە زەمینە و کەرەستەکانی پێکهێنانی مێژووی

کوردستاندا بێت، دەبێت بچینە سەر یەک بە یەکی هەنگاوە مێژووییەکان، کارێکی لەم جۆرەش ئاسان نییە، بۆ ئەم کارەش نابێت زۆر مەیلمان بۆ بەکەرەستەکردنی مێژووی جیهان هەبێت، بەڵکو دەبێت لەخودی مێژووی خۆمانەوە دەستپێبکەین. ئەگەر ڕووداو وەرچەرخان و دابڕانێکی تەواوی مێژوویی بێت، کەواتە وەک کەیسێک دەبێت سەر بە مێژوویەکی دیاریکراو بێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە ڕەوتی مێژووی جیهانەوە بەشوێن واتا دیاریکراوەکانی ڕووداودا بگەڕێین، کارێکی بێهودە دەکەین، هەر ڕووداوێک ساتەوەختێکە بۆ پرۆسەیەکی دیاریکراوە، بەواتایەکی تر، ڕووداوەکان دەروازەکانی دابڕانی مێژوویین، لەکاتێکدا ئەوەش دەزانین کە ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە بگەینە شتێک کە زۆرجار بە «مێژووی جیهانی» ناوبراوە. وا بڕیار بوو بۆرژوازی مێژوویەکی جیهانییمان بۆ دروستبکات، کە ڕووداوەکانی ئەوسەری دونیا پەیوەستبکاتەوە بە ڕووداوەکانی ئەمسەری دونیا و سەرەنجام هەر جووڵەیەکی مێژوویی بگۆڕێت بۆ جووڵەیەکی هەمەلایەنەی گەردوونی. بەهەرحاڵ، ئەگەر شتێکیش لە سەرەتاکانی مێژووی جیهانیش دەرکەوتبێت، هێشتا ئەم سەرەتایانە بەرهەمی سەدەی بیستەمن و ناتوانن وەک فاکتێک بۆ خوێندنەوەی پێش ئەو سەدەیە بەدەستەوەبگیرێن، بۆیە مێژووی پێش سەدە یان مێژوویی ناوچەیی بووە یان لەباشترین حاڵەتدا مێژووی کیشوەرەکان و شێوە جۆراوجۆرەکان بەرهەمهێنان و تەنانەت شێوە دژەکانی بەرهەمهێنانیش بوون.

ئەگەر بمانەوێت بەدیاریکراوی، لە کوردستاندا، بەشوێن واتا و دەلالەتی بەرەنگارییدا بگەڕێین، دەبێت بەوردی بکەوینە شوێن واتاکانی بوون و نەبوونی ڕووداو. مێژووی کوردستان دابەشدەکەم بۆ دوو بەش. یەکەمیان مێژووی ڕابردوو کە لە دروستبوونی ژیانەوە دەستپێدەکات و تا بەراییەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم بەردەوامدەبێت، دووەمیان مێژووی هاوچەرخ کە لەدوای ئەو جەنگەوە دەستپێدەکات. دەلەلاتی ئەم دابەشکردنەش دەگێڕمەوە بۆ تێکەڵاوبوونە سەرەتایی و کرچ و کاڵەکانی مێژووی کوردستان بە مێژووی جیهان و بە مێژووی مۆدێرنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بڵێم ئێمە گەلێک ئاماژەی ئابوری و بازرگانییمان لەسەر تێکەڵاوبوونی مێژووی کوردستان بە مێژووی مۆدێرنە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا هەیە، بەڵام هێشتا ئەم تێکەڵاوبوونە بێداریی مۆدێرنە یان بێداریی بورژوازییان دروستنەکردووە، گەرچی ئەوانە بابەتگەلێکی شیکردنەوەی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییین لە کوردستادا، بەهەرحاڵ ئەمەیان بابەتێکی ترە و لەکات و ساتی خۆیدا ئاوڕی لێدەدەینەوە.

لە مێژووی هاوچەرخدا، بەیەکدادانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی نابینینەوە، هێشتا ستراکتۆرە نوێیەکەش لەژێر هەیمەنەی ستراکتۆرە تەقلیدییەکەی ڕابردوودا بووە، بەڵام دەکرێت چەند ئاماژەیەکی جیاکەرەوە بەم مێژووە بدەین. ڕۆژنامەگەری و دروستکردنی

گرووپە سیاسییەکان یەکێکن لە سیماکانی ئەم مێژووە، لێرەدا ئێمە جۆرێک بێداریی ناسیۆنالیستی دەبینینەوە، بەڵام هێشتا بێدارییەکە و زۆریش لەوەوە دووربووە کە بگۆڕێت بۆ ڕووداو. دەکرێت ئاماژەکانی ئەم بێدارییە لە ڕۆژنامەوانی، درووستبوونی یەکە سیاسییەکان و درووستبوونی ئەو بزاوتە سەرەتایی و ساکارە سیاسییانەوە هەستپێبکەین کە هێشتا دەستبەرداری خووە تەقلیدییەکانی خۆیان نەبووبوون. ئەم جووڵە و بزاوتانەی ئاماژەیان بۆ کرا، هێشتا پیشەی توێژگەلێکی بچووک و کەم کاریگەربووی پانتاییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بوون، توێژگەلێکی خوێنەوار و خانەدان، کە لە دەرەوەی پێگە تەقلیدییەکە هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی وەهایان نەبووە، بەڵام دەتوانین بڵێین خاڵی جیاکەرەوەی ئەوان کاریگەرییان بووە بە مۆدێرنەی ڕۆژئاوا و بەتایبەت لەژێر هەیمەنەی بێداریی ناسیۆنالیستیی گەلانی ئەوروپادا تەزوویەکیان پیادا هاتووە، کە بە زۆرییش بە لوتفی ناسیۆنالیزمی لاو و تازە سەرهەڵداوی تورکەوە پێیانگەیشتووە، بۆیە دەبینین کە زۆرترین ئاماژەکانی بێداریی خوێنەوارانی کورد لەو بەشانەی کوردستاندا بووە، کە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی تورکەکانەوە.

لێرەدا ئاسان نییە خاڵێک وەک خاڵی ڕووداو یان وەک وەرچەرخان وەربگرین. هەردوو پەردەکانی مێژووی کورد وەک دوو دیمەنی شانۆنامەیەک، زۆرجار لەلایەن چەند ئەکتەرێکی دووبارە و دیاریکراوەوە نمایشکراون. سەرۆک خێڵەکان دەبوونە سەرۆکی حیزبی سیاسی، کەسانی ناو خێڵەکان ئەو بوارەیان هەبووە وەک خوێنەوار خۆیان بخەنەڕوو. ئەم دۆخە وامان لێدەکات بەشەکانی مێژووی کوردستان وەک «قۆناغ»ی لەیەکتردابڕاو نەیانخەینەڕوو، بەڵکو زیاتر وەک دەورانی مێژوویی بیانخەینەڕوو، کە هەڵگری سیمای جیاواز جیاوازن، بەڵام وەک تەواوکەرێکی یەکترییش کاریانکردووە، ئاماژەی قۆناغبەندی بۆ ئەم مێژووە ئەوەندەی ونکەر دەبێت ئەوەندە ڕۆشنگەر نابێت.

دەورەبەندییەکی لەو جۆرە، جۆرێک سازش و ڕێککەوتن بووە لە نێوان تەقلید و مۆدێرنەدا. تەقلید بواری بۆ مۆدێرنە کردووەتەوە، بەڵام بەو مەرجەی زۆر جێلەقی نەکات و مۆدێرنەش چاوپۆشیی لە تەقلید کردووە، ئەویش بەو مەرجەی زۆر تەنگەتاوی نەکات. تێکەڵاوبوونی مێژووی کوردستان بە مۆدێرنە، بەواتایەکی تر، تێکەوڵابوونی بە مێژووی بۆرژوازی، کاڵوکرچ و سەرەتایی بووە، بۆیە مێژووی هاوچەرخیش بەهەمان شێوەی پێشوو دەروازەی ڕۆڵگێڕانی بۆ هێزە تەقلیدییەکان خستبووە سەر پشت، تەنانەت ئەم ڕۆڵگێڕانە تا ئەمڕۆیش بەردەوامە و دەتوانین سیما هەرە دیارەکانی لە سیاسەتی حیزبایەتیی باشوردا ببینینەوە، نمونەی پێکەوە پێگرتنی دوو دیاردەی مەلایی/جەلالی و هاوکۆرسبوونی نەوەی خوێندەوارەکانی شار و سەرۆک خێڵەکانی گوند بەرهەمی سازشێکی لەو جۆرەیە. کەواتە ڕوودانی ڕووداو و قسەکردن لەسەر

هێنانەدیی وەرچەرخێکی بنەڕەتی قسەیە لەسەر داهاتوو، بۆیە ئەوەندەی بەشێکە لە پێشبینی و ئومێد، ئەوەندە بەشێک نییە لە تاوتوێکردنی ڕابردوو. ئێمە ناتوانین پۆینتێک بدۆزینەوە کە لە مێژووی ئێمەدا ڕووداو بێت، وەک بڵێیت کۆی مێژووی ئێمە چەند پارچەیەکی ناچوونیەکی ناو پێکهاتەیەکی سەرەکی بووە، کە پێکهاتەکە لەتوانایدا هەیە قەرەبووی نایەکچوونەکەی بۆ بکاتەوە. حیزبە سیاسییەکان، چاپەمەنی و دروستبوونی توێژگەلێکی خوێنەوار و فراوانبوونی زانکۆکانیش وەک بەرهەمهێنانەوەی ستراکتۆری کۆمەڵگای تەقلید کاریانکردووە. قورساییەکی زۆری ئەو هەژموونە کە ئایدیای تەقلیدی و خۆپارێز کردوویەتییە سەر کۆمەڵگا، بەشێکی زۆری لەو کەناڵانەوە بووە، کە بەحساب بەرهەمی مۆدێرنەن. مۆدێرنە لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەقلید و خۆپارێزیی بەهێزترکردووە.

کاتێک قسەکردن لە ڕووداو، قسەکردن بێت لە داهاتوو ئەوا پێویستە زەمینەکانی ئێستای ئەم ڕووداوە بخەینەڕوو.

ئەگەر بمانەوێت بە دیاریکراوی باس لە زەمینەکانی ڕووداوێکی لەو جۆرە بکەین، دەبێت باس لە حاڵی ئێستا بکەین. حاڵی ئێستاش لەچەند خاڵێکی سەرەکییدا خۆیان دەخەنەڕوو، کە دەکرێت هەموویان لە یەک تەعبیری گشتییدا کۆبکەینەوە: تێکەڵاوبوون بە مێژووی جیهان لەسەر حسابی وێرانکردنی مەملەکەتێک.

مەبەستمان لەم تێکەڵاوبوونە خێراکردنی پرۆسەی تێکەڵاوبوونە لەگەڵ ئابورییەکی جیهانییدا، کە خۆی لەسەر بنەمای وێرانکردن و بەربەرییەت کاردەکات. لەئێستادا ئاسۆی بۆرژوازیی کورد ئاسۆی تێکەڵاوبوونە بە ئابوریی جیهانی، بە بانکە جیهانییەکان، بە بۆرسەکان و بازرگانیی سەرچاوە سرووشتییەکان و تێکەڵاوبوونە لەگەڵ بازرگانییەکی شمەکیی وێرانکەردا، بە جۆرێک لە جۆرەکان چوونە ناو یاریی ئەو سیاسەتە ئابورییانەی کە لەسەر بنەمایەکی دیاریکراوی نیولیبراڵیزم ڕەنگرێژکراون. ئەم پرۆسەیە بەبێ وێرانکردنی کوردستان نایەتەدی، چونکە پرۆسەیەکی لەو جۆرە لەلایەکەوە پێویستی بە کەڵەکەیەک لە سەرمایەی سەرەتایی هەیە و لەلایەکی تریشەوە زەمینەی خۆبەدەستەوەدان و ملکەچی و گونجان لەگەڵ سیستەمی هاوچەرخدا دێنێتەپێشەوە. لێرەوە پرۆسەی ملکەچی و بێئیرادەیی دەستپێدەکات. پرۆسەیەک کە هیچ جۆرە بەرگرییەک نابینێتەوە جیا لە هەڵخزان بۆ ناو قووڵایی وێرانکەری ئەزمە و قەیران، ئەزمە لەدوای ئەزمە، هیچ ئاسۆیەکی گەش نابینێتەوە.

پێویستە بڵێم، مەرج نییە ئەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، شتگەلێکی نوێ بن، زۆرێکیان لە هەندێک نوسینی ڕەخنەییدا خراونەتەڕوو. کەواتە هەستپێکردنەکەی تازە نییە. بەڵام لاوازیی ئەو نوسینە ڕەخنەییانە لەوەدایە کە ناچنە جەوهەرەوە، بەواتایەکی تر ڕەخنەیەک دەکرێت سەرباری هەر جۆرە گەرمی و توندی و ڕادیکال

دەرکەوتنیشی هێشتا وەک ڕەخنەیەکی ڕیفۆرمیستی خۆی بخاتەڕوو. ڕیفۆرمخوازی ئەم ڕەخنەیە لەوەدایە کە جیا لە چاکسازییەکی کۆی ئاراستەکە ئاسۆیەکی تر نابینێتەوە، بە واتایەکی تر هەمان ڕیتمی بەرهەمهێنانی لا گرنگە بەڵام بەو مەرجەی بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت، کەواتە ڕەخنەیەکن بۆ سەر فۆرمەکانی بەرهەمهێنان و بۆ سەر دابەشکردنی سامان. دەکرێت بەرپرسیارێتی چەمکێک بێت بۆ جیاکردنەوەی ڕوانگەیەکی رەخنەیی لەناو کۆی پێکهاتە باوەکەدا، بێ ئەوەی ڕەخنەیەکی وێرانکەر بێت، ڕەخنەیەکی لەو جۆرەش دەبێتە جۆرێک لە دەستپیاهێنانی سادەی ستراکتۆرەکە و لەڕاستییشدا هیچ سیستەمێک نییە کە لە پانتایی خۆیدا بوارێکی پەراوێزیی بۆ ڕەخنەی «درووستکەر» نەهێشتبێتەوە، ڕەخنەیەکی لەو جۆرە ڕۆڵی سیانەکردنەوە دەگێڕێت و لەسەر هەمان ڕیتمی «یاسا و یاساشکێنی، تەواوکەری یەکترن» کاردەکات و لەدواشیکردنەوەدا نابێتە مەترسی بۆ سەر کۆی ستراکتۆر، یان بۆ سەر کۆی سیستەمەکە.

ئەگەر بڕیارە لە کوردستادا بزاوتێکی بەرەنگاری بەڕێبخرێت، ئەوا پێویستەم ئەم بەرەنگارییە دەستبەرداری ڕواڵەتی دیاردەکان بێت، پێویستە ڕۆبچێتە جەوهەرەوە. ڕەخنەی بەرەنگاری ڕەخنەیەکی درووستکەر نییە، بەڵکو وێرانکەرە. ماکیاڤیللی لە میردا دەڵێت ئەو کەسەی شارێکی ئازاد داگیردەکات و وێرانی ناکات، دواجار خۆی لەسەر دەستی شارەکە وێراندەبێت. ئەم ئاماژەیە بەسە تا مێژووی کۆمۆنیزمی سەدەی بیستەمی پێ شیبکەینەوە. کۆمۆنیزم دەستی بەسەر شارەکانی سیستەمەکەدا گرت، بەڵام وێرانی نەکرد و خۆی لەلایەن شارەکەوە وێرانکرا. لە ئێستاشدا هەر وایە، ئەگەر ئامانجی ڕەخنە و بزاوتی بەرەنگاری وێرانکردنی شاری دووژمنەکە نەبێت، ئەوا بەئاسانی خۆی دەبێتە قوربانی. کۆمۆنیزمی ئێستای کوردستانیش بەهەمان دەردەوە دەتلێتەوە، هیچ توانایی و قووڵییەکی بۆ وێرانکردن نەبوو، سەرەنجام خۆی وێرانکرا و گۆڕا بۆ بزاوتێکی زۆر پەراوێزی گیزەگیزەکەری دژەکەلتور و دژە دواکەوتوویی، ئەم کۆمۆنیزمە خۆی لەلایەن لیبراڵیزمەوە وێرانکرا، خانە بە خانەی لەلایەن لیبراڵیزمەوە داگیرکرا و بێ جەوهەر کرا، هەر لەبەر ئەم هۆیە سادەیەیشە کە ناتوانێت نمونە یان نوسخەیەک بێت بۆ بەرەنگاری.

بەڵام بزاوتی بەرەنگاری تەنیا بزاوتێکی ئایدیایی نییە، لە ناکۆکیی کۆمەڵایەتییەوە دەستپێدەکات و جەوهەرێکی دیالەکتیکیی هەیە. بەرەنگاری دەتوانێت لەسەر بنەمای بۆچوونی «پێکهاتەی دژەکان» کە یەکێکە لە میتۆدە فەلسەفییەکانی مارکسیزم، خۆی بنیاتبنێتەوە. پێکهاتەی دژەکان دەلالەتە بۆ دابەشبوون و ململانێی چەمسەرە جیاوازەکان، ئەم خاڵە بۆ بەرەنگاری خاڵێکی بنەڕەتییە و ناتوانێت بۆ یەک ساتیش دەستبەرداری بێت، بەڵام پێکهاتەی ململانێ و دژەکان بەسادەیی لە چەمکی ۆرکەریزم (کرێکاریزم)

ـی خەباتی چینایەتییدا کورتناکرێتەوە. ئاراستەی ۆرکەریزم بونیادی کۆمەڵایەتیی چینەکان لە دابەشبوونێکی سادەی چینایەتییدا کورتدەکاتەوە و لە فۆرمێکی ڕادیکاڵدا خۆی نمایشدەکات، بەڵام خۆی لە جەوهەردا زۆر توێژی و ڕشتەیی و سەرەنجامیش سەندیکالیستییە و ئەوە لەبیردەکات کە ئامانجی بزاوتە سەرەکییەکان ڕوو لە کۆی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و بەرەنگاربوونەوەی کۆی سیستەمەکەیە. بە هەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین قورساییەکی زۆری کاری لینین لەکتێبی «دەبێت چی بکرێت؟»دا وەستانەوە بووە بەرامبەر بە ڕەوتی ۆرکەریزم و بزووتنەوەی سەدلەسەدی کرێکاری.

ئەو چەمکەی کە دەتوانێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئاراستەی کۆمەڵایەتیی بزاوتی بەرەنگاری هاوکاریمان بکات، چەمکی «پێگەی پرۆلیتاری»یە، ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ سلاڤۆی ژیژک، و دەلالەت لەوە دەکات کە وەستانەوە بەرامبەر بە کۆی سیستەمەکە دەتوانێت پێگەیەکی پرۆلیتاری بداتە توێژ و چینە چەوساوە و مەزڵومەکان، بێ ئەوەی پێویست بکات کۆی ئەو ڕیزە بەرەنگارە، بە واتا چەسپاوەکەی، پرۆلیتار بێت. لەڕاستییدا مارکسیش لە (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تاکەکانی چینێک ئەو کاتە وەک چین دەردەکەون، کە لە خەباتێکی هاوبەشدا بن بەرامبەر بە چین یان چینەکانی تر. لەم ئاماژەیەی مارکسەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی مەرج نییە هەمیشە ناچاربین بەهۆی پێگەی ئابورییەوە سنور و پێکهاتەی چینەکان دیاریبکەین. وەستانەوە و خەباتی هاوبەش دەتوانێت فاکتەرێکی دیاریکەری شوناسی چینەکان بێت. لای مارکس جووتیاران نەدەبوونە چین، چونکە وەک چینێک بەرامبەر بە چینەکانی تر نەدەکەوتنە خەباتێکی هاوبەشەوە، بێ ئەوەی گومانێکیش لە ئاماژە ئابورییەکان و لێکچوونە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو چینە هەبووبێت.

پێگەی پرۆلیتاری واتای سڕینەوە و نادیدەگرتنی دابەشبوونە چینایەتییەکان نادات، بەڵکو دەیەوێت دەرککردن بەو دابەشبوونە لە تێگەیشتنێکی بەرتەسکی ئابوری ڕزگاربکات و سەرنجی خۆی بخاتە سەر خەباتێکی هاوبەش دژی چینەکەی تر، کە ئێستا خۆی لە شێوەی دەوڵەتدا ڕێکخستووە و ئامانجەکانی خۆی بە ناوی دەوڵەت و بە ناوی بەرژەوەندیی گشتییەوە دەخاتەڕوو. لەلایەکەوە پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرەنگاری دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکانە و جووڵەیەکی دیالەکتیکییە، بەڵام ئێستا ئەم دابەشبوونە زیاتر لە چینە ئابورییەکان تێپەڕبووە و دابەشبوونێک لەنێوان سیستەم و دژە سیستەمدا دەنوێنێتەوە. ئەمە یەکێکە لە خاڵە جیاکەرەوەکانی بزاوتی بەرەنگاری لەگەڵ تێگەیشتنی باوی چەپدا، کە قورسایی دەخاتە سەر توێژەکان و سەرەنجام لە سنوری توێژەکان تێپەڕنابێت و دەبێتە هاوبەشی وەهمەکانی ئەوان. هەڵوێستگرتنی چەپ لەگەڵ بزووتنەوەی ناڕەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەرانیشدا دەریخست کە ڕەخنەی

کۆمۆنیستیی باو هێشتا سنورەکانی ڕەخنەی جەلالیی لە مەلایی تێنەپەڕاندووە.

دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتای نوسینەکە، بۆ باسی ڕووداو. بەرەنگاری ناتوانێت وەک بزاوتێک سەرکەوتوو بێت ئەگەر نەتوانێت بە واتای تایبەت و قووڵی وشەکە ڕووداو درووستبکات، ئەگەر نەتوانێت بگۆڕێت بۆ هێزی خوڵقێنەری وەرچەرخان ئەوا نابێتە کردەیەکی ڕاستەقینەی مێژوویی. بەڵام ئەم وەرچەرخانە تەنیا لە ناڕەزایەتی و بەشداریی جووڵەکانی شەقامەوە درووستنابن و ناتوانن بەخۆهاوبەشکردن لە وەهمە وێرانکەر و کوشندەکاندا هەنگاوێکیش بەرەوپێشەوە بچن. یەکەم شت کە دەبێت بەرەنگاری خۆی لێ قوتار بکات، وەهمی هەنگاوبەهەنگاوی خەباتە لە داخوازییەوە بۆ شۆڕش، لە ڕیفۆرمەوە بۆ ڕادیکاڵبوون و بەم جۆرە و تا کۆتایی.

ئەو وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەی لەسەر شانی بزاوتی بەرەنگارییە، دابڕانێکی تەواوەتی و ڕادیکاڵە لە مێژووی ئێمەدا. مێژووی ئێمە مێژووی خۆگونجان و خۆپارێزی و خۆبواردن بووە لە دابڕان و وەرچەرخان. لەڕاستیدا دەتوانین ئاماژە بە هەندێک هەوڵ بۆ تێپەڕاندنی ئەو ڕیتمە خۆپارێزییە لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی کوردستاندا بدەین، بەڵام ئەو هەوڵانە لەو لایەنەوە کە هەندێک جار کەوتوونەتە پێش سەردەمی خۆیان و نەبوونەتە خاوەنی بەجێهێنانێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی، لە هەندێک جاریشدا بەهۆی بێتواناییان لە خۆدەربازکردن لەژێر قورسایی هەژموونی بیر و پێگە تەقلیدییەکان، سەرلەنوێ کەوتوونەتەوە ناو ڕیتمە باوەکە و لەماوەیەکی زۆر کەمی زەمەنییشدا ئاوێتەی ئاراستە باوەکە بوونەتەوە.

لەئێستادا درووستکردنی ڕووداو بە واتای وەستانەوەیەکی ڕادیکاڵە بەرامبەر بە ڕەوتی زاڵی تا ئێستای مێژووی ئێمە، وەستانەوەیە بەرامبەر بە خۆڕێکخستنەوە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تائێستای کۆمەڵگا. بۆیە بزاوتی بەرەنگاری دەبێت بە جۆرێک خۆی مانیفێستبکاتەوە، کە شایانی ئەوە بێت وەک بەدیلی سیستەمی ئێستا بکەوێتە ڕوو، نەک تەنیا ڕەخنەگری دواکەوتوویی، ڕەخنەگری دین و ڕەخنەگری ناکارامایی سیاسەتی بۆرژوازی بێت، بەڵکو دەبێت لە هەمان سەرەتاوە هەڵگری سیماکانی سیستەمێک بێت لەناو سیستەمدا. کەواتە بەرەنگاری لە خاڵە لاوازەکانی سیستەمی ئێستاوە دەستپێناکات و ڕەخنەی خۆی لە پەراوێزەکاندا کورتناکاتەوە، بەڵکو لە بەهێزترین خاڵەکانی سیستەمەوە دەستپێدەکات، واتە لە خاڵی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانەوە، چونکە دەیەوێت کۆی سیستەمەکە بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەدەر لەم ڕێگایە ناتوانێت بە هیچ ڕێگایەکی تردا بڕوات.

# شکستی بایکۆت
# یا شکستی مۆدیلێک لە ناڕەزایەتی

**حەسەن حسێن**

«ئێوە وەکو شۆڕشگێڕ، ئاوات بۆ باوك/ سەرگەورەیەکی تر دەخوازن، دەی بە مەرامی خۆتان دەگەن»
{ژاک لاکان بۆ خۆپیشاندەرانی شۆڕشی خوێندکارانی ٦٨}

پاش نزیکەی دووساڵ لە شەپۆلێک لە ناڕەزایەتیی مووچەخۆران و مامۆستایانی ئەم دەڤەرەی پێی دەگوترێت زۆنی سەوز، دژ بە سیاسەتە نیولیبراڵییەکانی دەستەی فەرمانڕەوا لە هەرێمی کوردستان؛ سەرەنجام مامۆستایانی ناڕازی جاڕی کۆتایی بایکۆتیان دا. بێگومان شکست و کۆتاییهاتنی بایکۆت کاریگەری لەسەر باری دەروونی و مەعنەویی زۆرێک دادەنێت و دووچاری بێئومێدی و تێکشکانیان دەکات، وەک چۆن فاکتەرێکیش دەبێت بۆ زۆر کەسی دیکە بۆ بەخۆداچوونەوە و بیرکردنەوە لە گرتنەبەری شێواز و فۆرمی دیکە لە ناڕەزایەتی.

ئەم مۆدێلە لە ناڕەزایەتی هەر دەبوو شکست بخوات، چونکە داواکارییەکانی بچووک بوون، نیگاکانی کورتمەودا بوون و بکەرەکانیشی خاوەن هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شۆڕشگێڕانە نەبوون و هەروەها بنکی واقیعیشیان لەناو چینەکانی کۆمەڵگادا وەک پێگە، پۆتانشێڵی گۆڕینی سیستەمی پێنەبوو. ڕۆژگارەکە ئەو ئیحایەی دا بە مامۆستایان کە گۆڕانکارییەکان لەسەر دەستی ئەواندا دەبێت و ئەوان مێژووی نوێی ئەم هەرێمە درووستدەکەن، بەبێ ئەوەی ناکۆکییەکانی ئەو ساتەوەختە مێژووییەیان ناسیبێتەوە یا دەستنیشانکردبێت، بەبێ ئەوەی سەرچاوە و هۆکارەکانی درووستبوونی ئەو هەلومەرجە ئابوری و کۆمەڵایەتییەیان درککردبێت. ئەم ئەم مۆدێلە لە ناڕەزایەتی هەر دەبوو شکست بخوات چونکە سێڕەی لە دەسەڵاتی سیاسی نەگرتبوو چ جای کۆی سیستەمەکە. بڕووخێ دز، بڕووخێ دز تا ئاستی نوکتەیەکی سیاسیی بێکاریگەر و بێناوەڕۆک برا، ئاخر ئەم فۆرمەی ناڕەزایەتی دەیزانی چیی ناوێت بەڵام نەیدەویست بڵێت کە چیی دەوێت. کاتێک خوازیاری شتێکیت و ناتەوێت بڵێیت: بەڵام من ئەوەم دەوێت. وەک

ئەوە وایە بڵێیت خۆ من هەر ئەو شتەم دەوێت کە دەڵێم نامەوێت. ڕاستە من دەڵێم بڕووخێ، بەڵام لەڕاستیدا من نامەوێت بڕووخێت. دواجار ئەوەی دەگوزەرا نە مانگرتن و کارڕاگرتن بوو نە دەوامکردنی ئاسایی مووچەخۆران، نە ڕازیبوون بوو نە ناڕەزایەتی، نە بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمیستی بوو نە بانگەوازێک بۆ شۆڕش و ڕاپەرین، ئەمە لە ئاکسیۆنیزمێک زیاتر نەیتوانی شتێکی تر بێت.

وەکو مۆدێل شکستی بایکۆت، دەرکەوتە و نیشانەیەکی شکستی سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆتاییهاتنی سیاسەتی دووفاقییانە و هەلپەرستانەی یەکێتییە. بەوەشدا دەڵێین بایکۆت، سەربارى بانگەشەکردن یا ڕەتکردنەوەی ڕێکخەرانی ئەم جووڵانەوانە و لایەنە سیاسییەکان، کاریگەری و هەژموونی گۆڕان (و یەکێتی بە ڕادەیەکی کەمتر) ی بەسەرەوە بوو، کە ناو و ناوەڕۆک و مۆدێلی بایکۆتکردن، ڕەنگدانەوەی تێگەیشتن و ڕوئیایەکی سیاسییە کە بڕوای بە کاری شۆڕشگێڕی و جووڵەی ڕادیکاڵ نییە و دەربڕی موحافیزکارییەکی سیاسی ، ئابوری و کەلتورییە. مانا و مەفهومی ڕادیکاڵانە و شۆڕشگێڕانە لە ئەکتی مانگرتن و خۆپیشاندان داماڵراون. لێرەدا پێویست ناکات بە شوێن ئیعازی حزبییدا بگەڕێین تا هەیمەنەی حزبیی بناسینەوە، بەڵکو بە سەرنجدان لەو ئاکسیۆنیزمە سەر جادەییە، دەتوانین سایەی ڕاستڕەویی سیاسی بەسەر ناڕەزایەتییەکاندا ببینینەوە.

مانگرتن و ناڕەزایەتیی لە ناو ناوەندەکانی کار و کۆنترۆڵکردنی فەزای گشتی لە شوێنی کاردا، سەربارى ئەوەی ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەی هەبووە لە بەسەرکەوتن گەیاندنی خەبات و تێکۆشانی کرێکاران و خەباتی جەماوەریشدا، هەروەها بۆ خۆیشی هەمیشە تایبەتمەندییەکی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی و چەپ بووە و سیمایەکی جیاکەرەوەی بووە. لە ڕووداوەکانی نزیک بە دەساڵی ڕابردوودا بە تایبەت ئەوەی پێی دەگووترێت شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و خۆپیشاندانەکانی وۆڵ ستریت و ئیسپانیا و یۆنان، چەقی قورسایی لە کارگاکان و ناوەندەکانی کارەوە گوێزرایەوە بۆ فەزای گشتی و شەقامەکان و مەیدانەکان. دەشێت لە باری ئابوورییەوە هۆکارەکەی بۆ بەهێزبوونی ڕۆڵی کەرتە خزمەتگوزارییەکان بێت بە بەراورد بە ڕۆڵی کارگاکان، بەڵام لە باری کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندیی بە فراوانبوونەوەی ڕووبەری کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار، یا ئەوەی ژێژەک بە پێگەی پرۆلیتاری ناوی دەبات، هەبێت. ئەگەرچی ئەم شێوازەش لە خەبات و تێکۆشان و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی فەزای گشتی لە ئەورووپا و ئەمریکا و تەنانەت لە شۆڕشەکانی تونس و میسریشدا، داهێنراوی بزووتنەوەی چەپ و دژە سەرمایەدارییە. بەڵام لێرە ڕاستڕەویی سیاسی ئەم ئەکتە جەماوەرییەی لە ئاکسیۆنیزمێکی سەرجادەییدا کورت کردەوە، لە ماوەی نزیک بە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا چەپیش لە کوردستان خەبات و ناڕەزایەتیی ناو کارگا و ناوەندەکانی کاری لە ئاکسیۆنیزمدا کورت کردەوە، و

**وەک مۆدیل و فۆرمی تایبەت بەم ئاراستە سیاسییە دەرکەوت.**

**بەڵام وەکو ئەکتی کۆمەڵایەتی شکستی بایکۆت، واوەترە لەوەی شکستی ئەزموونێکی لۆکاڵیی گروپێکی پیشەیی بێت، بەڵکو فۆرمێکی ڕانەگەیەنراو و موحافیزکارانەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی – سیاسی بوو بۆ گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو نەک ناڕەزایەتی دەربڕین و ڕەتکردنەوەی هەلومەرجەکە، شکستی هەوڵ و پەلەقاژەی چینی مامناوەند (وردەبۆرژوا) و وردەبازرگانەکانە لە بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ژێرناوی چارەسەری قەیرانی داراییدا ئەنجامەدرێن و لە واقیعیشدا جێبەجێکردنی مەرجەکانی سندوقی نێودەوڵەتی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی تر و زەمینەسازییە بۆ فراوانکردنەوەی کەرتی تایبەت (خەسخەسەکردن) و گرتنەوەی ئەو فیچقە داراییەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە چەشنی بڵقێک درووستبوو و تا ٢٠١٤ی خایاند. لە نێو ئەم بڵقە ئابورییەدا توانا و حەزی کڕین و بە کاربردن لە لای ئەم چینە بە ئەندازەیەک چووەسەرەوە وەک بڵێی تۆڵەی نەهامەتییەکانی گەمارۆی ئابوریی ساڵانی نەوەدەکان دەکاتەوە. بۆیە تەقاندنیشی وەک ڕاگەیاندنی شەڕێکی فراوانی کەمینەی فەرمانڕەوا و ئەوەی پێی دەگوترێت حکومەتە لە دژی چینی مامناوەند، بەڵێندەران و وردە بازرگانەکان کە سەرجەم خەون و خەیاڵە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم چینەی کردووە بە تۆز[1] و هەڕەشەی هەڵخزانی یەکجارەکییان بۆ نێو بازنەی هەژاری و چینی کرێکار کردووەتە شتێکی مادی. لێرەوە ناڕەزایەتیی مووچەخۆران و مامۆستایان، بەرگریی چینی مامناوەندە بۆ پاراستنی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی[2] و هەڵنەخزان بۆ نێو چینی کرێکار.**

نائامادەبوونی خوێندکار لە بایکۆتی مامۆستایاندا

**چەند سیستەمێکی خوێندنی زۆر دەگمەنی یەک دوو وڵاتی لێدەرچێت، پەیوەندییەکانی نێو سەرجەم سیستەمەکانی خوێندنی جیهان هەتا ئێستا لەسەر هاوکێشەی هیرارکییانەی مامۆستا/خوێندکار داڕێژراون و لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی هەرەمییانەدا ڕێکخراوە.**

١- جووڵانەوەی حەڤدەی شوبات بەشێك لە خەون و هیواکانی چینی مامناوەندی هەڵگرتبوو.

٢- چینی مامناوەند لە عێراقدا لەبەر چەندین هۆکاری ئابوری، سیاسی و کەلتوری، کە لێرەدا ناتوانین بە درێژی باسیان بکەین، لە نزیکەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا لەڕووی ئابورییەوە لە هەڵبەزودابەزدا بووە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی فشۆڵ و لەرزۆکی هەبووە و هەر ئەمەش وای کردووە ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە نائارامیی کۆمەڵایەتی و شەڕ و توندوتیژییەکاندا، کودەتا سەربازییەکان و شەڕی ئەهلی دوای ڕووخانی دەوڵەتی عێراقی لە ٢٠٠٣ دا، بەڕوونی ڕۆڵ و بەشدارییکردنی نوخبەی سەربازی، ڕۆشنبیری و سیاسیی ئەم چینە و هێزە مرۆییەکەی دەردەخەن، کە بەگشتی لە پێناو مانەوەی خۆیدا لە دژی کریستاڵیزەبوونی جیاوازیی چینایەتی و ڕەگداکوتانی پایەکانی سیستەمی سەرمایەداری، جەنگاوە.

سەرمایەداری وەک سیستەمێکی چینایەتی، درێژەپێدەر و بەهێزکەری سیستەمی هیرارکیزمە. ئەم سیستەمە لە ڕێڕەوی سەرهەڵدان و گەشەکردنیدا، لە کارگەکان و دامەزراوە ئیداری و کارگێڕییەکاندا پێویستیی بە جێخستن و چەسپاندنی پەیوەندییە پلەبەندییەکان بووە و تا ئێستایش هەر وایە. سیستەمی تەندرووستی و خوێندن و ئیدارە و فەرمانگەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ پەیوەندییە پلەبەندییەکانی کایەی سەربازییدا نییە. دەوڵەت و دامەزراوەکانی، نموونەی ئەم هیرارکیزمەن. وەرگرتن و پەسەندکردنی لاشعورییانەی هیرارکیزم لەلایەن مرۆڤی ئەمڕۆوە، لەو ئەتەکێتەدا دەبینینەوە کە پۆست و پایەیەک بەسەر خاوەنپۆستەکەدا دەیسەپێنێت، لەو جلوبەرگەدا دەیبینینەوە کە کارمەند و بەڕێوەبەرەکان بە پێی جۆری کارەکانیان ناچارن بیپۆشن، لەو سنوربەندییانەدا دەیبینینەوە کە مرۆڤەکانی یەک ژینگەی کار لە نێو خۆیاندا درووستیدەکەن، وەکو سنوربەندیی نێوان پزیشک و کارمەند، مامۆستا و خوێندکار ، کارمەند و کرێکار و کارگوزار ...هتد. بەشی زۆری سیفەتەکانی وەک ماستاوچێتی، هەڵپەکردن، بەرژەوەندیخوازی، خۆپەرستی و خۆبەزلزانی زادەی هیرارکیزمن. چونکە سیستەمی پلەبەندی بۆ هەندێک لە مرۆڤەکان دەبێتە خێر و بەرەکەت و لەڕووی مادی و مەعنەوییەوە ئیمتیازاتیان پێ دەبەخشێت و بۆ هەندێکی تریش دەبێتە ئیغرائات و خەون و خولیا. لێرەوە هیرارکیزم، لە ئەندێشەی مرۆڤی ئەمڕۆدا تا ئاستی بە پیرۆزکردن سادە و ئاسایی بووەتەوە کە وێناکردنی هەڵوەشانەوە یا کەمکردنەوەی ئەم هیرارکییەتە قورس و بگرە مەحاڵ بێت و مرۆڤەکان خۆیان نائاگایانە دەبنە پارێزەری ئەو سنورانە.

لە ناڕەزایەتییەکانی سەد ڕۆژەی مامۆستایاندا، نائامادەبوونی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی خوێندکارانی زانکۆ و دواقۆناغەکانی ئامادەیی، ئەو کەلێنە بوو کە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئاراستە و ئامانجەکانی ناڕەزایەتییەکاندا دانا. ئەگەر لەباری کۆمەڵناسییەوە ئەو بەشە لە خوێندکاران کە ناومان بردن، وەک پێکهاتەیەکی گەورەی گەنج سیماکانی ئایندەی کۆمەڵگە دیارییکەن، ئەوا لە باری ڕەمزییەوە نائامادەبوونی ئەم ڕێژە زۆرەی خوێندکار (گەنج) لە ناڕەزایەتییەکانی مامۆستایاندا نیشانەی غیابی هێزی خەونبینین و غیابی ئاییندەخوازییە. بۆیە ئەگەر لەسەر ئاستی تاک هەر جۆرە نمایشێکی ئاسایی وێنەی مامۆستا یا خوێندکار بەبێ ئەویدی وێنەیەکی ناتەواو بێت، ئەوا لە ئەکتی کۆمەڵایەتیدا ناتەواویی وێنەکە نیشانەی پارادۆکسێکی قووڵی ئەم جووڵەیەیە. سەرچاوەکانی ئەم پارادۆکسەش لەو هیرارکیزمەدایە کە باسمانکرد، لەو میکانیزمەدایە کە ناڕەزایەتییەکانی پێ بەڕێوەدەچوون، بە داخستنی دەرگای خوێندنگەکان و کۆبوونەوە لە بەردەم پەروەردەکاندا ڕێگرییەکی فیعلی بۆ بەشداریی خوێندکاران دروستبوو. ئەوەی کە مامۆستایان لە ناڕەزایەتییەکانیاندا لە باری سیاسییەوە بوونە جێبەجێکەری ئەو

ڕوئیا و نەریتە سیاسییە موحافیزکارانەیەی ڕۆڵی ناوەندەکانی کار و جومگە ئابوری و ئیدارییەکانی وڵات بێبایەخدەکات و پشت بە ئاکسیۆنی سەر جادەیی دەبەستێت. دەشێت تەنها پەیوەندیی نەبێت بە پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم توێژەوە کە بەگشتی وردەبۆرژواییانە و ناشۆڕشگێڕانەیە. بەڵکو لەڕووی مەعریفییشەوە، گوێزەرەوەی ئایدیا و فەلسەفەی دەسەڵاتن بۆ نەوەکانی دواتر و ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەگێڕن لە پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی مەعریفەی سیستەمدا.

بەرەنگاری، ڕوانگە و ئاسۆکان

"گوڵ لێرەیە، وەرە لێرە سەما بکە"

سەرەڕای ئەو ڕەخنە و سەرنجانەمان لەو فۆرمە نارەزایەتییە، بەڵام ئەمە ئەزموونێکیش بوو کە دەبوو هاوڵاتییان پیایدا تێپەڕن و ناکامی و نەزۆکیی ئەم نارەزایەتییانە ببینن و بەری بکەون تا بگەن بە فۆرمێکی کاریگەر، واتە ئەزموونکردنی نیگەتیڤ بۆ گەیشتن بە شتێکی پۆزەتیڤ. بەم مانایە پراکتیکیش وەکو تیۆر لە فۆرمۆڵەبوونیدا پێویستی بە سەرنجدان، گریمانە و ئەزموونکردنە تا ساغببێتەوە. کەوایە ئەوە خەوش نییە لە پەیڕەویکردنی فۆرمێک یا شێوە پراکتیکێکدا سەرکەوتوو نەبیت، خەوش و نەنگی ئەوەیە کە جارێکی تر ئەو ئەزموونە دووبارە بکەیتەوە. بایکۆت چ وەکو ناو و ناوەڕۆک چ وەکو شێوەی جووڵانەوە شکستیخوارد. بەکارهێنانەوەی ئەم ناو و شێوازە لە تێکۆشانەکانی ئاییندەدا، داماوی و مایەپووچیی پێشوەختی خاوەنەکەی نیشاندەدات. گرتنەبەر و بەکارهێنانی فۆرمی جیاوازیش لە بایکۆت بە پلەی یەکەم فراوانکردن و قووڵکردنەوەی خەبات و نارەزایەتییە لە خواستی کۆتاییهێنان بە دواکەوتنی مووچە و چارەکە مووچەوە بۆ کۆتایهێنان بە ستەمی چینایەتی و فەرمانڕەوایەتیی کەمینەیەکی ئۆلیگارشی بەسەر ژیانی زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکەوە. لە ڕەخنەگرتن لە سیستەمی مووچە و کەمیی خزمەتگوزارییەکانەوە بۆ ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی ناوەڕۆک و ئاراستەی نیولیبراڵییانە و سەرمایەدارانەی دەسەڵات. لە ڕەخنەگرتن لە بەهەدەردانی نەوت و سامانی کوردستانەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەم سامانە و ڕێکخستنەوەی بەرهەمهێنان و داهاتەکەی لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکەوە. بە مانایەکی تر ڕێگەی سەرکەوتنی ڕەخنە و نارەزایەتی لەم دۆخە بە ڕێگەی تێپەڕاندنی سیستەمدا دەڕوات و ڕێگایەکی جیا لەمە دەچێتەوە ناو ماڵی سیستەم و سیستەمەکە بەهێزدەکات.

بەرەنگاری، ئەم فۆرمەیە لە ڕەخنە و نارەزایەتییەکی ڕادیکاڵ، کە ڕووی لە گۆڕینی دۆخی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کەلتورییە؛ فۆرمێکە کە نارەزایەتییەکانی

کرێکاران، کارمەندان، مامۆستا و مووچەخۆران لە ناوەندەکانی کاردا لەگەڵ ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی ناو شار و شوێنی ژیان لێکگرێ دەدات و سەراسەریی دەکاتەوە، شوێنی کار و ژیان دەکاتە یەک فەزای گشتی بۆ خەبات و تێکۆشان؛ ڕەخنە و ناڕەزایەتییەکە ڕووی لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و گشت پەیوەندییە هیرارکییەکانە لە هەموو ئاستەکاندا. بۆ نموونە ناڕەزایەتیی مامۆستا لە فۆرمە بەرەنگارییەکەیدا بایکۆتێکی پیشەیی بۆ پێدانی مووچە نییە، بەڵکو یاخیبوونێکی ڕادیکاڵی مامۆستا و خوێندکارە لەو سیستەمە سیاسییەی کە مامۆستای کردۆتە پۆستەچییەک بۆ پاراستن و گەیاندنی مەعریفەی دەسەڵات بە نەوەی نوێ و خوێندکاریشی کردۆتە ڕۆبۆتەوەرگرێکی ئایدیاکان و ئامێری بەرهەمهێنانەوەی ئایدیاکانی دەسەڵات. یاخیبوونە لەو سیستەمە ئابورییەی مامۆستا و سەرجەم مرۆڤەکانی تری کردووە بە کۆیلەی ئابوری و کرێگرتەی کۆمپانیاکان، تێکشکاندنی ئەو پەیوەندییە هەرەمییەیە کە مامۆستا و خوێندکاری کردۆتە دوو جەمسەری هاوکێشەیەک. ئەمەی بۆ مامۆستا گوتمان بۆ هەموو گروپ و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تریش هەر وایە.

سیستەم چەندە بازنەی دەسەڵاتەکانی فراوانتر و پایەکانی بەهێزتر بکات، بەرەنگاری دەتوانێت بە دروستکردنی مۆدیل و زۆنی دەرەسیستەم، ئاراستەیەکی پێچەوانە بۆ تێپەڕاندنی سیستەم درووستبکات.